لێکۆڵینەوە لەسەر کۆیە

# لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە سەر شاری کۆیە

ئامادەکردنی

جمال فتح الله گیب

..........................................................

بابەتەکان :-

پێشەکی

بەشی یەکەم

سەرەنجێکی گشتی یان مێژوویی لە هەلومەرجی سیاسیو ئابوری و فەرهەنگی کۆیە.

باسی یەکەم : هەڵکەوتەی جوگرافی.

باسی دووەم : ڕەگء ڕیشەی ناوی کۆیە.

باسی سێیەم : کورتەیەکی مێژوویی.

باسی چوارەم : بارودۆخی کارگێڕیء سیاسی.

باسی پێنجەم : بارودۆخی ئابوریء کۆمەڵایەتی.

باسی شەشەم : بارودۆخی زانستء خوێندەواری

باسی حەوتەم : بارودۆخی شارستانی.

بەشی دووەم

کۆیە لەنێوان ساڵانی 1918 - 1945دا.

باسی یەکەم : کۆیەو هاتنی ئینگلیز.

باسی دووەم : کۆیەء شۆڕشەکانی شێخ مەحمود.

باسی سێیەم : هەڵوێستی کۆیە لە دامەزراندنی حکومەتی عێراق لە 1921 دا.

باسی چوارەم : کۆیەء کێشەی ویلایەتی موسڵ.

باسی پێنجەم : ڕۆڵی کۆیە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردیدا.

باسی شەشەم : ڕۆڵی کۆیە لە بزووتنەوەی ڕۆشنبیری کوردیدا.

باسی حەوتەم : بارودۆخی ئابوریء کۆمەڵایەتی.

بەشی سێیەم

کۆیە لە ساڵانی نێوان 1945 - 1958 دا.

باسی یەکەم : پەیوەندیەکانی کۆیە لەگەڵ کۆماری دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد.

باسی دووەم : ڕۆڵی کۆیە لە ڕاپەڕینی (وەپبە)ی کانونی دووەمی 1948دا.

باسی سێیەم : کۆیەء ئەنجومەنی نوێنەران (پەرلەمان).

باسی چوارەم : کۆیەو ڕۆڵی ڕۆشنبیرانی کورد لە بواری سیاسیء نەتەوەیی‌دا.

باسی پێنجەم : ڕۆڵی ڕۆشنبیرانی کۆیە لە بواری زانستیء کلتووریء کۆمەڵایەتیدا.

ئەنجام

سەرچاوەکان

پاشکۆکان

...............................................................................................................................................................................................

پێشەکی

گرینگی لێکۆڵینەوەکە:

کۆیە یەک لەشارە دێرینەکانی کوردستانە، بەشارستانیەت و شوێنەواری کۆن بەناوبانگە، لەو شارە کوردستانیانەیە کەڕۆلی خۆی لە بوارەکانی فکری و سیاسی و ئابوریدا بینیوە،چەندین کەسایەتی لێهاتووی لێ لەدایک بووە کە لە کوردستاندا ناوبانگیان دەرکردووە، لەوانە حاجی قادری کۆیی، مەلا محەمەدی جەلیزادە. جگە لەوەی ئەم شارە بەهۆی پێگەی جوگرافی و تایبەتمەندیە تۆبۆگرافیەکەی هەردەم کلیلی دەروازەیەکی ستراتیژی بۆ سەر ڕێگەی کاروانە بازرگانیەکان بووەو کاریگەری لەسەر هەست و بیرو هۆشی دانیشتوانەکەی بەدرێژایی مێژوو بەجێهێشتووە،هەر لەبەر ئەم هۆکارانە بووە هەمیشە گۆرەپانی ململانێ و زۆرانبازی هێزە داگیرکەرەکانی قۆناغە مێژوویی‌یە جیاجیاکان بووە.

ئەم شارە خاوەنی کلتوورێکی شارستانی مرۆڤایەتی‌یە، مەڵبەندی چەندین ئایینی سەردەمی کۆن بووە، لەکاتی هاتنی عەرەبە موسولمَانەکاندا ئاوەدان بووە.

ئەو ماوەیەی کە ئێمە بۆ توێژینەوەکە هەڵمان بژاردووە کە لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم دەست پێ دەکات و بەڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی کۆتایی دێت، کە بۆخۆی قۆناغێکی مێژوویی گرنگ لە گشت ڕوویەکەوە پێک دەهێنێ. هەر لەم قۆناغەدا بووژانەوەیەکی چۆنایەتی فکریو سیاسیو کوردانە لە خۆدەگرێ، کۆیە ڕۆڵی مێژوویی خۆی دەبینێ لەڕێگەی بەدیارکەوتنی ژمارەیەکی بەرچاو لە شاعیرو ڕوناکبیرو سەرکردە کە مەودای کاریگەریان لە سنوری کۆیەو دەوروبەری تێپەڕی کرد. جگە لەوە لەوماوەیەدا ژمارەیەک کۆمەڵەو پارتی سیاسی لە کوردستاندا دامەزران، کە زۆربەیان هەڵگری بیری نەتەوەیی بوون و بۆ هێنانەدی

هیواکانی کورد ڕێبازێکی کوردانەیان گرتبووە بەر. لە نێو ئەم پارتانەدا ژمارەیەکی بەرچاوی سەرکردەکانی خەڵکی کۆیە بوون و ڕۆلی کارایان لەبەرەو پێش بردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەو قۆناغەدا گێڕا. خەڵکی ئەم شارەو دەوروبەری هەمیشە ڕۆلی بەرچاویان لە بەشداریکردنی کاریگەرانە لە مەسەلە چارەنوسسازەکانی کورددا بینیوە، هەروەک ژمارەیەک لە کەسایەتیەکانی بەشداری ڕاستەوخۆیان لە کۆماری دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد کردووە. جگە لەوە لەسەر ئاستی عێراق و نێوچەکەدا هەڵوێستی دیارو بەرچاویان لە ئاست ڕوداوەکان و پێشهاتەکان هەبووە.

هەوڵماندواە لە نوسینی توێژینەوەکەماندا، ڕووی ڕوداوەکان بەشێوەیەکی بابەتیانە بخەینە ڕوو، ئەگەر لایەنە پڕشنگدارەکانی مێژووی ئەم شارە زاڵ بێ بەسەر لایەنە تاریکەکانی ئەوا هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خەڵکی ئەم شارە هەمیشە لەسەنگەری بەرگری لە مافە زەوتکراوەکانیاندا بوون، دیارە ئێمەش هەروا لەخۆڕا ئەم ڕووداوانەمان تۆمارنەکردووە، بەڵکو پشتمان بەبەڵگەو سەرچاوەی ڕەسەن بەستووە کە تیایدا پەردە لەسەر زۆر لایەنی شاراوەو شێوێندراو لادەبات کە هەندێک جار بەدەست ئەنقەست و هەندێک جاری دیکە لەبەر نەزانی بووە.

لەگەڵ ئەم تایبەتمەندیەی مێژووی ئەم شارەدا، لەبەر هەندێ هۆکاری زانراو زۆربەی ڕوداوەکانی مێژووی نوێو هاوچەرخی وەک پێویست نەبۆتە جێگەی بایەخ پێدانی نوسەران و توێژەران و هەوڵی گرنگ وکارای ئەوتۆی بۆ نەدراوە، ئەوەندەی کراوە بەشێوەیەکی سادەو ساکارە لە دووتۆی باسی تر یان لە شێوازی چیرۆک ئامێز تۆمار کراون، یاخود سەرپێیانە باس کراوە، بەشێکی لایەنگرانەو بەشەکەی تری زانستیانەو ئەکادیمیانە نەنووسراوەو دوورە لە میتۆدی توێژینەوەی مێژوویی. ئێمەش لەپێناو نزیک بوونەوە لە ڕاستیەیە مێژوویەیەکان و کۆکردنەوەی زانیاریە پەرتەوازەکانی نێو دووتۆی سەرچاوە مێژوویەیە ڕەسەنەکان بەمەبەستی بەدیارخستنی مێژووی ڕاستەقینەی ئەم شارەو هەڵسەنگاندنی میکانیزمی پرۆسەی گەشەکردنی لە گشت ڕوویەکەوە، هۆکاری سەرەکیمان لە توێژینەوەی ئەم بابەتەدا ((کۆیە (1918-1958) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسیە)) بووە.

میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:

هەوڵمان داوە لە نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا پشت ببەستین بە میتۆدی لێکۆڵینەوەی زانستی مێژوویی کە لەسەر بنچینەی شیکردنەوە و هەڵێنجان سەرچاوەی گرتووە،ئەمەش بەتێڕامان و ووردبوونەوە لەسەرچاوە مێژوویەیەکان و بەڵگەنامە کۆنەکانی نێو دام و دەزگە فەرمیەکاندا.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پێشەکی و سێ بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و کورتەی لێکۆڵینەوە پێکهاتووە و هەربەشێک بەسەر چەند باسێکدا دابەش کراوە و بەمجۆرەیە:

بەشی یەکەم :

تایبەتە بەخستنەڕووی سەرەنجێکی گشتی یان مێژوویی لە هەلومەرجی سیاسیو ئابوریو فەرهەنگی کۆیە، لەکۆنەوە تا کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم، ئەم بەشەمان بەسەر حەوت باسدا دابەش کردووە بەم شێوەیە:

باسی یەکەم: تایبەتە بەهەڵکەوتەی جوگرافی شوێنی کۆیە و تایبەتمەندیە تۆبۆگرافیەکەی، سەرەتا باسی کاریگەری ئەو شوێنە ستراتیژیەمان لەسەر باری ئاووهەوا و پێکهاتەی خاکەکەی کردووە، لەکۆتایی سەرنج و بۆچوونی خۆشمان خستۆتە ڕوو.

باسی دووەم: تایبەتە بە نێوی ڕاستەقینەی کۆیە و ئەو گۆرانانەی کەبەدرێژایی مێژوو بەسەریدا هاتووە، ئینجا لە دید و بۆچوونی جیاوازی نوسەران و توێژەران باسمان لەسەر ناوی ڕەسەنی ئەم شارە کردووە، دوواتر دیدو تیڕوانینی خۆشمان خستۆتە ڕوو.

باسی سێیەم: بریتیە لە خستنەڕووی کورتەیەکی مێژوویی ئەم شارە لەدێر زەمانەوە تا کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم، سەرەتا تیشکمان خستۆتە سەر ئەو هێز و دەوڵەتانەی کە هێرش و پەلاماریان بۆسەر نێوچەکە هێناوە، ئینجا باسی ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیەمان کردووە کەلەسەر داگیرکردنی نێوچەکە دروست بووە.

باسی چوارەم: ئەم باسە تایبەتە بە بارودۆخی کارگێری و سیاسی، سەرەتا تیشکمان خستۆتە سەر خراپی باری کارگێری و سیاسی کوردستان بە گشتی لەژێر سایەی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی عوسمانی، ئینجا باسی دامەزراندنی ژمارەیەک لەدام و دەزگەی میریمان لەکۆتایی سەدەی بیستەم لەم شارەدا کردووە.

باسی پێنجەم: تایبەتە بە بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی کۆیە لەژێر سایەی دەوڵەتی عوسمانیدا، سەرەتا باسی گرنگی شاری (کۆیە) مان وەک نێوەندێکی بازرگانی گرنگ و فراوان بوونی سنووری بازرگانی کردن کردووە، دواتر تیشکمان خستۆتە سەر ئەو ڕەفتارە دزێوانەی کە فەرمانبەرانی عوسمانی لەنێوچەکە پەیڕەویان کردووە.

باسی شەشەم: ئەم باسە تایبەتە بە بارودۆخی زانست و خوێندەواری، لەپێشەوە باسی دواکەوتنی نێوچە کوردیەکان بەگشتی و کۆیە بەتایبەتی لەبواری زانست و خوێندەواری بەهۆی فەرامۆش کردنی دەوڵەتی عوسمانی بۆ ئەمە بوارە کردووە، دواتر باسی ڕۆڵی کارای بنەماڵەی جەلیزادەمان لە پرۆسەی خوێندن لەکۆیە و هەموو کوردستان کردووە.

باسی حەوتەم: تایبەتە بە خستنەڕووی کورتەیەکی بارودۆخی شارستانی لە کۆیە و شوێنەوارە دێرینەکانی ناو شارو دەوروبەری، ئینجا ئاماژەمان بەنێوی ژمارەیەک لەم شوێنەوارانە کردووە، لە کۆتایی سەرنج و بۆچوونی خۆمان خستۆتە ڕوو.

بەشی دووەم :

ئەم بەشەمان پەیوەستە بەڕۆل و هەڵوێستی کۆیە لە پەرەسەندنەکانی ساڵانی (1918-1945) لە گشت ڕوویەکەوە، ئەم بەشەمان لە حەوت باس پێکهاتووە.

باسی یەکەم : تایبەتە بەهاتنی ئینگلیز بۆ کۆیە، دەسپێکی باسەکەمان بەو کارانە دەستپێکردووە کە ئینگلیزەکان لەکۆیە ئەنجامیان دا، ئینجا باسی دەرکردنی ئینگلیزەمان لەسەر دەستی کۆمەڵەی (بەلشەڤیک)کردووە، پاشان باسی هاتنی ئۆزدەمیر و هێزی (تورک)مان بۆ نێوچەکە کردووە.

باسی دووەم: تایبەتە بە پەیوەندی نێوان کۆیە و شێخ مەحمود لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم، سەرەتا تیشکمان خستۆتە سەر دروست بوونی ئاڵۆزی لە پەیوەندیەکانی نێوان هەردولادا بە پیلانی بەریتانیا، ئینجا باسی هەڵوێستی دانیشتوانی کۆیەمان بەرامبەر حکومەت و شۆڕشەکەی شێخ مەحمودی حەفید کردووە، لە کۆتایی دیدو تێڕوانینی خۆشمان خستۆتە ڕوو.

باسی سێیەم: تایبەتە بە هەڵویستی کۆیە بەرامبەر دامەزراندنی حکومەتی عێراقی عەرەبی لەساڵی (1921)، سەرەتا باسی باشووری کوردستانمان کردووە کە ڕۆژێک لەڕۆژان بەشێک لە عێراق نەبووە. ئینجا باسی ڕای دانیشتوانی کۆیەمان بەرامبەر دامەزراندنی حکومەتی عێراق کردووە.

باسی چوارەم : تایبەتە بە کێشەی ویلایەتی موسڵ، سەرەتا باسی ململانێی نێوان تورکیا و بەریتانیا لەسەر لکاندنی ئەم ویلایەتە بە تورکیا یان بە عێراق کردووە، دواتر باسی ئەو ڕاپرسیەمان کردووە کە لەنێوچەکە ئەنجامیان داوە، پاشان باسی بڕیاری لکاندنی بەعێراقی عەرەبیەوە لەژێر فشاری بەریتانیا کردوە.

باسی پێنجەم: تایبەتە بە ڕۆلی کۆیە لەبزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردیدا، سەرەتا باسی کاریگەری هۆنراوەکانی حاجی قادر و کەسایەتی مەلای گەورەی کۆیەمان لەسەر چەکەرەکردنی هەستی نەتەوایەتی ڕۆڵەکانی ئەم شارە کردووە، ئینجا باسی ڕۆلی ئەو کۆمەڵە و پارتە سیاسیانەی کە زۆربەیان هەڵگری بیری نەتەوایەتی بوون لەسەر گۆڕەپانی کوردستان و کۆیە چالاک بوون کردووە، لە کۆتایی ڕاو بۆچونی خۆشمان خستۆتە ڕوو.

باسی شەشەم: تایبەتە بەڕۆلی کۆیە لەبزوتنەوەی ڕۆشنبیری کوردیدا، سەرەتا تیشکمان خستۆتە سەر پڕۆسەی خوێندن لە کۆیە، دوواتر باسی هەوڵی بێوچانی مامۆستایانی کۆیە لە بەکارهێنانی زمانی کوردی لەپڕۆسەی خوێندندا کردووە، دوواتر باسی ئاستی پێشکەوتنی هونەر و ئاواز و گۆرانیمان لەم شارە کردووە.

باسی حەوتەم: تایبەتە بەبارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی، سەرەتا باسی هۆکارەکانی خراپی ئابوریمان لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم کردووە، دوواتر تیشکمان خستۆتە سەر بووژانەوەی ئابوری لە چلەکاندا، لە کۆتایی سەرنج و تێڕوانینی خۆمان خستۆتە ڕوو.

بەشی سێیەم:

دوا بەشی توێژینەوەکەیە کە تایبەتە بە ڕۆل و هەڵویستی کۆیە لە ڕوداوەکانی سالانی (1945-1958)دا، ئەم بەشەمان لە پێنج باس پێکهاتووە:

باسی یەکەم: تایبەتە بەو هەلومەرجەی کەتیایدا کۆماری دیموکراتی کوردستانی لە مەهاباد لەدایک بوو، پاشان ڕۆڵی کۆیەمان لە پێشکەشکردنی کۆمەکی داراییو بەشداری ڕاستەوخۆی کەسایەتیەکانی لە کۆماردا کردووە، لەکۆتایی سەرنج و بۆچوونی خۆمان خستۆتە ڕوو.

باسی دووەم: تایبەتە بە هەڵویستی شاری کۆیە لە ڕاپەڕینی کانونی دووەمی (1948) دا، لە پێشەوە باسی ئەو بارودۆخەمان کردووە کە زەمینەی بۆ هەڵگیرساندنی ڕاپەڕین لە سەرانسەری عێراق بەگشتی و کوردستان و کۆیە بەتایبەتی خۆشکرد، ئینجا باسی ڕۆلی پارتە سیاسیەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان و کۆیە کردووە، لە کۆتایی دیدو بۆچوونی خۆشمان خستۆتە سەر.

باسی سێیەم: پەیوەستە بە ژیانی پەرلەمانی لە عێراقدا، سەرەتا باسی چۆنیەتی هەڵبژاردنی نوێنەری کۆیەمان کردووە، ئینجا باسی ئەو بابەتانەمان کردووە کە نوێنەری کۆیە لە پەنجاکان وورژاندویەتی و پێی لەسەر چارەسەرکردنی داگرتووە، دوواتر، هەروەها سەرنج و بۆچوونی خۆشمان خستۆتە ڕوو.

باسی چوارەم: تایبەتە بە کۆیە و ڕۆڵی ڕۆشنبیرانی کورد لە بواری سیاسی و نەتەوەییدا، سەرەتا باسمان لە مێژووی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد کردووە، پاشان تیشکمان خستۆتە سەر هەلومەرجی لەدایک بوونی پارتی دیموکراتی کورد، دواتر باسی پەیوەندی نێوان پارتی و شیوعی لە کۆیە و کاردانەوەی لەسەر ڕۆلی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد کردووە، لە کۆتایی دیدو بۆچوونی خۆشمان بە دیارخستووە.

باسی پێنجەم: تایبەتە بە ڕۆلی ڕۆشنبیرانی کۆیە لە بواری زانستی و کلتووری و کۆمەڵایەتیدا، سەرەتا تیشکمان خستۆتە سەر خوێندنگە ئاینیەکانی نێو کۆیە، ئینجا باسی ڕۆلی کاریگەری شارمان لەسەر لادێ کردووە، هەروەها باسی سەرهەڵدانی گۆرانی و مەقام و شانۆو مۆسیقامان لەم شارەدا کردووە، لە کۆتایی دید و تێڕوانینی خۆمان خستۆتەڕوو.

لەم توێژینەوەیەدا پشتمان بە چەندین سەرچاوەی جیاجیا بەستووە، بە زمانی کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی، لەو سەرچاوانە (گاهر ئەحمەد حەوێزی: مێژووی کۆیە بە هەردوو بەرگەکەیەوە ) هەرچەندە نوسینەکەی بەشێوەیەکی کورت و چیرۆکانە داڕشتووە بەلام دانی پێدادەنێین کە هەر کەسێک بیەوێ توێژینەوە لەسەر مێژووی شاری کۆیە بکات ناتوانێ دەست بەرداری بێ، دوای ئەو سودمان لە پەرتوکەکەی مەسعود محمد وەرگرتووە، بەتایبەتی (حاجی

قادری کۆیی، بەرگی یەکەم) کە بەگشتی باسی بارودۆخی هەمە لایەنەی کۆیەی کردووە هەرچەندە بەقوڵی لەسەر یەک بابەت ناڕوات و زوو زوو دەچێتە سەر باسی تر، بەڵام ناتوانین نکۆڵی لە دەوڵەمەندی ئەو پەرتوکە لەڕووی زانیاریەوە بکەین، هەروەها کتێبەکەی تری بەنێوی (گەشتی ژیانم)، توانیمان هەندێ زانیاری ووردی لێ وەدەست لە بهێنین، هەروەها سودێکی زۆرمان لە نوسینەکانی کەریم شارەزا وەرگرتووە بەتایبەتی کتێبی (کۆیەو شاعیرانی) کە زۆر بە قوڵی چۆتە نێو باسی مێژووی شاعیران و ڕووناکبیرانی ئەم شارە، هەروەها سودمان لە ژمارەیەک لە لێکۆڵینەوەکانی وەرگرتووە کە لە گۆڤارو ڕۆژنامەکان بڵاوی کردۆتەوە. جگە لەوانە سودمان لە نوسینەکانی (عبدالرزاق الحسنی) بە تایبەتی کتێبی (تـﭬريخ الوزارات العراقيە) کە لە دە بەش پێکهاتووە وەرگرتووە، هەرچەندە نوسەر بەشێوەیەکی بێلایەنانە ڕاستیەکانی نەنوسیوە بەتایبەتی لەو مەسەلانەی کە پەیوەندی بەدۆزی کوردەوە هەیە، بەڵام لەگەلڕ ئەمانەش زانیاری بەپێزی لەسەر ڕوداوەکانی ساڵانی (1918-1958) تێدایە.

نەدەکرا توێژینەوەکە وەک پێویست ئاوا بەم شێوەیە بێت بەبێ هاوکاری ژمارەیەک لەو کەسانەی کە هاوچەرخی ڕووداوەکان بوون کە یارمەتیەکی زۆریان داین لەڕێگەی ئەو زانیاریانەی کەلە چاوپێکەوتنەکانماندا لێمان وەرگرتوون، کە زۆر لایەنی شاراوەی بەدیار خست و بابەتەکانی توێژینەوەکەمانی دەوڵەمەند کرد بە ئاراستەیەکی درووست کە گونجاوە لەگەڵ میتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژوویی.

هەروەها سودمان لە ژمارەیەک لە تێزی زانکۆ (ماستەر، دکتۆرا) وەرگرتووە کە تائێستە بڵاونەکراونەتەوە، جگە لەوانە سودمان لەو بەڵگەنامانە وەرگرتووە کە لەئەرشیفی ناو دام و دەزگاکانی میری هەڵگیراوە کە هەندێکیان بڵاوکراونەتەوە هەندێکیکەیان بڵاونەکراونەتەوە.

گرفتەکانی بەردەم لێکۆڵینەوەکە:

لەکاتی کۆکردنەوەی زانیاری لەبەشە جیاوازەکانی ئەم توێژینەوەیەدا،دووچاری چەندین کۆسپ و بەربەست بوینەوە،وەک کەمی سەرچاوەی ڕەسەن کەباس لەمێژووی ئەم شارە بکات،ئەوەندەی هەشە زۆر بەکورتی و لێڵاوی و سەرپێیانەیە،لەگەڵ ئەوەشدا لەمیانەی خوێندنەوە و هەڵهێنجانی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان هەوڵماندداوە کە لایەنە نادیارەکانی بخەینە ڕوو،کە سەرچاوەکان وەک پێویست ڕوونیان نەکردۆتەوە.

لەکۆتایی ئەم پێشەکیەدا پێم باشە ئاماژە بەوە بکەم کە ئەم توێژینەوەی خراوەتە ڕوو، بەرهەمی کۆشش و ماندوبوونی توێژەر و سەرپەرشتیارانی تێزەکەیە. دیارە هیچ کارێکیش بەدەر نیە لە کەم وکوڕی، (مێژووی کۆیە) ش پێویستی بە چەندین لێکۆلینەوەی تر هەیە کە هیواخوازم خوێندکارانی پسپۆڕی مێژوو لە کوردستانێکی ئازاددا هەوڵەکانیان بۆ نوسینی مێژووی نەتەوەکەیان چڕکەنەوە.

بەشی یەکەم:

سەرەنجێکی گشتی یان مێژوویی

لە هەلومەرجی سیاسیو ئابوریو فەرهەنگی کۆیە

## باسی یەکەم: هەڵکەوتەی جوگـــــرافی

شاری کۆیە دەکەوێتە، باکوری ڕۆژهەلاتی عێراق، لە نێوان هەرسێ پارێزگەی هەولێرء کەرکوکء سلێمانی دایە، لە ڕووی کارگێڕی یەوە سەر بە پارێزگەی هەولێرەو، کەوتۆتە بەشی ڕۆژهەلاتیەوە.( ) ئەم شارە لەسەر چەند گردێکەوە دروست کراوە، ماوەی ( 75 ) کم لەهەولێر دورە.( ) سنوری کارگێڕی کۆیە بریتیەیە لە : قەزای شەقلاوە لە باکور، کەرکوک لە باشور، سلێمانی لە ڕۆژهەلات، هەولێر لە ڕۆژئاوا.( ) بەلام سنوری سروشتی شارەکە بریتیەیە لە" نێوچەی خۆشناو لە باکور، زێی بچوک " زێی کۆیە " لە باشور، دەشتی بیتوێن و دۆڵی خەلەکان لە ڕۆژهەلات، بەستیشلغە " شرغە " و بەرزاییەکانی دێدەوان لە ڕۆژئاوا.( ) خاکەکەی زیاتر لە گردی بەردینیء ڕملی پێک هاتووە، چیاکانی ( ).ڕووتەنء داری کەمە

کۆیە پێگەیەکی جوگرافی گرنگی لەسەر ئاستی عێراقء کوردستاندا هەیە. بەرزی ڕووی شارەکە ( 625 )م، قشڵەی کۆیە ( 647 )م، چیای باواجی ( 1260 )م، هەیبە سوڵتان (1092)م لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە، هەر بۆیە ئەم نێوچەیە دەکەوێتە چوارچێوەی ئەو هەرێمەی کە سالانە (700 )ملم بارانی لێ دەبارێت، لەبەر ئەوە بە نێوچەیەکی ( ).کشتوکاڵی ناسراوە

-: تۆپۆگرافیای شارەکە چەند تایبەتمەندیەکی هەیە کە ئەمانەن

1. زەویەکەی تا لە باشورء باکوری ڕۆژئاوا بەرەو باکوری ڕۆژهەلات بڕۆین بەرەبەرە بەرز دەبێتەوەو زەویەکانی نێوچەکە بریتیەیە لە درێژبوونەوەی بانی کەرکوک .کەزێی بچوک لەتی کردووە

2. ئەو زنجیرە چیایانەی کە لە دەرەوەی شارەکەن، تەوەرێکی نوشتاوی بنەڕەتین کە بەدوای کەوانەی " تۆرسءزاگرۆس" ەوەن، واتە درێژبوونەوەی زنجیرە چیاکانی لە باکوری ( ).ڕۆژئاوای شارەکە دەست پێ دەکات بەرەو باشوری ڕۆژهەلات کۆتایی دێت

لە ڕووی شوێنی ئەسترۆنۆمیەوە " هێلەکانی پانی و درێژی " ئەوا کۆیە دەکەوێتە نێوان هەردوو هێلی درێژی ( 56/ 44 )ء(15/ 44 ) ڕۆژهەلات و هەردوو هێلی پانی (35/28 ) و(45/ 35 ) باکور.( ) ئەم هەڵکەوتە جوگرافیەی شارەکەو پێکهاتەی تۆپۆگرافیای نێوچەکە وای کردووە کە ئاووهەوای کۆیە ناوەندی بێت، ئاووهەواکەی خۆش بێت، ڕێژەی بارانی سالانەی زۆر بێتء هەندێک جار بەفر لە نێو شارەکە ببارێء زوو زءء بای باکوری ڕۆژهەلات کە توندو بەهێزە بەسەر شارەکەدا هەڵبکات، کە پێی دەڵێن " ڕەشەبا ".( ) دیاردەی رەشەبا لەکۆیە باوە، پێکهاتەکەی لەسلێمانی دەچێت، بەلام گردەکانی کۆیە بەرزترنء بای ڕۆژهەلاتی بەهێزترو گەرمترە.( ) دابارینی باران لە هەموو قەزاکە بە سیستەمی کەشءهەوای دەریای ناوەڕاستەوە پەیوەستە، کە هاوینی وشکەو زستانی ساردە، زیاتر شاری کۆیە وای بـاران لە لەنیوەی ساڵەی زستاندا دەبارێت.( ) هەڵکەوتەی جوگرافی کردووە کە سروشتی جوانء لەڕووی گەشتء گوزارەوە بەناوبانگ بێت و لەباخچەی میوەی هەمە جۆرەوە دەوڵەمەند بێت.( ) توێژەر پێی وایە کە فاکتەری هەڵکەوتەی جوگرافی کۆیە هێزێکی ناوەکیء خودی داوەتە ئەم شارە، کە خۆڕاگر بێء بەشداری نەهامەتەکانی میللەتەکەی بکات، هەربۆیە داگیر کەران کاولیان کردووەء سامانیان بەتالان بردووەء، بەلام ئەم شارە کۆڵی نەداوە، سەری بۆ هیچ داگیرکەرێک دانەنواندووە، لەوێدا بەپێچەوانەوە کۆیە تایبەتمەندی شارستانیەتء کلتوورء سیمای پاکی نەتەوایەتی خۆی پاراستووە، بۆتە ناوەند، هەر لە هەولێر تا کرمنشاە تاکە شارێک کە بنکەی بازرگانی هەبووبێ کۆیە بووە. کاروانی بازرگانی بەرەو سابلاغ (مەهاباد) ءتەورێزء حەلەبء بەغداء موسڵ هەنگاوی ناوە، هەر ئەمەش بۆ خۆی نهێنی بە دیار کەوتنی هۆشیاری خەڵکیەیە لە ترن، ئەم تێڕوانینەش کۆیە، چونکە خەڵکی بازرگان لە کشتکارء وەرزێرو شوان هۆشیار لەگەڵ تیۆری مەتریالیزمی مێژوویی دەگونجێ، کە گەشەکردنی هۆشی مرۆڤ بە دەرەنجامی .هۆیەکانی بەرهەم هێنان دادەنێ

## باسی دووەم: ڕەگء ریـــشەی نـــاوی کـــۆیە

سەبارەت بە کۆیەء ڕەگء ڕیشەی ناوەکەی بیروڕای جیاواز هەیە، لەوانەیە ئەم ناوە بۆ
یەکەمجار لە نوسینەکانی سەردەمی پاشای ئاشوری " ئەدد _ نیراری دووەم 911- 891
"پ .ز هاتبێ، کە تیایدا هاتووە " کاتێ هاوپەیمانی لە نێوان وولاتی ئاشورو وولاتی
بابل بەسترا بەمەبەستی دابین کردنی ئاسایشی سنوری ئاشوریەکانء خۆ ئامادەکردن بۆ
دەست بە سەراگرتنی نێوچەی باکور (وولاتی نائیری) لەو ماوەیە دا خاکی (کروری)(*)
( )."کەوتە ژێر دەسەلاتیء سەرانەی لێ وەرگرت

گاهر احمد حوێزی لە و باوەڕەدایە کە کۆیە بەر لە پەیدابوونی ئاینی ئیسلام ناوی "
کۆپار " بووە کە ووشەیەکی زەردەشتیەیە. لە کاتی هاتنی لە شکری عەرەبە موسوڵمانەکان
بۆ نێوچەکە ناوی "کوهسار(**)" بووە. وەختێک کۆیە ناوی " کۆی سان " بووە، لەهەمان
کاتدا باس لە گردێک لە ڕۆژئاوای کۆیە دەکات کە قشڵەی لەسەر دروست کراوە، بەناوی "
( ).کەکۆن"، هەندێک دەڵێن ئەمە لەبنەڕەتدا "کۆی کۆن"ە

بیروڕای تر هەیە کە باس لە هاتنی عوسمانیەکان دەکات، کە ئالای (سنجق)ی پێغەمبەریان
هێناوەتە کۆیەء لە کۆنە قەلاتیان داناوە ئەو شوێنەش بە قەلای قۆچ پاشا " کاولە سەرا
"بەناوبانگە.( ) هەرچی " کەریم شارەزا " یە پێی وایە کە ناوی ڕاستی شارەکە " کۆ"
یە، بەواتەی کۆکردنەوەی کۆمەلێک دانیشتوان لە شارێکدا، یان سوک کردنی " کێو "ی
کوردیە، یان " کوە (***) "ی فارسیەیە کە دەکەوێتە ڕۆخی چیای هەیبە سولتانء باواجی(
). بەلام مەسعود محەمەد لەء باوەڕەدایە کە لە دوورەوە تەماشاکەر لەسەر یەکێک لە
لوتکەکانی چیای هەیبە سولتان، لە بەشەکانی شارەکە بڕوانی بە شێوەیەکی کۆکراوەیی
دێتە بەرچاوی، واتە لەسەر شێوەی " پریا " کە بەمانای " کۆ " دێت لە زمانی
کوردیدا.( ) هەروەها مەسعود محەمەد بە دوری نازانی کە ناونانی " کویسنجق " بۆ
بۆ سەردەمی ئیلخانی " 1253 - 1339 " بگەڕێتەوە، یان لەویش کۆنتر
هێرشەکانی هۆلاکۆ یان تەیموری لەنگ، چونکە ئەوکات دەستەواژەی تورکی
بەکاردەهێنرا، بەڵگەش لەسەر ئەم بۆچوونە دەهێنێتەوەو دەڵێ: ووشەی " سنجق(*) "
کۆنترە لە سەردەمەکانی عوسمانی ئەویش بەبوونی بەڵگەی ڕوون لە پەرتوکی" الازکار
للامام النواوی " دا هاتووە کە مێژووەکەی بۆ ساڵی 1374 ز دەگەڕێتەوە لە ژێر ناوی "
( ).(خچر بن عمر الکویسنجقلی موگناً)

بەلام مەجید ئاسنگەر پێی وایە ناوی کۆیە لەوە هاتووە کە سەردەمانێک لە دەورو بەری
شوێنی ئێستەی شارەکە چەند حوکمڕانێکی نیمچە سەربەخۆ هەبوو، ئەوانە لە ترسی هێرشی
دوژمن بڕیاریان داوە یەکدی بگرنء شوێنی ئێستەی (کۆیە) یان بەلاوە پەسند بووە، بۆ
داکۆکی لەخۆکردن، چونکە سێ لای بەکێو دەورە دراوە، سەرچاوەی ئاوی هەبووە، ئیتر لەم
شوێنەدا " کۆ " بوونەوە و ئەم ناوەشی بەسەر دا بڕاوە.( ) سەبارەت بە لێکدانەوەی
کەریم زەند، ئەوا ئەو پێی وایە کە شاری کۆیە: کۆ، کۆسا، کۆسان، شاری سان لە ووشەی
گردو کۆو کۆسارەوە هاتووە کە بە شارە کۆنء ناودارەکانی کوردستان دادەنرێت.( )
هەرچی " غالب تاڵەبانی "ە لەو باوەڕەدایە کە ناوی کویسنجق بریتیەیە لە " کۆی، سان،
جا " واتە: چیای بنکەی سولتان و "سان " کورت کراوەی ووشەی " سوڵتان "ە بەڵگەش
دەڵێن " جافرسان " هەیە وەک ئەوەی لە دیالەکتیکی هەورامی دا هاتووە، تا ئێستەکە
لەجیاتی " جەعفەر سوڵتان " . ووشەی (جا) یان جێگە بە واتای شوێن یان بارەگە دێت،
لە بەرئەوە بەدووری دەزانێ ئەسڵی کویسنجق لە " کوی - سنجق " ەوە هاتبێ. بەلام شاکر
فەتاح لەم بارەیەوە دەڵێ: (خەڵکی شاری کویسنجقء دراوسێکانی بەشارەکە دەڵێن "
کۆیێ"، حاجی قادری کۆیی لەیەکێک لەهۆنراوەکانیدا دەڵێ شارەکەی کۆ). بەلام ڕای تر
لەسەر کۆیە هەیە کە سەردەمانێک بنکەی کۆکردنەوەی بەروبوومی کشتوکاڵی بووەو، کۆگەی
میری لێ بووە. شوێنی ئەم کۆگەیانەیان ناو بردووە بە " کۆ ".( ) مەولود ژاکاو
پێیوایە کە هەڵکەوتەی ستراتیجی شاری کۆیە ء ئاوی زۆری بۆتە هۆکارێک کە خەڵک تیایدا
نیشتەجێ بنء دواتر خەڵکانی تر کۆمەڵ کۆمەڵ هاتوون و تیایدا نیشتەجێ بوون،
کۆبوونەوەی ئەم خەڵکانە لە دەرەوەی ئەم شوێنە قایم و پڕ ئاوە ناوی "کۆیە" ی دروست
( ).کردووە

بەلام عەبدولخالق محەمەد عەلی لەو باوەڕەدایە ووشەی کۆیە لە " کۆ " هاتووە کە
بەواتای شاخ و تەپۆلکە دێت، ئەگەر سەرنجی ڕووی شارەکە بدەین دەبینین هەر هەمووی
گردو تەپۆلکەیەو شوێنێکی ڕاستی نیەیە، زۆریش لەشاخەوە نزیکە ء کەوتۆتە دامێنی چیای
باواجی و هەیبە سولتان.( ) جگە لەوانە سەعدوللا شێخانی پێی وایە کە ناوی کۆیە لە

"کۆهش" هاتووە، دوواتر ووشەی "سنجاق" ی پێوە لکێنراوەء بووە بە "کۆیسنجاق"، پیتی "ە"ە کەیان لەبەر سوکی فڕێداوەو کردوویانە بە "ی". "سنجق" هێمایەکی ئاینی کوردە ئێزیدیەکانە لەکاتی گێڕانی ئاهەنگء ڕێ ڕەسمە ئاینیەکان دەری دەخەن، پێ دەچێ کۆیە (500) ساڵ بەر لەئێستە لە ژێر دەستی ئێزیدییەکان بووبێ، ئەم " سنجق "ە یان لەم شارە دانابێت، بەم جۆرە ناوی شارەکە بووە بە " کوە_سنجاق " واتە کویسنجاق، کویسنجق.( )

بۆچوونی تر هەیە لەم بارەیەوە وەک " حەمەد ئەمین مەعروف " کە پێی وایە لە کۆیە کۆمەڵە ئەستێرەیەکیان پەرستووە کە کۆستار یان ستێر یان بوون، ئێرە کۆسار زەمین بوو واتە " ئەستێرە پەرست بوون "، وەک نێوچەی بیتوێنء بێتواتە کە خاوەر زەمین بوو دیارە خۆریان پەرستووە. هەروەها " بەکر دلێر لەو باوەڕەدایە کە سەرەتا شار لە جێگەی قەیسەریانی ئێستە، یان ئەسکی کۆیە بووەء وێران کراوەو خەڵکەکە لەکۆیەی ئێستە جارێکی تر کۆبوونەتەوە، بۆیە ناویان ناوە "کۆ" یان "کۆیە".( ) جەلال جۆباری شاعیر پێی وایە کە لەم نێوچەیە شەڕو شۆڕی گەورە ڕووی داوەو خەڵکەکە پەڕاگەندە بوون، دواتر لێرە کۆبوونەتەوەء پێیان ووتوە "کۆ".( ) وێڕای ئەم بۆچوونانە نەجیبە کچی مەلای گەورە لە شێخ " نورەدین ئەفەندی " مامی بیستووە کە شاری کۆیە لەسەردەمی سەلجوقیەکان زۆر باو بووە، سەرۆک لە کۆیە بووە، خاوەن تەپڵ و سەربازو ئاڵا بووە، ئاڵاو بلوکی هەموو سەربازێکی کوردستان لە کۆیە دەرچووە، دوواتر چۆتە شارەکانی تر، بۆیە پێی دەڵێن "کوی سنجق"، چونکە لەهەر شوێنێک چوار بلوکی سەربازی لێ بوایە پێیان ووتووە "سنجق".( ) لێرەدا دەبینین کە زۆربەی هەرە زۆری بیروڕاکان لە یەکدیەوە نزیکن جیاوازیەکی ئەوتۆ لەڕەگ و ڕەچەڵەکی ناونانی ئەم شارەدا نیەیە، لەبەرئەوە پاش ئەو هەموو بیرءڕایانە ئێمە گەیشتوویندەتە ئەو بیروڕایەی کەناوی کۆیە لەوە هاتووە کە لە سێلاوە بە چیاو کێو دەورە دراوەء کاتێک خەڵک تێیدا نیشتەجێ بوون ناونراوە بە " کۆسار " واتە شوێنی بەرز ء بەردەلان، ئەوجا بە تێپەڕبوونی کات ئەم ناوە کورت کراوەتەوە و بۆتە " کۆ " یان " کۆیە". هەروەک حاجی قادر لە هۆنراوەیەکدا دەڵێ :

لە مابەینی بەهارا شارەکەی کۆ

قوبەی کشمیری دار بەشەق وەکو گۆ

یاخود مرۆڤ لە دەرەوەو لەسەر چیایەکی بڵندی وەک هەیبە سوڵتان شتێکی بەرچاو کەوتووە ء بووە بە دیاردەیەکی ئاشکراء سەرنج ڕاکێشەر کاتێ بەشەکانی شاری کۆیەی بە شێوەیەکی کۆکراوەیی هاتۆتە بەرچاوی، بۆیە ناویان ناوە " کۆ " . نموونە لەسەر ئەم دیاردەیە شاری " چوارتا " یە کە لە دوورەوە سەیری دەکەی بە ئاسانی هەست دەکەی کە بریتیەیە لە " چوار تاوێر " دواتر کورت کراوەتەوە بۆ (چوار تا ).

## باسی سێیەم: کورتەیەکی مێژوویی

کۆیە شارێکی دێرینی کوردانە، بەر لەوەی شاری سلێمانی دروست بکرێ، لە هەموو ئەو ڕووبەرە فراوانەی باشوری کورستان کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی هەولێرء کەرکوک و ڕۆژئاوای مەهابادء سنە تاکە یەک ئاوایی کۆن هەبووبێ لە شار بچێ کۆیە بووە.( )

نێوچەی کۆیە لە چاخە کۆنەکاندا بنکەی فەرمانرەواو ژیاری نەتەوەیەکی ئاری بووە بەناوی "گوتی"، کەلە دەوروبەری زێی کۆیە دەژیانء کوردەکانی ئەمڕۆ بەشێکن لەوان.( )

یەکێک لە سەرچاوە مێژوویی‌یەکان کە باس لە دیرۆکی ئەم شارە بکات، " محەمەد ئەمین زەکی " ە کە دەڵێ: دەوری ڕووباری کۆیە مەڵبەندی سەرەکی گووتی‌یەکان بووە، کە لە ناوەڕاستی سەدەی ( 26 ) پ.ز توانیان دەست بەسەر نێوچەکانی ئەکەدو سۆمەر دابگرن …. بەڵام لەسەدەی ( 25 _24 ) پ.ز گووتی‌یەکان ناچار دەکرێن کە بگەڕێنەوە وولاتی ڕەسەنی خۆیان، کە نێوچەی زێی کۆیەء ئەرابخا ( کەرکوک ) بوو". ( )

گووتی‌یەکانء ئەو گەلانەی کە لە نێوچەیەدا نیشتەجێ بوون، پاشماوەو شوێنەواری ئەوتۆیان بەجێ هێشتووە کە ئاماژە بەدروست بوونی شارستانیەتێکی پێشکەوتوو دەکات، هەربۆیە هەریەک لە "گە باقر"و "فۆاد سفر" لەم بارەیەوە دەڵێن: "جێگەیەکی شوێنەواری کۆن یە لەسەر زێی بچوک ء لە باکوری ڕۆژهەلاتی (تەق تەق)ـە (*) هەیە بەناوی (ساتوقلعە) لەنێوچەی کویسنجق، چەند گۆزەیەکی مۆرکراو دۆزراوەتەوە کە نوسینی مسماری لەسەر تۆمارکراوە "، تیایدا ناوی شوێنێکی کۆن دەهێنێ لە شێوەی ( ئاری )ە لەگەڵ ناوی پاشایەک کە کۆشکێکی تیادا دروست کردبوو، لەگەڵ ناوی هەرێمێکی ئەم شانشینە. گە باقر( ) هەروەها شوێنەواری مێژووی دێرینی ئەم شارە دۆزراوەتەوە لە گوندی ( خرابە )ء ( قەیسەری) ء ( قادرمان ) و (قەڵای شیلە ) کە هەموویان بەڵگەن لەسەر کۆنیء بوونی (*) شارستانیەت لەنێوچەی کۆیەدا. ( )

پتر لە دوو هەزار ساڵێک بەر لە زایین، ئاشوریەکان دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ئەم نێوچەیەدا سەپاندووە. ( ) دوواتر نێوچەکە کەوتۆتە ژێر دەستی کاشیەکان " 1595_ 1162 "پ.ز دوای ئەوانیش کەوتۆتە ژێر فەرمانڕەوایی میتانی‌یەکان کە دەسەڵاتیان لە دەریاچەی " وان لە باکورو دەریای ناوەڕاست لە ڕۆژئاواو تا کەرکوک ء دەشتی هەولێر بوو لە باشور ". ( )

بەڵام میدیەکان توانیان ساڵی 612 پ .ز ئاشوریەکان لەنێوچەکە دەربکەنء دەست بەسەر پایتەختەکەیاندا بگرن کە (نەینەوا) بوو. بەمە ڕۆژهەلاتء باشوری کوردستانء بەشی هەرە زۆری باکوری کوردستان کەوتە ژێر ڕکێفیان، کۆیەو دەوروبەری بوون بە بەشێک لە ئیمپراتۆریەتی میدیا. ئەو شوێنەوارانەی کە لەم دوایی‌یەدا لەکۆیە دۆزراونەوە بوونی تەنورو ئاگردانی پەرستگەکان " ئاتشگە "دەسەلمێنن کە زیاتر لە گردەکانء لەو گۆڕستانانەی دەورەی شارەکەی داوە بووە. ( ) هەر بۆ نموونە "ئەسکی کۆیە (**) " گوندێکی نێوچەی (کۆیە)یە کە پاشماوەی ماددەکانەو ڕابردودا خاوەنی ژیاریەکی باڵا بووە، قەیسەریو دوکانء بازاڕء هاتوچۆی ڕۆژهەلاتی بەسەرەوە بووە، تا ئێستەش شوێنەواری قەڵاء قوللەکانی ماون. ئەم مادانە زۆرجار لە ترسی هێرشی بیانی ڕوویان کردۆتە قەڵاتەکانی ( ئاوەگرد (***) بەمەبەستی خۆپاراستن. ( )

فارسە ئەخمینیەکان توانیان دەسەڵاتی میدیا لە ساڵی 550 پ . زدا لە نێو ببەن، ئینجائەسکەندەری مەکدۆنی لە ساڵی 331پ.ز دەستی بەسەر نێوچەکەداگرت، پاشان سلوقیەکان، دوواتر"فرپیەکان" ( ). دواتر بنەماڵەی ساسانی جڵەوی فەرمانڕەوایی کوردستان(اقلیم الجبال)ی کەوتە دەست. دواجار هێزی موسڵمانەکان لەساڵی 643ز دەستیان بەسەر نێوچەکەدا گرت. ( )

کاتێک ئاینی ئیسلام لە نیمچە دوورگەی عەرەب سەری هەڵدا، بەرەبەرە هەنگاوی بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامەکەی نا، تا لەسەردەمی خەلیفە عومەری کوری خەتاب دا پرۆسەی دا بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام لە عێراقء کوردستان دەستی پێکرد، کە لە ژێر فەرماندەیی " عەبدوڵڵای کوڕی جەندەل " بوو، سەرەتا لە نزیک "هەرمۆتە (*)" خێوەتیان هەڵدا کە دانیشتوانەکەی دیان بوونء ئامادە نەبوون ببنە موسوڵمان، هەروەها پێدانی سەرانەشیان ڕەتکردبۆوە، هەر بۆیە شەڕوپێکدادان دەستی پێکردوو ژمارەیەکی زۆر لە هەردوولا کوژران، ( سەد ئەسحابە کوژرانء سەرکردەی هێزی هەرمۆتە کە " میگا کوڕی یەنعا " بوو لەگەڵ ژمارەیەک چەکداری تر کوژران. ( ) کاتێک ئەم هەواڵە گەیشتە خالیدی کوڕی وەلید دەست بەجێ فەرمانیدا بە ناردنی سوپایەکی گەورە، ئەمجارە شەڕێکی دەستەویەخە ڕوویدا کە تیایدا هێزی هەرمۆتە بەرگریەکی بێوێنەیان کرد، بەڵام سەرەنجام سەرکەوتن یاوەری موسوڵمانەکان بوو. ( ) بەم شێوەیە نێوچەکەیان گرتء وێرانیان کرد، دواتر بەرەو شاری کۆهسار " کۆیە" کەوتنە ڕێء بەزەبری شیر داگیریان کرد ( )پاشان ئەمەویەکان فەرمانڕەوایی ئەم نێوچەیان کردووە، پاشان عەباسیەکان فەرمانڕەوای ئەم نێوچەیان کردووە کە " ئەبو العباس سەفاح "یەکەم خەلیفە بوو، "ئەبو جەعفەری مەنسور" ی برای

بە والی کوردستان دانا. دواتر کۆیە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی "ئولوپ ئەرسەلان" ی
سەلجوقیء ئەم شارە لەسەردەمی سەلجوقیەکاندا پێی ووتراوە "کویسنجق" واتە : بنکەی
سەربازگەی لیوایەک کە بۆ دابینکردنی ئاسایشی نێوچەکە تەرخان کرابوو. لەسەردەمی
دەوڵەتی ئەیوبی، کە سنوری دەسەڵاتی زۆر فراوان بوو، نێوچەی هەولێرء دەوروبەری،
لەوانە کۆیە لە ساڵی 1190ز دا درا بە "مقفرالدین کوگبری". دواتر ئیلخانیەکان ئینجا
جەلائریەکان فەرمانڕەوایی نێوچەکانیان کردووە. پاش ئەوە نێوچەکە کەوتە ژێر دەسەڵاتی
میرنشینە کوردەکان،( ) لەوانە میرنشینی ئەردەلان "1284 _ 1867 "، وەک محەمەد ئەمین
زەکی دەڵێ: "ووڵاتانی کۆیە ء حەریرء ڕەواندوز ء ئاکرێ قەڵاو بنکەی فەرمانڕەوایی
خۆماڵی بوون ." ( )

لەسەردەمی عوسمانیەکاندا کۆیە بوو بە " سنجق(*) "، واتە لیوا. دوای بەدیارکەوتنی
هەردوو مێرنشینی بابانء سۆران کۆیە بنکەیەکی کارگێڕی و بازرگانی گرنگ بووە، کە
پاشاکانی هەردوولا شەڕیان لەسەر کردوە. زۆرجار کۆیە سەربەخۆیی کارگێڕی خۆی هەبووە تا
ساڵی 1730( ). بەڵام هەندێ جار ئەم شارە دەکەوتە ژێر فەرمانڕەوایی پاشایەتی ویلایەتی
بەغداد، ئەمەش بەپێی هەلءمەرجی سیاسی نێوچەییء هەرێمی بوو، وەک "ریچ "
لەپەرتوکەکەی " رحلە الی العراق " دەڵێت " کۆیە کاتی خۆی لیوایەکی سۆران بوو، بەڵام
دواتر بووە بە لیوایەکی بابان ." ( )

هەندێ جار شاری کۆیە بۆتە بنکەیەک بۆ میرنشینی سەربەخۆ، فەرمانڕەوایی خۆماڵی تێدا
دروست بووە بەناوی " ئیمارەتی کۆیە ". کە توانیویەتی پارێزگاری لە سەربەخۆیی خۆی
بکات تا ساڵی 1730، ئەو کاتەی خالید پاشای بابان دەستی بەسەرداگرتء کردیە بەشێک لە
میرنشینی بابان، لەگەڵ ئەوەشدا کۆیە توانی سەربەخۆیی خۆی لە بەڕێوەبردنی کاروباری
نێوخۆیدا بپارێزێت.( )

نیپور " ی گەشتیار کە ساڵی 1766 سەردانی عێراقی کردووە لەسەر کۆیە دەڵێ " "
بنکەیەکی پاشای کوردیە کە سەر بە پاشای بەغدایە .. .. هەولێرء ئاڵتون کۆپری
تاچەند ساڵێک لەمەوبەر سەر بەم پاشایە بوون ." ( )

هەڵبەت هەندێک جار ململانێ لە نێو خودی بنەماڵەکانی فەرمانڕەوا لەسەر دەسەڵات لە
کۆیە پەیدا دەبوو، هەروەک لەنێوان بنەماڵەی بابانەکان دا ڕوویدا. هەرسێ کوڕی خالید
پاشا کە " محەمەد، ئەحمەد، مەحمود " بوون، هەریەکەیان لەسەر کۆیەو قەڵاچوالان لە
ساڵی 1744 شەڕیان لەگەڵ ئەوی تر دەکرد، دواتر محەمەد پاشای بابان توانی ئەحمەدی
برای بگرێ کە فەرمانڕەوای کۆیە بوو. جگە لەوە لەنێوان میرنشینە کوردیەکاندا،
بەتایبەتیمیرنشینی سۆرانء باباندا شەڕو ناکۆکی بەمەبەستی دەست بەسەرداگرتنی ئەم
نێوچەیە ڕەءیداوە.( ) زۆر جار کۆیە بۆتە پەناگەء قەڵای بەرگری سەرکردەی میرنشینەکانی
کورد، بەتایبەتی میرنشینی بابان.( )

میرەکانی سۆران هەمیشە خولیای دەست بەسەراگرتنی " کۆیەء حەریر " بوون، هەربۆیە
ناویان لە خۆیان نابوو فەرمانڕەوای " ڕەواندوزء کۆیە ء حەریر "، بە هەمان شێوە
پاشای بابانیەکانیش هەمان ئاواتیان لەسەپاندنی دەسەڵاتیان بەسەر شارەزورء سلێمانی ء
شاربازێڕو کۆیە و حەریردا هەبوو.( )

میر محەمەد پاشای ڕەواندز لەسەر لولەی ئەو تۆپانەی کەوەستا ڕەجەب دروستی کردبوون
ئەم بڕگەی لەسەر تۆمار کردبوو " ڕمیر منێور محمد بیک متێرف رواندوز ء کوی ء حریر".
کاتێک میر محەمەد کۆیەی گرت، " عوسمان " بەگی ئامۆزای لەوێ وەک فەرمانڕەوای
سەربازی نێوچەکە دامەزراند، پلەو پایەء دیاری بەزانایانء پیاوماقولانی شارەکە دا. (
) حاجی بەکر ئاغای حەوێزی کە دەسەڵاتداری بەهێزی کۆیەء دەوروبەری بوو لەو سەردەمەدا
بەهاوپەیمانی خۆیء حاکمی کارگێڕی شارەکەو دەوروبەری دانا. کاتێک میر محەمەدی
ڕەواندوزی لەشکری بۆ داگیر کردنی بادینانء لێدانی ئێزیدیەکان نارد، داوای لە حاجی
بەکر ئاغای کۆیە کرد کە سوپایەک ئامادە بکات بۆ هاوکاری کردنی.( ) بەگەیشتنی هێزی
بەکر ئاغای کۆیی، میری ئێزیدیەکان کە "عەلی بەگی داسنی " بوو، بەرامبەر پاراستنی
گیانی خۆی ومناڵەکانیو دەست و پێوەندەکانی لەسەر شەرەفی بەکر ئاغا خۆیدا بەدەستەوە،
دواتر " عەلی بەگ " یان هێنایە سەربازگەی ڕەواندوز، پاشان محەمەد پاشای ڕەواندوز
بەدوویادا ناردو لەسێدارەیدا، ئەم کارەی میری سۆران، حاجی بەکر ئاغای زۆر نیگەران

کرد، هەربۆیە بێ پرسی میر بۆ کۆیە گەڕایەوە،( ) ئەم کارەش میر محەمەد پاشای تورە
کرد، بەڵام هیچی پێ نەکرا، چونکە عوسمانییەکان شاڵاوێکیان ئامادەکردبوو بۆ لەنێو
بردنی، دواتر لە ڕێگەی پێدانی بەڵێنی بەدرۆ خۆیدا بە دەستەوەو لە ساڵی1836دا بەفێڵ
لەناویان برد( ). ئەحمەد پاشای بابان نەمانی میری ڕەواندوزی بەهەل زانیء لە
سلێمانیەوە بەرەو ڕانیەء کۆیە هاتء داگیری کردن، بەمە کۆیە جارێکی تر بۆ ژێر دەستی
بابانەکان گەڕایەوە.( ) بەڵام عوسمانییەکان لەساڵی 1843 دا توانیان کۆیەو دەوروبەری
بگرن و وابکەن هێزەکانی ئەحمەد پاشای بابان لەژێر زەبری تۆپەکانیان کۆیە بەجێ
( ).لەوێدا دەست پێ دەکات تا 1918 بهێڵن، لەو ساڵەوە فەرمانڕەوای عوسمانی

## باسی چوارەم: بارو دۆخی کارگێڕیء سیاسی

مەدحەت پاشای والی بەغدا "1869 -1872" سیستەمی ویلایەتی بۆ یەکەمجار داناو عێراقی
لەڕووی ئیدارییەوە کردە دوو ویلایەت، ویلایەتی بەغدادء موسڵ. ئەو دەمە ویلایەتی موسڵ
کرابووە سێ لیوا: موسڵء کەرکوکء سلێمانی. لیوای کەرکوک ئەم شارۆچکانەی لەخۆوە دەگرت
( ).:- هەولێر، کۆیە، ڕەواندوز، ڕانیە، کفری

شایانی باسە هەر لە ساڵی" 1843 " تابڕانەوەی جەنگی جیهانی یەکەمیش، کۆیە لەڕووی
کارگێڕییەوە کەوتبووە ژێر فەرمانڕەوایی دەوڵەتی عوسمانی.( ) زۆربەی فەرمانبەرە
گەورەکانی ئەم نێوچانە تورک بوون بەتایبەتی نێوچەکانی باکور (کوردستان)،خەڵکی
( )."میسۆپۆتامیا زۆر بە دەگمەن دەیتوانی بگەن بە پلەی " متێرف

بەگشتی ئەم ویلایەتانە لە ڕووی خزمەت گوزاریء کارگێڕیء چاکسازی ڕێکخستنەوە فەرامۆش
کرابوون، تەنها مەدحەت پاشا هەندێک هەنگاوی بۆ چەسپاندنی ئاسایشء پلانێکی بەرایی بۆ
( ).پێش کەوتنی دانا

بەڵام سەبارەت بە بارودۆخی کارگێڕی نێوچە کوردیەکان، ئەوا دەبینین کە لە
نێوچەکانی تری ژێر دەسەڵاتی عوسمانی باشتر نەبوو، وە لەڕووی خزمەت گوزارییەوە تووشی
کەمتەرخەمی بوو بوو. ( ) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تەنگژە ئابوریەی کە دەوڵەتی
( ).عوسمانی دووچاری ببووەوە

کۆمەڵەی " ئیتحاد و تەرەقی " لە ساڵی 1908دا کودەتایەکی ئەنجامدا، توانی سوڵتان
عەبدولحەمیدی دووەم " 1876 - 1909 " لابەرێء لەجێگەی ئەو "محەمەد ڕشاد "ی برای
بکەنە سوڵتان " 1909 - 1918 " کە ئەم کەسایەتیەکی لاوازو بێ دەسەڵات بوو، کە
ئیتحادیەکان بە ئارەزوی خۆیان یاریان پێدەکرد.( ) بە هاتنی کودەتاچیەکان
سەردەمێکی نوێ دەستیپێکردء لە ساڵی 1908 دا دەستوری عوسمانیان ڕاگەیاند، بەمە
زەمینە بۆ پیادە کردنی سیاسەتی تورکچێتی خۆش بوو.( ) پێدەچی لەسەرەتادا سیاسەتی
ئیتحادیەکان بەرامبەر بە کورد سیاسەتێکی نەرم بوو بێ. بەڵام دواتر ئەم سیاسەتەیان
گۆڕیء لەساڵی 1909 دا کەوتنە ناردنی سیخوڕ بۆ کوردستان بۆ ئەوەی ئاژاوە لەنێوان
( ).کوردء ئەرمەن بنێنەوە

ڕاستییەکەی کۆیە لەچاو زۆر لە شارەکانی تردا زووتر دامء دەزگەی میری لێ دامەزرا،
بۆ نمونە فەرمانگەی تاپۆ لەساڵی1875 دانراو، وەقفی مزگەوتەکانیش دیاری کرا لەگەڵ
دەستنیشان کردنی سەرپەرشتیار کە ئەرکی کۆکردنەوەی داهاتەکانی لە ئەستۆدا بوو،
فەرمانگەی پۆستە لەساڵی 1880 دامەزراو هێلی تەلەفۆنی بۆ ڕاکێشرا. دواتر دەزگای
گومرگء دارایی دانرا، بەڵام ئەمانە کەوتبووە دەست گەندەڵترین فەرمانبەری حکومەتی
عوسمانی کە زۆربەیان بەرتیل خۆر بوون. جگە لەوانە کۆیە فەرمانگەی ڕێژی " انحێار "ی
لێ دامەزرا، چونکە نێوچەیەکی گرنگی کۆکردنەوەی توتن بوو، کە دواتر ڕەوانەی بەغدا
دەکرا. ئینجا شارەوانی دامەزرا کە سەرۆکەکانی لە خەڵکی دەست ڕۆیشتوو هەڵدەبژێردران،

ئەندامانی دەستەی شارەوانی کاریان تەنها مۆرکردن بوو . قازیء موفتی هەبوو بەڵام زۆر جار خەڵک لە مزگەوت یان دیوەخانی ئاغاکان شەرعی خۆیان دەکرد.( )

شاری کۆیە بەپێی ئەو دۆکیۆمەنتە یاساییء مێژوویانەی کە لە ئەرشیفی دادگە پارێزراوەو لەسەر لاپەڕەی دۆسیە کۆنەکانی مێژووی لەسەر دیاری کراوە، ئەوا لە ساڵی 1877 ەوە دادگەی تێدا دامەزراوە، بەر لەو مێژووەش لە سەردەمی دەسەلاتی میرنشینی سۆراندا لەلایەن پاشای گەورەوە " قازی شەرع " بۆ ئەم شارە ڕەوانە کراوە، بەڵام لەساڵی 1894 دا دۆکۆمەنتی تەواو کۆنووسء بڕیارو دۆسیەکان لەئەرشیفی دادگە پارێزراوە.( ) یەکەم دادوەر " حاکم " لە 4/ 1/ 1894 دا بەناوی " ئەحمەد عیزەت " دەست بەکاربووە کە خاوەنی مۆری تایبەتی خۆی بووە وە کاری بە ساڵی کۆچی کردووە، بەڵام زۆربەی حاکمەکان تورک بوون.( )

یەکەمین داوا " دعوە (*)" ش لە 16/ 1 / 1894 دا بووە. بێگومان لەنێوان سالانی" 1894 -1919 " تەنها زمانی تورکی لە نوسراوەکانی دادگەدا بەکارهاتووە.( ) بەڵام لەڕۆژی 2 / 4 /1919 دا بۆ یەکەم جار زمانی کوردی بەکارهێنراوە، ئەویش لەسەردەمی زانای گەورە " مەلا محەمەد عەوبدولڵای جەلی " بوو، ئەمە ڕێچکە شکێنێکی بابەتیانە بوو کە بە سەروەریەکی مەزن دەژمێردرێت. نوسین بەزمانی کوردی بەردەوام بوو تا ساڵی 1939، بەڵام لەگەڵ بەکارهێنانی زمانی کوردیدا جار بەجار زمانی فارسی و تورکی بەکار هێنراوە، دواتر بەیەکجاری زمانی عەرەبی بەکار هێنرا.( )

لەلایەکی دیکەوە مەسەلەی بوونە سەرباز لە دەوڵەتی عوسمانی ئارەزوومەندانە بوو، بەڵام لەساڵی 1835 ەوە یاسای سەربازی گرتنی بەزۆر " التجنید " لە موسڵ داکەوت، مەئموری تورک و هەیتە لە نێو گوندەکانی کوردان بەدیار کەوتن بە مەبەستی گرتنی خەڵک و کردنی بە سەرباز، هەربۆیە خەڵکی لادێیەکان لەترسی ئەم کارە ئۆقرەیان لێهەڵگیرابوو. زۆرجار لە شارو لە لادێ پەیڕەوی سستەمی " قرعە " یان دەکرد بۆ ناردنی سەرباز، لەناو عەشیرەتەکان " بدل " یان ئەدا، هەندێ جاریش یەکێک لەجیاتی یەکێکی تر دەکرا بە سەرباز.( ) دەوڵەتی عوسمانی لەسەردەمی هەندێک لە سوڵتانەکانیدا کە یەکێکی دەکرد بەسەرباز هەر لە تەمەنی گەنجیەوە تا پیر دەبوو سەربازی پێ دەکرد، واتە 10 - 15 ساڵ دەمایەوە بێ ئەوەی بوار بدات چاوی بەکەسء کاری بکەوێتەوە.( )

هەڵبەت کۆیە بەردەوام ناوەندێک بووە ململانێی توند لەسەر دەست بەسەرداگرتنی کراوە، هەرجارەی لەژێر فەرمانڕەوایی یەکێ لەمیرنشینە کوردیەکاندا بووە، ناتوانین نکوڵی لەوەش بکەین کە هەندێ جاریش سەربەخۆ بووە.( )

گومانی تێدا نیە کە دەوڵەتی عوسمانی کرداری وەرگتنی باج و بون بەسەربازی بەزۆربەسەر گەلی کورددا سەپاندوە. لەم چوارچێوەیەدا دەوڵەتی عوسمانی هەرکاتێ تووشی شەڕی دەرەکی ببوایە ئەوا داوای هاوکاری لەهێزە کوردیەکان دەکرد، هەروەک ئەو شەڕەی لەساڵی 1877 دا لەنێوان سوپای عوسمانی و ڕءسیا ڕوویدا، داوای هێزی سەربازی لە مەلا عەبدولڵای جەلیزادەی کۆیە کرد، ئەویش بەخۆی و لەشکرێکی کۆییانەوە بەشداری شەڕەکەی کرد ء نەگەڕایەوە تا شەڕەکە تەواو بوو، ئەمەش ڕادەی لاوازی سوپای عوسمانی لەو سەردەمە نیشان ئەدا، کە داوای هێزی عەشائیری کوردی بکات بۆ داکۆکی کردن لە ئاسایشی وولاتەکەی.( ) پلەی زانستی و کۆمەلایەتی هەندێ کەسایەتی ناوداری کۆیە گەیشتبووە ئاستێک کە دەوڵەتی عوسمانی بیکاتە نوێنەری خۆی وەک سەرۆکی شاندێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ وولاتانی تردا، وەک لەساڵی 1819 دا مەلا عەبدولڵای جەلیزادە(*) " باوکی مەلای گەورەی کۆیە " دەستنیشان کرا کە ببێ بە سەرۆکی شاندی دەوڵەتی عوسمانی، بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەگەڵ حکومەتی ئێراندا، کە لەسەر کێشەیەک پەیوەندیان ئاڵۆز بوو بوو، مەلا عەبدولڵای جەلیزادە توانی لەم ئەرکەدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێ، بۆیە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم ویسامی مەجیدی پلە سێی پێ بەخشی، هەروەها " ناسرەددین شاە " ی ئێرانیش ئەنگوستیلەیەکی ئەڵماسی بە نرخی وەک دیاری پێ بەخشیبوو.( ) ئەمانە هەمووی بەڵگەی حاشا هەڵنەگرن کە لەوسەردەمەدا کەسایەتی بەهێز لەم شارەدا هەبووە، هەروەها نیشانەی بەهێزیو گرنگی پێگەی شاری کۆیە دەخاتە ڕوو.پایەی کەسایەتیەکی وەک مەلا عەبدولڵای جەلیزادە گەیشتبووە ئاستێک کە دەوڵەتی عوسمانی داوای لێ کردووە پایەی " فەتوا "لە بەغداد دوای مردنی " زەهاوی " وەربگرێ، بەڵام ئەم داوایەی ڕەت کردۆتەوەو هەرلە کۆیە ماوەتەوە . ( )

ئەگەر فاکتەری هەڵکەوتەی شوێن ڕۆڵێکی کاریگەری یان کەمی هەبێ لە بڕیاردانی
چارەنوسی گەلاندا، ئەوا لێکۆڵینەوەی مێژووی کۆنء نوێی نەتەوەی کورد بەئاشکرا دەری
دەخات کە هەڵکەوتەی جوگرافی شوێنی کورد لەسەر زەوی، ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی هەبووە لە
( ).دیاری کردنی چارەنووسی ڕابردوو ئێستەی کورد

هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی شەڕەوە دەوڵەتی عوسمانی دەستی بە پیادە کردنی دزێوترین
ڕەفتار لە نێوچە کوردیەکاندا کرد، ئەگەر سەیری مامەڵەء هەڵسوکەوتی جەندرمەو "
زەفتی " یەکانی عوسمانی بکەین لە شارەکانی کوردستاندا، زیاتر لەکارو کردەوەی
( ).دەوڵەتێک دەچوو کە لە سەر خاکی دووژمندا بژی

بارودۆخی جەنگ وای لە دەوڵەتی عوسمانی کردبوو کە پەیڕەوی ڕژێمی سەرباز گرتنء
ڕەشبگیری " سەفەربەلک " بکات، لەکاتێکدا دەزگەی سەرباز گرتن "تجنید" لە ساڵەکانی
بەر لەدەست پێکردنی جەنگ بێکارترینء پەک کەوترین دەزگە بوو لە نێوچە کوردیەکاندا،
جاری وا هەبوو بۆماوەی ساڵێکیش نەی توانیوە تەنها یەک کەس بۆ سەربازی ناونووس
( ) ".بکات

گوشاری زۆری دەوڵەتی عوسمانی بۆ گرتنی خەڵکء ناردنی بۆ بەرەکانی جەنگ، خەڵکی ناچار
کرد بوو کە ڕابکەن و هەلاتن هەڵبژێرن. سەبارەت بە بارودۆخی کۆیە لەکاتی جەنگ دا ئەوا
هەر کەسێک دوو جار یان سێ جار هەڵبهاتایە دەستگیر دەکراو لەبەردەم مزگەوتی گەورەی
کۆیەی ئێست لە سێدارە(*) دەدرا، کە لە نزیک

( ).سەرابوو

لە ڕاستیدا کورد بەچاوی دوژمن سەیری تورکی دەکرد. چونکە کۆمەڵەی "ئیتحاد ء تەرەقی"
پەیڕەوی سیاسەتی " تۆرانچێتی(**) " بە ئاشکراو بێ پەردەی دەکرد، ئەم کۆمەڵەیە
تورکەکانی ئاگادار کردبۆوە کە دەبێ میللەتانی وەک کوردو عەرەبی نێو ئیمپراتۆریەتی
عوسمانی ژێردەستەی ئەوان بن، ئەوانەی سەرکێشی دەکەنء ناڕەزایی دەردەبڕن بەرامبەر
ملهوڕیو خراپەکاری تورکانەوە دەبێ سەرشکێن بکرێنء لەنێو ببرێن. هەربۆیە یاخیبوون
( ).هەموو لایەکی گرتەوە

لەنێو گەرمەی جەنگی جیهانی یەکەمدا، ڕووداوێکی جیهانی سەری هەڵدا، ئەویش ڕوخانی
ڕژیمی قەیسەری ڕوسء سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری 1917 بوو، ئەم سەرکەوتنە دواتر بووە
جیگەی ئاواتء خەونەکانی میللەتانی چەوساوە، لەوانە گەلی کورد، کەبووە هۆی کشانەوەی
سوپای ڕوسیا لە نێوچەکانی خانەقینء پێنجوینء ڕەواندوز، کە پێشتر کوشتارێکی ڕەشە
کوژانەیان لەم نێوچانەدا کردو کاولکاریەکی زۆریان ئەنجام دابوو،( ) هەرچەندە ئەم
شۆڕشە کارێکی نێگەتیڤانەی خراپی کردۆتە سەر ئایندەی سیاسی نەتەوەی کورد، چونکە لە
ئەنجامی ڕوخانی ڕژێمی قەیسەری ڕوسی، هەردوو دوژمنە دێرینەکانی کورد " فارس و تورک
" لە ڕووخانء هەڵوەشانء پارچە پارچە بوون ڕزگاریان بوو، کەواتە شۆڕشی ئۆکتۆبەر
ئەگەر بۆ گەلانی جیهان هەندێک سودی هەبووبێ ئەوا بۆ گەلی کورد سودێکی ئەوتۆی نەبوو.)
(

عوسمانیەکان لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا، دەسەلاتیان بەسەر کوردستان دا زۆر لاواز
بوو، لاوەکان لە زۆر نێوچەدا بە ئاشکرا و بێ گوێدانە فەرمانی میری هەڵدەگەڕانەوە.
جوتیارەکان لە زۆر جێگە ئامادە نەبوون باج بدەن، تەنانەت بایەخیان بەجەندرمە
"زەبتیە"ی حکومەتیش نەئەدا.( ) لە ساڵی 1916 ەوە سەربازەکانی دەوڵەتی عوسمانی
دەستیان بەهەلاتن لە ڕیزەکانی سوپادا کرد، ژمارەی ڕاکردووان لە سەرەتای ساڵی 1917
( ).نزیکەی (300) سێسەد هەزار سەرباز دەبوو

لاوازی دەوڵەتی عوسمانی گەیشتە ڕادەیەک داوای هاوکاری سەربازی لە حەماغای غەفوری
"حەماغای گەورە" ی کۆیە بکات بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشی ڕءسیا لە نێوچەی ڕەواندوز،
لە ئەنجامدا حەماغا بەخۆیو لەشکری کۆیەوە وە بەتفەنگء خۆراکی خۆیانەوە بەشداری
( ).چەندین شەڕیان لەنێوچەی ڕەواندوزدا کرد

لە ساڵانی کۆتایی جەنگدا، حکومەتی عوسمانی بەتەواوی جڵەوی دەسەڵاتی لەدەستدا بوو، وە لەبەر نەبوونی ئاسایشء لاوازی حکومەتی عوسمانی، هەمەوەندەکان هێرشیان کردە سەر دەشتی کۆیەو دەستیان بەتاڵان کردنء باج وەرگرتن کرد، ئەمەش وای لە حەماغای گەورە کرد داوای یارمەتی لە عەشیرەتەکانی شێخ بزێنی بکات بۆ دەرکردنی هەمەوەندەکان دواجار توانیان لەم کارەدا سەرکەوتوو بن، بەڵام هەر "شێخ بزێنی" خۆیان دواتر بوونە بەڵاو تەنانەت خەریکی زەوت کردنی دەشتی کۆیە بوون.( )

لە ساڵی 1917 دا لە شاری کۆیە ژمارەیەک لەو کۆییانەی کە لەکاتی جەنگ بەدیل گیرابوون، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری 1917 ئازاد کرابوون، ئەمانە کۆمەڵەیەکیان دامەزراند بە ناوی (بەلشەڤیک)(*) کە هەڵگری بیری ئازادی بوون، ئەم ناوەش وەک لاسایی کردنەوەیەکی بەلاشڤەی ڕووسی بوو،( ) ئەم کۆمەڵەیە سەرەتا ژمارەیان 12 کەس زیاتر بوو. بەرنامەی ئەم کۆمەڵەیە ڕزگارکردنی کۆیە لەدەست عوسمانییەکان بوو.( )

ڕووداوەکانی جەنگء کارەساتەکانیء سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی ئیتحادیەکان، نەیتوانی بەتەواوی خەباتی گەلی کورد لە ساڵەکانی جەنگدا بوەستێنێ، هەرچەندە هیچ کام لە ئامانجە گەورەکانی نەهێنایەدی کە بێگومان هۆکاری سەرەکی ئەم بارودۆخە بۆ هەلومەرجی نێودەوڵەتی دەگەڕایەوە.( ) جگە لەوە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لەو سەردەمەدا سەرکردایەتییەکی یەکگرتووی نەبووە کە شارەزای کاروباری دنیاو خاوەنی ڕێکخستنێکی فراوان نەبوو کە بتوانێ پایەکانی ستراتیژی گشتی بزووتنەوەکە دابڕێژیء کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بۆ جێبەجێ کردنی ساز بداتء سود لە هەلءمەرجی نیشتمانیء نێوچەییء جیهانی وەربگرێ.( )

دەتوانین کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەمء نەمانی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی لە کوردستاندا بە گەورەترین خاڵی وەچەرخان دابنێین کە بووە هۆی کردنەوەی چەندین ئاسۆی نوێ بەڕووی ئەم وولاتەدا، لەو دابڕانء بێ ئاگاییە ڕزگاری بوو.( )

## باسی پێنجەم: بـــــارو دۆخـــی ئابـــــوری کۆمەڵایەتـــــی

کۆیە لەسەردەمی عوسمانییەکاندا، نێوچەیەکی گرنگی بازرگانی بووە، بوونی قەیسەریو بازاڕء خانء فەرمانگەی ڕێژی ء کاولەخانی باڵەخانەی گەورەی لە گەچ دروست کراو ء ژمارەیەک لە مزگەوت بۆ خوێندنء خواپەرستی گەواهی ئەم ڕاستیانەن.

هەرچەندە کۆیە قەزایەک بوو لە پێکهاتەی کارگێڕی سەردەمی عوسمانییەکاندا بەڵام ڕۆڵی پارێزگایەکی ئێستەی دەبینی، ڕۆژانە زیاتر لە " 200 " باری وولاغ دەهات بۆ کۆیەء هەرچی بەرهەمی توتنی " ڕانیەء خۆشناوەتیء ڕەواندوزو پشدەر" هەبوو بۆ کۆیە دەهات کە بازرگانەکانی ڕاستەوخۆ مامەڵەیان لەگەڵ بەغداو موسڵء حەلەبدا دەکرد.( )

لەو کەلءپەل وشتومەکانەی کە لە کۆیەوە ڕەوانەی شارەکانی تر دەکران، بریتی بوون لە: توتن، مازی، کەتیرە، پێستە، ڕیخۆڵە، خوری، موو، پەنیر، باوی، گوێز، مێوژ، هەنگوین، سماق، پەلکە هەنار، گەنم، جۆ، برنج، نیسک، نۆک، لۆکە، کاوڕ، مانگا، دار ئەسپیندار، لەوحە گوێز، داری سوتاندن، ڕەژوو، جگە لەوانە بەرهەمی دەستکردی کۆیە ڕەوانەی شاران دەکرا وەک: جلء بەرگ، دارتاش، ئاسنگەری، پێڵاو، خەنجەر، ڕایەخ، ئەم کەلء پەلانە بەزۆری لە کۆیەوە بە کاروانی وولاغان ڕەوانەی " تەق تەق " دەکران، لەوێشەوە بەکەلەک ڕەوانەی پردێ " ئاڵتون کوپری "، ئینجا ڕەوانەی بەغدا دەکران. ڕێگەیەکی تریش هەبوو کە کاروانچیان دەچوونە هەولێرء موسڵء حەلەب، لەجیاتی ئەمانە شتومەکی وەک شەدەو خامەکء قوماشء شەکر لە ئێرانء بەغداو موسڵ بۆ کۆیە دەهێنران.

زۆرجار کاروانی کۆیە لە سەردەشتء سابڵاغء تەوریز بینراونء لەگەڵ (کەرکوک)یش
پەیوەندی بەهێزبووە وە بەهەمان شێوە لەگەڵ سلێمانی لەڕێگەی دوکانء دۆڵی سورداش.
گەلێ جار بازرگانانی موسڵ و جێگەکانی تر هاتوون بۆ کۆیەء تیایدا ماونەتەوە.( )
ئەمەش نهێنی هەوڵە بەردەوامەکانی هەریەک لە سۆرانء بابانء هێزەکانی تر بە دیار
دەخات کە هەمیشە لە هەوڵی داگیرکردنی دا بوون، چونکە کۆیە لەو سەردەمەدا لەڕوی
ئابوری وجولانەوەی بازرگانیدا دەوڵەمەندو پێشکەوتوو بووە.

دەوڵەتی عوسمانی سیستەمی باجگری لەسەر بناغەی دەرەبەگایەتیء خێلایەتی دامەزراندبوو،
هەموو باجێک باجێکی تری بەدوادا دەهات، ئەم کردارە ناڕەوایەش بەزۆری ئەو مووچە
خۆرانە ئەنجامیان ئەدا کە ئەرکی باج کۆکردنەوە دەخرایە ئەستۆیان.( )

لەهەمان کاتدا بە حوکمی دوور دەستی ئەم سێ لیوایە " موسڵ، کەرکوک، سلێمانی"لە
پایتەختەوە، هێندەی تر لەڕوی خزمەت گوزاریەوە فەرامۆش کرابوون، هەربۆیە هیچ
فەرمانبەرێک ئامادە نەبوو ڕوو بکاتە ئەم وولاتە دوورە دەستە، مەگەر بە زۆر نەبوایە،
ئەوەی دەهات خەڵکی بێتوانا بوو، تەنها مەبەستی خۆ دەوڵەمەند کردن بوو. فەرمانبەری
عوسمانی لە کەسانێک دەچوون کە لە خاکێکدا بژین، دڵنیابن کە پاش ماوەیەکی دیکە چۆڵی
دەکاتء بەجێی دەهێلێت، ئیتر بەلایەوە گرنگ نەبوو ئەم شوێنە چی لێ دێت یان دواڕۆژی
بەچی دەگات.( )

غەدرو ستەمێکی زۆر لە خەڵکی کوردستان دەکرا، لە دیاری کردنی باج خەملاندندا،
هەرکاتێک فەرمانبەرە تورکەکان بەباشی خزمەت نەکرابانء بەرتیلیان پێ نەدرابا ئەوا
لەخەملاندنی دەغلء دانء ئاژەڵء میوەجات زۆریان دائەنا، خەڵکی لادێکان ئەمەیان پێ
نەئەدرا بۆیە بە زۆری لە حکومەت یاخی دەبوون. جاری وابووە حکومەتی عوسمانی زەکاتی
ژمارەیەک لادێی بە ئاغایەک ئەدا، کە بەشی خۆیء حکومەت کۆبکاتەوە، بەلام هەندێ جار ئەم
ئاغایە بەشی حکومەتی بۆ ماوەیچەند ساڵێک نەئەدا، هەربۆیە حکومەت دەکەوتە وێزەی
خەڵکیء بەسەر گوندەکانی دائەداو زۆر جار وێرانی دەکرد. حکومەت بە بەردەوامی داهات
وەردەگرت بەلام ئامادەنەبوو تاکە (قرۆش)ێک بدات، ئەمەش بۆ پێکهاتەی کەسایەتی باجگر
دەگەڕایەوە.( )

پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە بووە هۆی بێزاری خەڵکء دروست
بوونی بارودۆخێکی نائارام کە تیایدا دەسەلاتی عوسمانی لەم نێوچانەدا باڵادەست نەبێ،
ئەمەش ڕێگەی بۆ زۆر لە پیاوانی عەشیرەتەکان خۆش کرد کە ئەم هەلە بقۆزنەوەء دەست بە
کوشتنی خەڵکء ڕووت کردنەوەیان بکەن، هەربۆ نموونە لە ساڵی 1900 دا هەمەوەندەکان
هێرشیان کردە سەر کاروانێکی گەورەی حاجیەکانی فارس " ئێران " لەنزیک کەرکوک
کەتیایدا "200 " کەسیان لێکوشتن، کە پێشتر سلێمانیو ڕەواندزو کۆیە دەستکەوتی
ئابوری باشیان لەم حاجیانە هەبوو، ئەمەش زیانێکی گەورەی لەداهاتی نێوچەکەدا.( )

دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵەکانی جەنگی جیهانی یەکەمدا دەستی کرد بە پەیڕەوکردنی کاری
ناڕەواو نامرۆڤانە، هەر لە کوشتنء ئازاردان و سەرکوت کردنی خەڵکی بێ تاوانء بەتاڵان
بردنی سامانیان، ئەمانەش ئەوەندەی تر ئەرک و ئازارء مەینەتیەکانی خەڵکی زیاتر کرد،
کەس نەما لەم جەنگەدا تووشی سەغڵەتیء ماڵ وێرانی نەبووبێ.( )

جگە لەوە دەوڵەتی عوسمانی بەهۆی بەشداری کردنی لە جەنگی جیهانی یەکەمدا، تووشی
قەیرانێکی ئابوری سەخت بوو، بۆیە دەستیکرد بە سەپاندنی باجء زیادکردنی ڕێژەکەی،
ئەم هەنگاوەش کاریگەری خراپی لە سەر ئاستی گوزەرانی خەڵکی کوردستان هەبوو، بەلام
عوسمانیەکان هەر بەمەشەوە نەوەستان، بەڵکو ژمارەیەک لە باجی نوێیان سەپاند،
لەوانە: باجی مەڕو مالات " مەڕانە" و زیاد کردنی بڕەکەی بۆ چوار ئەوەندی جاران.( )
لەمەش بترازێ هەندێ باجی دیکەشیان داهێنا لەوانە: (جەمەدانیانە، کراسانە،
دەرپێیانە) تەنانەت بارودۆخەکە وای لێهاتبوو کە قاورمانەشیان لە خەڵک دەساند.
سەرەڕای ئەمەش ئەم ڕەوشە وای کردبوو خەڵک زۆر بەکەمی بەکاروبارەوە خەریک بن،
چونکە زۆربەیان ڕەوانەی دۆزەخی جەنگ کرابوون، بۆیە بە دەگمەن پیاو مابوو، ئەمەش
عوسمانیەکانی ناچار کردبوو کە ئەرکی پاراستنی سەراو دەزگەکانی تری میری بە
پیرەکان بسپێرن.( )

شاری کۆیەش تووشی گرانیەکی قورس بوو بوو، بەڵام بەهۆی بوونی چەند کەسایەتیەکی دەوڵەمەندو سەخی وەک حەماغای گەورە(*) کە توانی گیانی سەدەها خەڵک لە ڕێگەی پێدانی خۆراک ڕزگار بکات. هەروەها مەلای گەورەی کۆیەش ئەوەندەی لە توانایبوو لە کۆمەک کردنی هەژاران درێغی نەکرد.( ) عەبدولکەریمی عەلەکە کە دیانێکی کۆیەیە لە گرانیەکەی ( ).ساڵی 1917 دا توانی گیانی سەدەها خەڵکی هەژارو برسی لە سلێمانی ڕزگار بکات

ئەم بارودۆخە ناهەموارە خەڵکی ناچار کردبوو ڕەفتاری ئەوتۆ ئەنجام بدەن کە زۆر جەرگ بڕ بێت، هەربۆ نموونە: کابرایەکی خەڵکی کۆیە پێنچ کچی خۆی بە نیو " کۆتک(*)" گەنم دابوو . زۆر ئافرەت ئامادەبوون بە چۆرێک ئاوی سەروپێ خۆیان لە پیاو مارە بکەن. شوێنەواری ئەم برسێتیە وای کردبوو، ئەو خەڵکانەی لە برسان ڕوویان لە کۆیە کردبوو، لە کوچەو کۆڵانان کەوتبوون، لەوانە دیمەنی ژنێک کە منداڵەکەی مەمکی دەمژی ( )(**)کەچی خۆشی لە برسان گیانی لە دەستدابوو

ئەگەر کەمێک لەبواری کۆمەڵایەتیء ئاینی ووردبینەوە دەبینین کەوا ڕۆژهەڵات بەگشتی بەلانەی سەرهەڵدانی ئاییەنەکان دادەنرێت، یەکێک لە ئاینیە کۆنەکان ئاینی (جوە)، کە بە درێژایی مێژوو گەلی جولەکە ڕووبەڕووی چەندین کارەسات بۆنەتەوە، مەگەر کورد ئەگەر نا هیچ گەلێک بەقەد ئەوان زوڵمء ستەمی لێ نەکراوە. شاری کۆیە یەکێکە لەو شارانەی هەر لە زووەوە کەمینەیەکی جولەکەی تێدا ژیاوە، ئەوان زیاتر لە کۆنە قەڵاتی گەڕەکی " هەواوان " بوون هەر لەوێش " کەنیشتە"ە یان هەبووەو دواتر هەندێکیان پەڕینەوە گەڕەکی ( بەفری قەندی )، بەم شوێنەیان دەگووت گەڕەکی جولەکان. ئەم جولەکانە زمانی کوردیان بە تەواوی زانیوە، کەچی لە بۆتەی فەرهەنگی کوردی نەتواونەتەوە، زیاتر خەریکی بازرگانیء پیشەی دەستی وەک زێڕنگەریء دارتاشیء خەمچێتیء ( ).وەستاییبوون

جولەکەکانی کوردستان بە زۆری لە پاشماوەی ئەو جولەکانەن کە لەکاتی خۆیدا شای کلدانی(نەبو خڕ نێر) لە ساڵانی 595، 586 ی پ .ز دا (بەدیل گرتنی بابلی یەکەمء دووەم) کە بە دوو کاتی جیاواز بۆشاری بابلی هێنان.( ) ئەم جولەکانە تایبەتمەندیەکیان هەبوو ئەویش ئەوەبوو کە بەگشتی خاوەن زەوی نەبوون، زیاتر لە 2670 ساڵ لە کوردستان ژیاون، هەرگیز ئەم وولاتەیان بە هی خۆیان نەئەزانی، هەر چاوەنواڕی ئەوەبوون ئاخۆ کەی بەڵێنەکانیخوا دێتەدی.( ) توێژەر پێی وایە کە ئەم بۆ چوونەی سەرەوە هەندێک زێدەڕۆیی پێوە دیارە، چونکە ژمارەیەک لەو جولەکانەی کە .ئێستە لە (ئیسرائیل)ن هەر بەهیوان بۆ کوردستان بگەڕێنەوە

سەبارەت بەپێوەندیە ئاینیەکانی شاری کۆیە، ئەوا مەسعود محەمەد لەو باوەڕەدایە کە پەیوەندی دیان " گاور " و جولەکەی کۆیە لە دێر زەمانەوە لەگەڵ موسوڵمانەکانی کۆیە ء دەوروبەری بە تەبایی برایەتی بووە، نەبیستراوە بەناوی گەلە کۆیی دەست درێژی کرابێتە سەریان، قەشەو ماڵەکانیان ڕێزیان لێ گیراوە.( ) کەچی مام هەژار لەو بڕوایەدایە کە هەندێ لە موسوڵمانەکانی کۆیە بەهۆی دەمارگیری ئاینیء دواکەوتوویی باری کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە، پەیوەندیەکانیان لەگەڵ جولەکەدا ئەو ئاستەی بەخۆیەوە نەبینیوە کە بتوانین بڵێن بەتەواوی پەیوەندیان ئاسایی بووە. بەهەمان شێوە پەیوەندی نێوان جولەکەو دیان باش نەبووە، چونکە دیانەکان لە خاچدانی "عیسی" پێغەمبەر بە پیلانی جولەکەکان دەزانن. جولەکەکان لەزۆربەی شوێنەکان بەچاوی سوکەوە سەیر دەکران، تەنانەتهەندێ جار دەست درێژیان کراوەتە سەر، ئێستەش قسەو بڕگەی ئەوتۆی ئەو ڕۆژانە ( ).لە ئارادا ماوە

یەکەم پەیوەندی کوردستان بە ئاینی جولەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئاشوریەکان "636-911 " پ.ز .( ) هەندێک لەو پاشایانەی ئاشوری زۆر بەهێزبوون لەسەردەمی" شلمنێر" فەرمانڕەوایی وولاتی شامء میسریان کردووە،( ) ئەوانە توانیویانە دەست بەسەر شانشینی ئیسرائیل بگرنء زۆربەری دانیشتوانی جولەکەکان بەدیل بگرنء ڕەوانەی نێوچە شاخاویە دابڕاوەکانی کوردستانی عێراقء تورکیاء (ئێران) یان بکەن و لەنێو کورددا ( ).درێژە بەژیانی تایبەتی خۆیان بدەن

کۆیەء دەوربەری پێش سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلام، لەسەر ئاینی زەردەشتی بوون، زۆر شوێن هەبوو جێگەی هەڵگری ئاگری پیرۆز" ئاتەشگە "بوو، بەتایبەتی لەسەر لوتکەی باواجی.( )

شان بە شانی ئاینی زەردەشتی، ئاینی جولەکەو کریستیان (دیان) لە کوردستاندا بوونی خۆیان سەلماندووە.( )

لەڕاستیدا پەیوەندی خەڵکی کۆیە لەگەڵ دیانء جولەکەدا بەدرێژایی مێژوو ئاسایی بووە، بۆ نموونە دیانەکان مەزاری " مەربێن قەدیشە " بەپیرۆز دەزانن، موسوڵمانەکانیش بە هەمان شێوە ئەم مەزارە بە پیرۆز دادەنێن ء پێی دەڵێن " شێخ محەمەدی دێریَ " . هەروەها پەیوەندی نێوان موسوڵمانی کۆیەو جولەکەکانی باش بووە، بەڵگەشمان زۆرە، لەوانە: کاتێک کە جولەکەکانی کۆیە بۆ ئیسرائیل گەڕانەوە، ئاپورەی جەماوەری کۆیە لەسەر شەقامەکان وەستا بوون بۆ بەڕێکردنیان، فرمێسکی لێک دابڕان لە چاوانیان دەباری.

## باسی شەشەم: بارودۆخی زانستء خوێندەواری

لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی عوسمانیی‌یەکاندا، هیچ بایەخێک لەڕووی خوێندەوارییەوە بە کوردستان نەدەدرا، بە پێچەوانەوە عوسمانیی‌یەکان هەموو توانایەکیان بۆ پوچەڵ کردنەوەی هەر هەوڵێک لەم ڕووەوە خستبووە کار.( ) بۆیە لە هیچ سوچێکی دەوڵەتی عوسمانیدا تاسالانێکی درەنگ شتێک نەبووە ناوی خوێندنگەی میریء ڕەسمی بێت.( )

لەو ڕۆژگارەدا دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی عوسمانی تا دوا ئەندازە لە خوێندەواریء ڕۆشنبیری دەترسان، ئامادە نەبوون بە هیچ شێوەیەک، تەنانەت یەک دەرگەی خوێندن بکەنەوە. لەم بارەیەوە د. کەمال مەزهەر دەڵێت: " سیاسەتی کوێرانەی سوڵتانەکان و دواکەوتوویی خەڵک لەمەدا ڕۆلی گەورەیان بینی، سوڵتانەکان چاپکردنی کتێبیان بە کوفر دائەنا".( )

ئەم بارودۆخە تا مەدحەت پاشا بوو بە والی بەغداد بەردەوام بوو، ناوبراو لەگەڵ هاتنیدا دەستی کرد بە ڕیفۆرم و چاکسازی کە چەمکێکی چاکسازی یەکانی ئاوەڕدانەوە لە خوێندن ء خوێندەواری بوو.( ) حکومەتی عوسمانی هەندێک جار لەنێوچە کوردیەکاندا بایەخی بە خوێندن ئەدا، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی بەسەر خوێندندا هەبێتء بتوانێت بەپێی سیاسەتی خۆی بەڕێوەی ببات، هەر لە زیندووکردنەوەی گیانی نەتەوەیی عوسمانیء پەروەردەکردنی ڕۆڵەکانی عەشیرەتە کوردو عەرەبەکان تا لە خزمەتی سوڵتاندابن، ئامانجێکی تری ئەم بایەخ دانە بە خوێندن، بە تورک کردنی خوێندکارەکان لە ڕێگەی فێربوونی زمانء ئەدەبی تورکیەوە بوو.( )

لەڕاستیدا کۆیی‌یەکان، بەتایبەتی هەندێ لە مەلاو ئاغاکانی پێیان خۆش نەبوو قوتابخانەی میری لەشارەکەدا بکرێتەوە، هەربۆیە ڕۆڵەکانی ئەم شارە لە سوختەخانەء مزگەوتەکاندا دەیانخوێند، ئەمەش یەکێک لەو هۆکارانە بوو کەوای کرد کاربەدەست "مەئمور" لە کۆیە پەیدا نەبێ. قائمقامء ئەفسەرء سەرۆکی جەندرمە بەزۆری تورک یان عەرەب بوون، ژمارەیەکی کەمێکیشیان کوردی سلێمانی بوون. لەو سەردەمەدا ئاغاکانی کۆیە فەرمانبەرێتی میریان بەشتێکی بێ نرخ دەزانی، چونکە فەرمانبەریان بە مرۆڤێکی تەمەڵء لە هەمان کاتدا بەدابەزینی پلەو پایەی خانەدانی خۆیان دائەنا.( )

شاری کۆیە مەڵبەندی ڕۆشنبیرو شوێنی ڕێزگرتنی هەموو خوێندەوارێکی دڵسۆز بووە. زۆربەی پاشاکانی بابان کە پۆستی پاشاتیان وەرگرتووە، زەماوەندی گەورەیان لە باغەکانی کۆیەدا کردووە، لەگەڵ هاتنیان بۆ ئەم شارە بەدەیان کتێبی چاکء نایابیان لەگەڵ خۆیان هێناوەو بەسەر خوێندەوارەکانیدا دابەشیان کردووە، وە لەبەرئەوەی ئەو کاتە مزگەوتەکان مەڵبەندی زانست بوون، بۆیە عەبدوڵڵا پاشای بابان فەرمانیدا مزگەوتێکی گەورە لە کۆیە دروست بکرێ کە بەناوی "حاجی ملا ئەسعەد" ناسراوەو ئەمەش لەڕاستیدا قوتابخانەیەکی گەورە بووە، دەیانی وەک حاجی قادر(*) و حاجی مەلا عەبدوڵڵاو

شێخ ڕەزای تاڵەبانیو کەیفی جوانڕۆیی تیدا دەرچووەو بوونەتە مامۆستاء بە هەموو
شارەکانی کوردستانء عێراقء ئەستەنبۆلء شامء میسر بڵاوبوونەتەوە.( ) کەواتە لەسەردەمی
بابانەکاندا بزووتنەوەی ڕۆشنبیری لە کۆیە بووژاوەتەوەو چەندین زانای بۆ ڕەوانە
( ).کراوەو بۆتە ناوەندێکی زانست لە نێوچەکەدا

لەو سەردەمەدا قوتابخانە ئاینیەکان دووبەش بوون، یەکەم: بەشی سەرەتاییەکان
(**)."المبتدئین"، کە پێیان دەووتن سوختە

دووەم: موستەعید دەکان، کە پلەی زانستیان بەرزتربوونء وانەیان بەسوختەکان
( ).دەووتەوە

لە دەرەوەی هەولێر ژمارەیەک مزگەوت هەبوون کە قوتابخانەیان تێدابوو، لەوانە
شاری کۆیە کە ژمارەیەک مزگەوتی لەخۆدەگرت، لە بەناوبانگترینیان مزگەوتی "حاجی بەکر
ئاغا" بوو کە حاجی بەکر ئاغای کوڕی محەمەد ئاغای حەویزی لە ساڵی 1843 دا دروستی
کردبوو، ئەم پیاوە ئەدیب بوو، دیوانی هۆنراوەی هەبوو، مزگەوتەکەی قوتابخانە
( )."مەدرەسە"ی بۆ خوێندن تێدابوو

لە نێو کۆیەدا سوختەیەکی زۆر هەبوون، مەلاکان سیپارەو قورئانء هەندێ کتێبی فارسیان
( ).بە منداڵان ووتوە، بەڵام زمانی کوردی بەکار نەهێنراوەو نەخوێندراوە

یەکەم قوتابخانە لە کۆیە لەساڵی 1885 دا کراوەتەوە، بەڵام ساڵێکی تەواو نەکردو
داخرا، دواتر ساڵی 1900 قوتابخانەیەکی سەرەتایی لێکرایەوە، بەڵام ئەویش تەمەنی درێژ
).نەبوو، لەبەر ئەوە ژمارەیەک لەخوێندکارانی کۆیە چوونە موسڵء ئەستەنبۆل بۆ خوێندن
(

لە کۆیەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە زاناو هۆنەری وەک "شێخ مستەفای قوگبی شامء قایدء
حاجی قادرو مەلاعەبدولڵای جەلیء ئەختەرء پانیو مەنفیء مەلای گەورەء یافی تێدا
( ).هەڵکەوتووە ناوبانگیان لە هەموو کوردستان دەرکردووە

لە دوای کۆچی دوایی مەلا عەبدولڵا، مەلا محەمەدی(*) جەلی کوڕی کە بە "مەلای گەورە"
بەناوبانگە لە ساڵی 1908 دا پایەی سەرۆکایەتی زانایانی لە باوکی بۆ دەمێنێتەوەو بە
بەردەوامی خەریکی وانە ووتنەوەو هۆشیارکردنی خەڵکء هاندانیان بۆ چاکە خوازیء ڕاستی
پەرستیء دورکەوتنەوە لە خراپەکاری دەبێت. مەلای گەورە حەزی لەنوێخوازی بوو، هەمیشە
دژی ڕەفتارە دزێوەکانی شێخەکانی ئەوکاتە بوو.( ) لە ساڵی 1912 دا لەسەر داوای
حکومەتی عوسمانی ئەرکی فەتوای لە کۆیە پێسپێردرا. ( ) لەبەردەستی ئەم مەلایە پایە
بەرزەدا چەندین مەلای کارامەو لێهاتوو مۆڵەتیان وەرگرتووە، لەوانە: مەلا فەتحولڵا
هەرتەلی، مەلا یدیق نازەنینی، مەلا مەعێوم خدر هەورامی، مەلا ئەبو بەکر، مەلا یادق مەلا
ئەحمەد، مەلا سلێمان ئاومالی، مەلا قادر دەربەندی، مەلاحەمید عەسکەری، مەلا یالح.
کەواتە کۆیە لە بواری زانستء خوێندنء شیعرء ئەدەبیاتء هونەرو هەستی نەتەوایەتی،
پەنجەی لە پەنجەی شارەکانیتری کوردستان داوە، شاعیرانء زانایان لەبواری
( ).هۆشیارکردنەوەو ڕۆشنبیرکردنی گەلی کورددا ڕۆلی پێشڕەوێتیان بینیوە

پرۆسەی خوێندن لە کوردستان لە دوا ساڵەکانی دەسەڵاتی عوسمانیدا، لە ئەوپەڕی خراپیدا
بوو، چونکە دەوڵەتی عوسمانی بەهێچ شێوەیەک بایەخی بەم بوارە نەئەدا، بەڵکو پێی
وابوو خوێندنء فێرکردن ناچێتە خانەی ئەرکء چالاکیەکانیء بەرپرسیاریەتی ئەمەی دەخستە
ئەستۆی تاکە کەسء کۆمەڵەوە. جگە لەوە بارودۆخی شەڕ هەموو شتێکی لەبیر خەڵکی
( ).بردبۆوەو هەرکەسە خەریکی پاراستنی گیانی خۆیء دابین کردنی خۆراک بوو

جگە لە بواری زانست، شاری کۆیە ڕۆلی گەورەی لە بایەخدان بە ئاهەنگء مۆسیقاو مەقام و
داهێنانی ئاوازی تازەو پێشکەوتوودا هەبووە، لەوانە: مەلای گەورەو حاجی مەلا عەبدولڵای
باوکیء ئەمین ئاغا "ئەختەر(*)"ی کوڕی بەکر ئاغا بوو. موسوڵمانء گاور لە مەقام
( ).گوتندا هاوڕێء دۆستی یەک بوون، جیاوازی ئاینی کاری لەسەر ئەم بوارە نەکردووە

زاناو شاعیرو گۆرانی بێژە هەڵکەوتووەکانی کورد لە نزیکء دوورەوە ڕوویان لە کۆیە
کردووەو کردوویانە بە مەڵبەندی چالاکیەکانی خۆیان، زانیاری و هونەری شیعرو گۆرانیان
تێدا بڵاوکردۆتەوە، لە هەمان کاتیشدا زانستء هونەری تازەی لێوە فێربوون، تا بووە بە
شارێکی زیندووو نێوچەیەکی زانست و هونەری شیعرو ئاوازی مەقامی کوردی بە ناوبانگ، بە
تایبەتی لەسەدەی نۆزدەهەم دا کە شاعیرو هونەرمەندی تێدا بە دیار کەوتووە،
کاربەدەستء زانستء هونەر پەروەری وەک حاجی بەکر ئاغا " قاید 1875 - 1853 "
ئەمین ئاغا " ئەختەر 1839 - 1887 "ی تێدا هەڵکەوتووە، ئەمانە بە درێژایی تەمەنیان
کۆڕو دانیشتنەکانی ناو دیوەخانەکانیان هەردەم گۆشەی ئەدەبء هونەری ڕەسەنی کوردی
بوون. مەقام بێژی بلیمەتی کورد "مەربێن کوڕی قەشە شابیل" بە دەنگە زوڵالء
سیحراویەکەی مەقامی ووتووە ( )

باسی حەوتەم: بارودۆخی شارستانی

شاری کۆیە لەو شارە مێژوویء دێرینانەیە کە لە بنیات نانی شارستانیەتیدا جێ پەنجەی
دیارە، بوونی ژمارەیەکی زۆر لەشوێنەوارو دۆکیۆمەنت بەڵگەی دروستء حاشا هەڵنەگرن
لەوەی ئەم شارە خاوەن ڕابردوویەکی قوڵە.( ) یەک لەو بەڵگەو دۆکیۆمەنتانەی کە باس
لەمێژووی ئەم شارە دەکات کتێبی"قاموس الاعلام" ە کە لە ئەستەنبۆڵ لە ساڵی 1896دا
دەرچووە، لەبارەی ( کۆیە ) ەوە دەڵێ: " ژمارەی قەزاکە (18000) کەسە لەمانە (500)
کلدانء (160) ئیسرائیلی، ئەوانی تر موسوڵمانء کوردن ... ناو شارەکە (10000) کەسە،
قەڵاتێکی کۆنء جامعێک ء (10) مزگەوتء سێ مەدرەسەی عیلمیو شەش سوختەخانەو سێ تەکیەء
(360) دوکانء سێ حەمامء یەک فڕنء (18) ئاشی ئاوی تێدایە".( )

لەسەر بەردێکی گەرماوی "پیسکان (*)" مێژووی 1111 ک دەبینین کە دەکاتە 1700 ز،
واتە سێسەد ساڵ لەمەوبەر، ئەمە بەڵگەیە بۆ چڕی دانیشتوانی کۆیەی ئەودەمە، چونکە
بکرێ دروست لە نێوشاردا گەرماو کە بووە واباو.( )

جگە لەوە، هەر لە سەرچاوەی ئاوی حەمامۆکەوە تا "ئاشی ئەلیاس(**)" کە درێژیەکەی شەش
کم دەبێ ئاوەدانی تێدابووە، هەروەها ئەوبەری شیوی ڕەزەکانی شوێنەواری کۆنی پێوە
دیارە، مەخابن تا ئێستە زانیاری لەسەر تۆمار نەکراوەو لێی نەکۆڵراوەتەوە.( )

بازاڕە کۆنەکەی کۆیەش نموونەیەکی ڕەسەنء فراوانء دەوڵەمەندی ئاڵوێرو مامەڵەو چالاکی
بزووتنەوەی ئابوری ئەم شارەمان بۆ دەگێڕێتەوە، وەک بازاڕی هەر شارێک کە هەر دەستە
کاسبکارو خاوەن پیشەیەک لەجێگەیەکی تایبەتی خۆیان لە بازاڕ بەیەکەوە دەبن وەک
نێوچەی زێرنگەران، ئاسنگەران، عەتاران، ئێمەنی کالەک دروان، دارتاشان، خەنجەرسازان،
زینء کوپان دروان، کەبابچیان هتد... بازرگانە گەورەکان لە قەیسەریەکانء خانەکان،
دوکانء حوجرەیان هەبووە، تەنانەت جێگەی سەربڕینی ئاژەڵ "سەلاخانە" لە کەنارێکی
شارەکە بوو.( )

کۆیە لەو شارانە نیە کە لە دەشتایی یان لە ڕۆخی زێیەکدا بەڕێکءپێکی دروست کرابێ،
بەڵام شارێکی دێرینەو وێران بووەو جێگۆڕکێی پێکراوەو تازەکراوەتەوە، زۆر شەڕو
نەخۆشیء گرانیء نەهامەتی دیوەو چۆل بووە. کۆیە (*) لە سێجێگە دروست کراوە:-

ئەسکی کۆ: ئەمە گوندێکی چوار پێنچ ماڵیەو کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی شاری کۆیە.

کاولەکۆ: لە ئاشانەوە دەست پێ دەکات تا سەروچاوەی حەمامۆک کە کەوتۆتە باکوری شاری
کۆیە. فتنەکۆ: کە جێگەی ئێستەکەی (کۆیە) یە، لە شیوێک پێکهاتووە لەڕۆخ گردی
(کەکۆن)، دیارە هۆکاری ناولێنانی بەم ناونیشانە بەڵگەی ئەوەیە کە ئەم شارە تووشی
شەڕو کوشتارێکی زۆر بووەو خوێنی لێ ڕژاوە.( )

ئەوەی جێگەی سەرنج و تێڕامانە ئەوەیە کە کۆیە کاتی خۆی خاوەنی شورە بووە، سەد
ساڵێک دەبێ کە نەماوە، چوار دەرگەی سەرەکی هەبووە کە ئەمانەن:

1 - دەرگەی لای قونگرە لە ڕۆژهەڵات. 2- گەروی سۆرکێ لە باشوری ڕۆژ ئاوا. 3-
خۆشناوان لەباکور. 4- لای مزگەوتی مەلا ئەسعەد لە باکوری خۆرهەڵاتی شارەکە.( ) ئەم

شورەیە بۆ خۆی داستانێکی دارایی بەهێزو گەورەی ژیاری شارەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە،
بوونی دەرگەو پاسەوانی کردنیء داخستنء کردنەوەء نوێکردنەوەی، ئەمانەء چەندین ئەرکی
قورسی تر کە تێکڕایان بە میرنشین نەبێ ناکرێ، کەچی کۆیە وەک بابانء سۆرانء ئەردەلانء
ئامێدی بۆ ماوەیەکی کورت نەبێ میرنشینی نەبووە، کەواتە قورسایی ئەم تێچونانە
( ).کەوتۆتە ئەستۆی خەڵکی کۆیە کە ئەمەش لایەنی خۆبەڕێوەبردنی کۆیەمان بۆ ڕادەگەینی

لە شاری کۆیەو دەورو بەریدا چەندین شوێنەواری دێرین هەیە لەوانە: قەڵای (کەکۆن) کە
) هەیە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە (*)پاشماوەی بابانەکانەو لە دەوروبەرەکەیدا (باوەجی
بۆ سەردەمی زەردەشتیەکانء لە گوندی (خرابە) پاشماوەی خشتی سوری لێ دۆزراوەتەوە کە
لە خشتی بابلی دەچێء لە گوندی (ساتوقلعە) لەوحەیەک دۆزراوتەوە کە هاوکێشەی جەبری بە
زمانی مسماری لەسەر هەڵکەنراوە.( ) کە لەوانەیە پاشماوەی کۆنی فارسەکان بێت، چونکە
) هەیە کە (**)بە مسماری دەیان نووسی، لە گوندی تۆبزاوە کەنیسەیەک بەناوی (ماربهنام
دیانەکان بە "مەربین قەدیشە" ناوی ئەبەن، کەچی موسوڵمانەکان پێی دەڵێن "شێخ محەمەدی
دێرێ". جگە لەوانە قەڵای شیلەو جلبەسەرو قاز بەگیان و کۆکتەپە و شێخ ئەلوانء سکتانء
حەمامۆکء ئەسکیکۆء قەیسەریء ئاقاری گۆمەشین خرابەو قەلاسردو چنارۆکء میرسەیدء قەسرێء
ئاوەگردء دۆڵی سماقولیء سەرچیای باواجیء گردگورانء گۆمەتاڵء الاالله، هەموو ئەمانە
( ).شوێنەواری دێرینیان تیایە

لەڕۆژئاوای کۆیە چەندین شوێنەواری مێژوویی هەیە کە ئێستەش پاشماوەی شورەو قەڵاء
قوللەی پێوە دیارە، لەوانە شاری (لەندەهۆ) لەنزیک گوندی (گۆمەشین شێخان) ە، شاری
(غەریب) لە سنوری گوندی (شاخەپیسکە) یە.( ) هەروەها لەگوندی سوێرەلە شوێنەواری
سەرمەیدان کە لەدەشتی کۆیە ناسراوە بە "بانۆی بڵند" کە لەباشوری ڕۆژهەڵاتی
سوێرەلەیە، پاشماوەی شوێنەواری گۆڕو قەڵاتی لێیە، سواڵەت (الفخار)ی ئەوتۆی لێیە
کەمێژووەکەی بۆ سەردەمی ئەشکانیەکان، واتە 250 پ.ز تا سەدەی یەکەمی زاینی
( ).دەگەڕێتەوە

بەردە ئەستێکانی نێوچەکە سەردەمی ئەو شوێنەوارانەی کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ
کۆتایی چاخی بەردینی سەروو بەنزیکەی دوانزە هەزار ساڵ بەر لە زاین دیاری دەکەن،
هەندێکیشیان بۆ چاخە مێژوویی‌یەکان دەگەڕێتەوەء دەتوانین لەناویاندا سەردەمی ئاشوریء
ئەشکانیء ساسانیء سەردەمی ئیسلامی دەست نیشان بکەین. جگە لەوانە سواڵەتی کوردی
(گۆزەو گلێنە) کە ڕەنگێکی سوریان هەیە لە زۆربەی شوێنەواری نێوچەکەدا دۆزراوەتەوەو
ناسراوە بە سواڵەتی کوردیء مێژووەکەی بە 400 - 800 ساڵ دادەنرێ . جگە لەوانە
ژمارەیەک قەڵا لە نێوچەکەدا هەیە، لەوانە قەڵاتی(قەسر) کە کەوتۆتە گوندی قازبەگیان،
شوێنەوارەکەی بەپێی گۆزەو گلێنەکان بۆ سەردەمی ساسانی " 227 پ.ز 63 ز "
دەگەرێتەوە، واتە ژیان لەم نێوچەدا زوو دەستی پێکردووەو دواتریش ئاینی زەردەشتی
)یە، کە بایەخێکی مێژووی گەورەی ( )باڵادەست بووە، باشترین نموونەش قەڵای (شیلە
هەیە، ئەم شوێنەوارە دەکەوێتە باشوری شاری کۆیەو باشوری گوندی (هەرمۆتە)،( ) گوندی
شیلە کاتی خۆی شارێکی گەورەبووەو خاوەنی پەرستگە بووە، نیشانەی هونەربیناسازی
( ).ساسانیەکانی پێوە دیارە، کە بۆ چاخی پێنجەمی زاین بە دواوە دەگەڕێتەوە

لەو باوەڕەداین کە مێژووی شاری کۆیە بەپێی ڕەوتی ڕووداوەکانء ئەو شوێنەوارە
دێرینانەی کە جێماون، هەموویان بەڵگەی دروستء حاشا هەڵنەگرن لەسەر دێرینی مێژووی
پڕ سەروەری ئەم شارە، کە بەبەردەوامی لەدێر زەمانەوە پێگەی زۆرانبازی هێزە
داگیرکەرەکان بووە، ئەمەش بۆ هەڵکەوتەی جوگرافی دەڤەرەکە ناسراو بە ناوەندێکی
بازرگانی و دەوڵەمەند لە ڕووی سامانی سروشتی دەگەڕێتەوە. هەرچەندە ئەم شارە لەژێر
گوشارێکی زۆری هێزی دەرەکی بووە، بەڵام سەری بۆ هیچ داگیر کەرێک دانەنواندوە، بەڵکو
خۆراگر بووەو بە بەردەوامی تەنگی بەهێزی داگیرکەران هەڵچنیوە، لەو ڕووەشەوە باجی
گەورەی داوەو بە بچوکی ماوەتەوە، بەڵام سەربەرزانە توانیویەتی پارێزگاری لە کلتوورو
مۆرکی کوردانەی خۆی بکاتء بوار نەدات بەهیچ هێزێکی بیانیو نامۆ بەیەکجاری تیایدا
.بمێنێتەوە

بەشی دووەم

کـــۆیە لەنـــێوان ســـاڵانی

1918-1945 دا

باسی یەکەم: کۆیەو هاتنی ئینگلیز

عێراقی ئیمڕۆ بەر لەجەنگی جیهانی یەکەم سێ ویلایەتی لەخۆ دەگرت، ئەویش (بەسرەو بەغدادو موسڵ) بووە، کە بەشێک بوو لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، دواتر ئەم بەشە ڕۆلێکی گرنگی لە سیاسەتی نێودەوڵەتی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا بینی، چونکە زۆربەی دەوڵەتەکان بەرژەوەندی بەرفراوانیان لەم هەرێمەدا هەبوو.( )

بەریتانیا یەکێک بوو لەو دەوڵەتە داگیرکەرانەی کە خولیای دەست بەسەراگرتنی ئەم نێوچانە بوو بەچەند سەدەیەک بەر لەداگیر کردنی.( )

تەنانەت ئینگلیزەکان بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی، سەرجەم نێوچەی کەنداویان بەنێوچەکانی نێوبازنەی دەسەڵاتی خۆیان دەزانی، بەردەوام چاودێری ووردی ئەم نێوچانەیان دەکردو لە دەرفەتێک دەگەڕان، زیاتر شوێن پێی خۆیان لە کەنارەکانی کەنداو قایم بکەن.( ) دواتر هەنگاوی پێویستیان بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە نا، ئەویش بەخۆ نزیک کردنەوە لەم نێوچەیە لە ڕێگەی دروست کردنی پەیوەندی بازرگانیو دامەزراندنی کۆمپانیاو بنکەی بازرگانی، ئەمەش ڕێگەی بۆ دروست بوونی دەسەڵاتی سیاسی خۆش کرد.( )

ئینگلیزەکان لەسەردەمانێکی زووەوە بەبێ جیاوازی کردن هەوڵیان داوە پەیوەندی بەگەلانی ناتورکی نێو چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانی بکەن، وەک چۆن گرنگیان بەعەرەبو ئەرمەن دەدا، ئاوا بەگەلی کوردیش، هەربۆیە تا دەهات زیاتر جموجۆڵیان لەنێوچەکانی کوردستان پەیدا دەکردو لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا زیاتر لەجاران ئینگلیزەکان کەوتنە خەمی داگیرکردنی کوردستانو ئامانجیان زیاتر ڕوون دەبۆوە. فاکتەری ئەم بایەخ پێدانە زۆرە بەپلەی یەکەم بۆ بونی سامانی نەوت لە کوردستان دەگەڕایەوە.( ) هەربۆیە بەریتانیا پێش هەڵایسانی جەنگی جیهانی یەکەم کەوتبووە خۆو خەریکی ئامادەکردنی پلان دانانو داگیرکردنی میسۆپۆتامیابوو.( ) ئەم راستیەش زۆر بەڕوونی لەو بۆچوونەی (لۆرد کیرزۆن) دا بە دیار دەکەوێ کە لە ساڵی 1911 لە بەردەم ئەنجومەنی لۆرداتی بەریتانیا دەربڕیو وتی: (هەڵەیەکی گەورەیە گەر واتێبگەین بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا تەنها لە ئاوی کەنداو دایە یان لەنێوچەکانی نێوان بەغداو بەسرە کۆتایی دێت، بەڵکو زۆر دوورتر تێپەر دەبێت)، بێگومان لێرەدا مەبەستی (ویلایەتی موسل) ە کە باشوری کوردستان لە نەخشەی سیاسەتی بەریتانیاجێگەیەکی دیارو بەرچاوی هەبوو.( )

دواتر بەریتانیا توانی کۆتایی بەدەسەڵاتی عوسمانی لەسەر هەرسێ ویلایەتەکە بهێنێ.( ) ئیتر بەریتانیا بەرنامەی بەڕێوەبردنی ئەم ویلایاتانەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دانا.( )

کۆیە بەر لە هاتنی ئینگلیزەکان لە بارودۆخێکی زۆر خراپدا بوو، گرانی باڵی بەسەر کۆیەو دەوروبەریدا کێشابوو، سوپای عوسمانی وورەی ڕووخابوو، لەهەموو لایەکەوە دەکشایەوە، سوپای ئینگلیز جێگەی دەگرتەوە، شاری کۆیە بەتەواوی شلەژابوو، خەڵک هەستی بەئاسودەیی نەدەکرد، چونکە ئاسایش بەرقەرار نەبوو، لەسەرو ئەمانەشەوە شەڕو پێکادان لەنێوان عەشیرەتی بلباسو بنەماڵەی عەبدوللاغای حەوێزی لە کۆیە ڕوویدا، لە هەردوولادا کوشتار هەبوو، ئەمە جگە لەوەی پەیوەندی نێوان هەردوو بنەماڵەی حەوێزیو غەفوری ئاسایی نەبوو، بۆیە عەبدوللاغا هێرشی بلباسی بەپیلانی حەماغای غەفوری دەزانی، ئا لەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا ئینگلیزەکان هاتنە کۆیەو کەسایەتیە ناودارەکانی پێشوازی لێکردن.( )

بەر لە هاتنی کاپتن (هی) بۆ ئەم شارە لەڕێگەی بروسکەیەکەوە ئاگاداری بارودۆخەکە بوو، پێش گەیشتنی بۆ کۆیە نامەیەکی لە حەماغای کۆیە بەدەست گەیشت، ئەویش بەناوی حاکمی شار وەڵامی دایەوە.( ) لەڕۆژی 15 / 12 / 1918دا کاپتن (هی)و چەند سەربازێکی ئینگلیز گەیشتنە شاری کۆیە، دوای گەیشتنیان چوونە ناو سەرای کۆیەو لەوێدا

کۆبوونەوەیەک ساز کراو مەلا مەحمەدی جەلیزادە بەناوی دانیشتوانی شارەوە بەخێرهاتنی کاپتن (هی) کرد.( )

یەکەمین کاری کاپتن (هی)، کردنەوەی فەقیرخانەیەک بوو کە تیایدا رۆژانە (3000) کەس کە زۆربەیان هەتیو بوون، سێ ژەمە خواردنیان بۆ دابین دەکراء جلی تایبەتیان پێدەدرا، ئەم کارە بووە هۆی سوک کردنی بەشێک لەو قەیرانە ئابورییەی کە ڕووبەڕووی کۆیە بوو بۆوە.( )

کاپتن (هی) حاکمی سیاسی و سەربازی شاری کۆیەء دەوروبەری بوو کە سنورەکەی درێژ دەبۆوە بۆ نێوچەی خۆشناوەتیء بێتوێنء ڕانیە ء پشدەر، ئەوەی زیاتر جێگەی بایەخی ئەم حاکمە بوو، دووبارە ڕێکخستنەوەی ئیدارەی کۆیەء نێوچە شێواوەکەی بوو کە بەهۆی ململانێی عەشائریەوە، بەتایبەتی لەنێوان هەردوو بنەماڵەی حەوێزیء غەفوری کە خاوەنی ژمارەیەکی زۆری گوندەکانی چوار دەوری شارەکە بوون شڵەژابوو.( )

بۆ ڕێکخستنەوەی کاروباری شاری کۆیە کاپتن (هی)پێکهاتەی کارگێڕی کۆیەی دامەزراند، کە لە ئیدارەی ئەمڕۆ دەچوو، بەڵام ئەو کات بە قائمقامی قەزایان دەووت حاکمیشار. حەماغای غەفوری کرا بە حاکمی شار، جەمیل ئاغای حەوێزی بە جێگریء، مەلا محەمەدی جەلیزادەش بە قازی، فەتاح عەبدوللا حەوێزی بە سەرۆکی شارەوانی، مەلا ئەحمەد ئاغا بە بەڕێوەبەری پۆلیس دانران.( )

دانیشتوانی کۆیە بەهاتنی ئینگلیز بۆ شارەکەیان زۆر دڵخۆش بوون، ئەوەتا مەسعود مەحمەد لە کتێبی (گەشتی ژیانم) دا دەڵێت (ئینگلیزەکان لە گشت ڕوویەکەوە لە عوسمانیەکان باشتر بوون، چ لە ڕووی ڕەفتارو چ لە ڕووی ئەوەی خەڵک لە سیاسەتی کوشتنء بڕینء بە تاڵان بردنی سامان و سەپاندنی باجی ناڕەوادا ڕزگاریان بوو. بەپێچەوانەوە هەر کە ئینگلیزەکان هاتنە کۆیە فەقیر خانەیەکیان کردەوەو شار خاوێن بۆوە لەپیسیء جەردەییء ڕاوو ڕووتی فەرمانبەرە عوسمانیەکان).( ) هەر لەم بارەیەوە کاپتن (هی) دەڵێت: (خەڵک پێیان گوتم ئەگەر حکومەتی بەریتانی یەک مانگی تر دوابکەوتایە لە هاتنی بۆ کۆیە، ئەوا خەڵکەکەی چۆلیان دەکردء بەجێیان دەهێشتء بە هەزارەها خەڵک لەبرسان بە هیلاک دەچوون).( )

توێژەر لەو باوەڕەدایە کەوا خەڵکی کۆیە بە ڕادەیەک لە ڕەفتاری کاربەدەستانی عوسمانی بێزار بوون، ئامادەبوون پێشوازی لەهەر هێزێکی تر بکەن کە لەسایەیدا دەروازەیەکیان بەڕوودا بکاتەوەو ڕزگاریان بکات لە برسێتی. دەتوانین بڵێین ئینگلیزەکان لەو کاتەدا باشترین هێزبوون کە تاڕادەیەک لە ئاستی ئەو پێداویستیانە بوون.

شایانی باسە کە تا حەماغا لە ژیاندا مابوو بارودۆخەکە بەگشتی ئارام بوو، بەڵام لە دوای مردنی، کە ئینگلیزەکان بەڕەسمی بەشداری ناشتنیان کرد، ڕەوشەکە بەتەواوی شڵەژاو تێکچوو، پاشان جەمیل ئاغای حەوێزیان لە جێگەی دانا، ئەم بڕیارەش غەفوریەکانی نیگەران کرد، چونکە پایەی قائمقامیان بەهی خۆیان دەزانی.( ) لە ڕاستیدا کاپتن هی، مردنی حەماغای بە زیانێکی گەورە دەزانیء دانی بەوە دانا کە ئەگەر ئەو پیاوەچەند مانگێکی تر بژیایە ئەوا زۆربەی کێشەو ناکۆکیەکان چارەسەر دەکران، هەروەها پێی وابوو کە جەمیل ئاغا بەڕادەی حەماغا بەتوانا نەبووە، هەربۆیە دوای مردنی هەندێ لە کۆنە خوازو ژمارەیەک لە ئاغای پیلانگێر خەریکی دروست کردنی ئاژاوە بوون، ئەمەش هەڕەشە بوو لەسەر ئاسایشی شارەکە، ئەو کاتەش یاریدەدەری حاکمی سیاسی لە کۆیە ئەو هێزەی نەبوو کە بتوانێ ڕووبەڕوویان بێتەوە.( ) هەر بۆ نموونە پاش کۆچی دوایی حەماغا، ئەندامانی (بەلشەڤیک) لە ساڵی 1920 دا بەسەر قشڵەی کۆیەیان داداو دەستیان بەسەری داگرت. پاش ئەوە جێگری حاکمی سیاسی کۆیە کە (برادشۆ) بوو شارەکە بەجێ دێلی بەرەو هەولێر دەچێ.( )

خەڵکی کۆیە داوا لە کاپتن هی (حاکمی سیاسی هەولێر) دەکەن کە (برادشۆ) بنێرێتەوە کۆیە، ئەویش ڕەزامەندی نیشاندا، بەو مەرجەی کە هەریەک لە عەبدوللا ئاغای حەوێزی ڕەسول ئاغای غەفوری کوڕێکیان وەک بارمتە بۆ هەولێر بنێرن.( ) بە ڕۆیشتنی برادشۆ لە کۆیە، شارەکە بێ دامء دەزگەی میری مایەوە، هەربۆیە پیاوە ناودارەکانی ئەم شارە ئەنجومەنێکیان بە سەرۆکایەتی مەلای گەورەی کۆیە بۆ هەڵسوراندنی کاروباری نێوچەکە

دروست کرد، تیایدا هەریەک لە جەمیل ئاغای حەوێزیء عەبدوڵڵا ئاغای حەوێزیء کەریم ئاغای غەفوریء ئەحمەد ئاغاء سمایل ئاغاء ڕەسول ئاغا ئەندام بوون.( ) ئەوەندەی نەبرد ئینگلیزەکان گەڕانەوە کۆیە، دوای ئەوەی ئەو مەرجانەی کەدایان نابوو هاتەدی. ئینگلیزەکان نەخشەی دەرکردنیان لە کۆیە بەپیلانی عەبدوڵڵا ئاغای حەوێزی دەزانی کە باوەڕپێکراوی شێخ مەحمود بوو لە نێوچەکەدا (کاتی خۆشی لە پیاوە نزیکەکانی عوسمانی بوو)، هەربۆیە برادشۆ لە کۆیە فەرمانی دورخستنەوەی عەبدوڵڵا ئاغای حەوێزی بۆ شاری بەغداد بۆ ماوەی ساڵێک دەرکرد.( )

لە حوزیرانی 1922 دا سەرهەنگێکی عوسمانی بەناوی (ئۆزدەمیر) هاتە نێوچەی (*) ڕەواندوز، بە ئاشکرا ڕایگەیاند، کە هاتنەکەی بەمەبەستی دەست بەسەراگرتنی ویلایەتی موسڵە. ئۆزدەمێر توانی پشتیوانی ژمارەیەک لە هۆزە گەورەکانی کورد مسۆگەر بکات، لەوانە: هۆزی سورچی، خۆشناو، زەنگەنە، هەمەوەند، پشدەر. بەمجۆرە لە نێوچەی هەولێرو کەرکوکء سلێمانی ناوبانگی دەرکرد.( )

لە ساڵی 1922 لە ژێر فشاری هێزەکانی ئۆزدەمیرو ژمارەیەک لە هۆزەکانی نێوچەکەدا، هێزەکانی ئینگلیز لە نێوچەی پشدەرء ڕانیە دەرپەڕێنرانء ناچارکران بەرەو کۆیە بچن، دواتر خۆیان لە (کۆیە)ش نەگرت بەرەو تەق تەقء پردێ پاشەکشەیان کرد، لەم بارەیەوە عەبد جاسم(*) دەڵێ: "ئینگلیزەکان بە خۆیان ء(75) بریندارەوە بەشپرزەیی لە دەشتی بیتوێن گەیشتنە کۆیە، لە بەرەبەیاندا دەرگەی مزگەوتەکانیان گرتء هەرکەسێ بۆ نوێژ کردن بهاتبایە دەیان گرتء بە چوار کەس بریندارێکیان پێ هەڵدەگرتنء بەرەو تەق تەق دەیان بردن، زۆربەیان بێ پشتێنء سنگ بەڕەڵڵاء هەندێکیشیان بەسەری ڕووت بوون".( )

کۆیە وەک شارەکانی تری کوردستان هێشتە بە تەواوی دەسەڵاتی ئینگلیزی تێدا جێگیر نەبوو بوو، موچە خۆرء نۆکەرانی عوسمانی بەناوی دەوڵەتی ئیسلامیەوە پڕوپاگەندەء چاوڕاویان دەکرد،( ) ئەمە بووە هۆیەک کە هەندێ لە خەڵکی نەفامی کۆیە کە لایەنگری عوسمانی بوون، داوا لە ئوزدەمیر بکەن کە هێزی تورکی ڕەوانەی کۆیە بکات.( ) لەم ڕووەوە هەندێک کەسایەتی وەک مەلا حەویز ئاغای غەفوریء کەریم ئاغای حەوێزیء عەبدوڵڵا ئاغای حەوێزی پێشوازیان لە سوپای تورک کرد،( ) بەم شێوەیە تورک ساڵی 1922 جارێکی تر هاتنەوە کۆیە، لە ئەنجام دا (ڕەمزی بەگ) ی تورک کرا بە قائمقام و (ناجی) بووە لێپرسراوی سەربازیء ئەوڕەحمان ئاغا کرا بە لێپرسراوی بنکەی پۆلیسء عەبدولفەتاح ئاغای کوڕی عەبدوڵڵا ئاغا بەبەڕێوەبەری ناحیەی تەق تەق دانرا.

ئەم بارودۆخە ئینگلیزەکانی زۆر نیگەران کرد، بۆیە بڵاوکراوەیەکی چاپکراویان بە زمانی فارسی بە فرۆکە بەسەر نێوچەکەدا بڵاوکردەوە، کە تیایدا هەڕەشەکردن بوو لەو تورکانەی کە سەرلەنوێ هاتبوونەوە نێو ویلایەتی موسڵء سەرگەرمی پیلان گێڕان بوون، هەر لەوێدا ئینگلیزەکان هەڕەشەی هێرشی سەربازیان ڕاگەیاند، لە هەمان کاتدا داوایان لە خەڵک کرد کە لەو پیاو خراپانە دوور بکەونەوە، بۆ ئەوەی گیانیان پارێزراو بێت، بەپێچەوانەوە تووشی سزا دەبن.( ) ئینگلیزەکان مۆڵەتی سێ ڕۆژیان بەهێزی تورکەکاندا، بۆ کشانەوەی هێزەکانیان لە کۆیە.( ) بەڵام لە ڕاستیدا تورکەکان ئەم بڵاوکراوەیان پشتگوێ خست، بۆیە ئینگلیزەکان لەساڵی 1922 دەستیان بە بۆردومان کردنی شاری کۆیەء دەوروبەرەکەی بە فڕۆکە کرد. خەڵکی شاری کۆیە بەناچاری بە ڕۆژ شاریان چۆل دەکردو بە شەو دەگەڕانەوە، ئەم بۆردومان کردنە بووە هۆی کوژرانء بریندار بوونی ژمارەیەک لە دانیشتوانی شارو ڕووخاندنی چەند خانوویەک.( ) بۆردومانەکە نزیکەی حەوت ڕۆژی خایاند.( )

لە یەکی تشرینی یەکەمی 1922 دا بەهۆی کردەوە سەربازیەکانی هێزی ئاسمانی ئینگلیز توانرا تورکەکانء یاخیبووەکان لە کۆیەء قەڵادزەو ڕانیە دەربکرێن،( ) گەرچی کردەوە ئاسمانیەکانی سەرکەوتوو بوون بەڵام بەتەواوی توانای دابین کردنی ئاسایشی نێوچەکەیان نەبوو، بۆیە بەشێوەیەکی نارەسمی مۆڵەت درا بە ئەفسەرە سیاسیەکان کە بە پیاو ماقوڵانی ناوخۆ ڕابگەیەنن کە بەریتانیا مەبەستیەتی بوار بە کورد بدات خۆیان ئیدارەی خۆیان بکەن.( )

بەم شێوەیەو جارێکی تر ئینگلیزەکان گەڕانەوە کۆیە کە ژمارەیەکی زۆر سەربازی هێندیان لەگەڵدا بوو. ئەمەش وای لە لایەنگرانی تورک کرد، کۆیە بەجێبهێڵنء بەروە

ئێران و تورکیا بڕۆن، لەوانە عەبدوڵڵا ئاغای حەوێزیء چەند کەسانێکی تر کە دواتر شێخ (تەهای شەمزینی) لێبووردنی بۆ وەرگرتنء بۆ کۆیە گەڕانەوە، بەڵام جەمیل ئاغا کە ئەوکاتە قائمقام بوو داوای لە ئینگلیزەکان کرد کە نەگەڕێنەوە نێو شاری کۆیە، بەڵام کاپتن (لاین) کە حاکمی سیاسی بوو ئەم داوایەی ڕەت کردەوە گوایە ئەم هێزە بە فەرمانی مەندوبی سامی هاتووەو هەردەبێ بچێتە نێو کۆیە ( ).

لە ڕاستیدا بەرنامەی ئینگلیزەکان وابوو کە بەیەکجاری ئوزدەمیر لە ڕەواندوز دەربکەنء لەچەند لایەکەوە هێرشیان کردە سەریانء لە ئەنجامدا تورکەکان هەڵاتن ( ).

لەو ماوەیەی کە جەمیل ئاغای حەوێزی قائمقامی قەزای کۆیە بوو، ( ) نێوچەکە ئارامیەکی باشی بەخۆیەوە بینی، ناکۆکیەکانی هەردوو بنەماڵەکە لەڕێی ژنء ژنخوازیەوە بەرەو نەمان چوو. ( ) جەمیل ئاغا تا ساڵی 1932 لە پایەی قائمقامی کۆیە دەمێنێتەوە، دواتر دەگوێزرێتەوە بۆ ڕانیەء لە ساڵی 1933 دا بە یەکجاری وازدەهێنێ، بەڵام لە ساڵی 1939 ەوە دەبێتە نوێنەری کۆیە لە ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق تا ساڵی 1946. ( ) لەو ماوەیە دا جەمیل ئاغا ڕۆڵێکی بەرچاوی لە پارێزگاری کردنی کەمایەتیە ئاینیەکانی کۆیەدا (جولەکەء دیان) بینی ( ).

کۆیە تا ساڵی 1950 لە چوار گەڕەک پێکهاتبوو، کە بریتی بوو لە: قەڵات، بایز ئاغا، بەفریقەندی، هەواو. تەنها یەک ناحیەی هەبوو کە تەق تەق(*) بوو، ( )

## باسی دووەم: کــۆیەء شۆڕشەکانی شێخ مەحمود

پەیوەندی دۆستایەتیء ئاشنایەتی لەنێوان بنەماڵەی حەوێزیء شێخەکانی سلێمانیدا کۆنە، زۆر جار کاک ئەحمەدی شێخء حاجی بەکر ئاغای حەوێزی نامەیان بۆ یەکتر ناردووە ( ).

لە 15 /11 / 1918 دا شێخ مەحمود حکومەتێکی کوردی لە سلێمانیء دەوروبەری پێک هێنا، واتە مانگێک پێش گەیشتنی هێزەکانی ئینگلیز بۆ شاری کۆیە. هەر ئەوودەمە شێخ مەحمود نامەی بۆ زۆر لە سەرۆک عەشیرەتء دەسەڵاتدارو پیاو ماقوڵانی کوردستان نارد، بەمەبەستی دان پێدانانء چەسپاندنء چوونەپاڵ ئیدارەکەی. لە کۆیە عەبدوڵڵا ئاغای حەوێزی لەو کەسانە بوو کە لایەنگرو دڵسۆزی شیخ مەحمود بوو، هەر بۆیە شێخ مەحمود نەیتوانی سۆزی حەماغای غەفوری بەلای خۆیدا ڕاکێشی، چونکە ئەم دوو بنەماڵەیە لەگەڵ یەکدا ناکۆک بوون، بەڵام کاتێک کە ئینگلیز هاتە کۆیە حەماغای کردە حاکمی شارو دەوروبەری چونکە لایەنگریان بوو ( ).

سنوری دەسەڵاتی شێخ مەحمود تا دەهات فراوانتر دەبوو، تالە ساڵی 1919 دا گەیشتە کۆیەو ڕانیەء ڕەواندوز. ( ) هەر ئەوودەمە شێخ مەحمود فەرمانێکی دەرکرد بە دانانی"شێخ عوسمان" وەک قائمقامی کۆیە. بەڵام ئەم بڕیارە بووە هۆی نیگەرانی حەماغای کۆیی کە کاپتن(هی) بە حاکمی شاری کۆیەء دەوروبەری دانابوو. ئینگلیزەکان هەوڵیکی زۆریان بۆ هێورکردنەوەی حەمەئاغا دا، کە گوایە شێخ عوسمان بەنێوی یەکلاکردنەوەی کێشەی حەوێزیء غەفوری هاتووە، بەڵام ئەم هەوڵانە بێ سود بوو، چونکە حەماغای غەفوری ناکۆکی دێرینی لەگەڵ شێخەکانی سلێمانیدا هەبوو، ئەمە جگە لەوەی (ڕەشید ئەفەندی) کە کۆنە ئەفسەرێکی تورک بوو لەگەڵ شێخ عوسمان هاتبووە کۆیە، بەردەوام خەریکی بەندکردنی جولەکەو دیانەکانی کۆیە بووء داوای پارەی لێ دەکردن، ئەوانە بوونە هۆی دروستبوونی گرفتء کێشە، بۆیە ئینگلیزەکان داوایان لە شێخ عوسمان کرد کە بەنێوی (نوێنەری تایبەتی شێخ مەحمود)ەوە کار بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە بکات ( ).

حەماغای کۆیە ئەم پشگیری کردنەی بەریتانیای بە هەلزانی تا بتوانێ جارێکی تر دەسەڵات بگرێتەوە دەست، بۆ ئەم مەبەستەش هەموو هەوڵء تەقەلاکانی خستەگەڕ، چونکە زۆر نیگەران بوو لەو فەرامۆش کردنەی کە لەلایەن شێخ مەحمودەوە بەرامبەر لاتەریک کردنی دەسەڵاتی درا. هەر ئەوودەمە حەماغا ئاگاداری "شیخ عوسمان"ی کرد کە لە ماوەی شەوو ڕۆژێکدا

کۆیە بەجێبهێڵێ بگەڕێتەوە سلێمانی، ئەویش هەستی بەمەترسی ڕەوشەکە کرد، لەوە
تێگەیشت کە زۆربەی دانیشتوانی کۆیە پاڵپشتی حەماغان، بۆیە کۆیەی بەجێهیشتء بۆ لای
( ).شێخ مەحمود گەڕایەوە

لەڕاستیدا دەسەڵاتی شیخ مەحمود تەنیا لەنێوچەی سلێمانیدا بوو، نێوچەکانی ڕەواندوزو
کۆیە هەر بەناو لەژێر دەسەڵاتی ئەم دابوون، گەر هەندێ جاریش ڕەزامەندیان بەرامبەر
شێخ مەحمود پیشان دابێت، ئەوا لە بەر ئەوە بوو کە ئەم نێوچانە پێیان وابووە کە ئەمە
( ).مەرجێکی دەوڵەتی بەریتانیایە

لە ئایاری 1919 دا ئینگلیزەکان چەند هەنگاوێکیان بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی شێخ
مەحمود ن، لەم ڕووەوە (نۆئێل) یان لابردوو لە جێگەی ئەو(مێجەرسۆن ) یان دانا، کەئەمە
بۆخۆی ئاگادار کردنەوەیەکی ئاشکرا بوو بۆ شێخ مەحمود، تا وای لێهات کەرکوکء کفریء
کۆیەء ڕەواندوزء هەڵەبجەء نێوچەی جافەکانیش بەتەواوی لەسنوری دەسەڵاتی شێخ مەحمود
( ).دەرچوون

شێخ مەحمود لەدەستدانی کەرکوکء کۆیەی لە حوکمداریەکەیء هەڵگەڕانەوەی جافەکانی بە
شکستی کەسایەتی خۆی دائەنا کە نەیتوانیبوو وەک پێویست کاریگەریەکی بەهێزی لەسەر
( ).نێوچەکەدا هەبێ

کاتێ کە شێخ مەحمود هەستی بە سیاسەتی دووڕووی ئینگلیز کرد، ئەوجا لە 21 / 5 / 1919
دا شۆڕشی دژی ئینگلیز ڕاگەیاند، پێشتر نامەیەکی بۆ حەماغای غەفوری نارد، بێ گوێ
دانە ئەوەی کە کاتی خۆی (شێخ عوسمان) ی لە کۆیە دەرکردبوو، لەو نامەیەدا داوای
هاوکاری لێ کردبوو، کە لە نێوچەی خۆیاندا هەڵگەڕانەوەیەک دژی ئینگلیز بەرپا بکەن،
حەماغا لەوەڵامی نامەکەیدا نوسیبووی: "ئەگەر شێخ مەحمود نیازی پاکە بەرامبەرمان با
ئەو نێوچەی سلێمانیء کەرکوک بگرێت، ئەوسا ئەوانیش نێوچەکانی هەولێرو موسڵ دەگرن،
بەڵام ئەگەر نیازی خراپە بوار نادەین بە پەڕیندەوی تەنانەت یەک چەکداری شێخ مەحمود،
با زێی کۆیە هێلی جیاکەرەوەمان بێت". ( ) دوای ئەم هەڵوێستەی حەماغا، شێخ مەحمود
گومانی لەزۆربەی کۆیەیەکان پەیدا کرد، تەنانەت (سمایل قادر)ء کوڕانی (حەمدی
مەشور) کۆیی بوون لە ئەشکەوتی جاسەنە بە تۆمەتی کاری سیخوڕی گیران، ئازارێکی
( ).جەستەیی زۆریان دابوون، یەکێکیان لەژێر کاریگەری ئازارداندا گیانی لەدەستدابوو

هەر دوای ئەمە ژمارەیەک لەسەرۆک عەشیرەتەکانء ئاغایانی پشدەر خۆیان ئامادەکردبوو
کۆیە بگرن لەوانە: ڕەزابەگء عیززەت تۆپچیء حاجی رەسول ئاغای پشدەر، دواتر (شێخ
مەحمود) یان لەم پیلانە ئاگادار کردەوەء هانیاندا بۆ ڕازی بوونی، گوایە ئەم کارە
دەبێتە هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر ئینگلیزەکان، بەڵام شیخ مەحمود ئەم پێشنیارەی ڕەت
کردەوەء پەسندی نەکردو ڕایگەیاند کە ئەوان نایانەوێ خوێن بڕژێت بەتایبەتی لە شاری
کۆیەدا کە هەموو پۆلیسء چەکدارەکانی کورد بوونء کوژرانی هەریەکێکیان بەزیانی
خۆیان تەواو دەبێ، جگە لەوەی ئەم کارە مەترسی شەڕی براکوژی لێ دەکەوێتەوە کە ئەوان
( ).بە تەواوەتی بڕوایان پێی نیەو بەهەموو شێوەیەک ڕەتی دەکەنەوە

خەڵکی کۆیە بەگشتی حەزیان بەسەرکەوتنی شێخ مەحمود دەکرد، بەتایبەتی لاوەکانء
کاسبکارانی ناو بازاڕء بەشی ڕەشۆکی، دەنگی سەرکەوتنەکانی لەشکری شێخ کاردانەوەی
باشی لەسەر بەرزکردنەوەی هەستی نیشتمانی هەبوو کە بەشانازیەوە هەواڵی ڕۆلی جوامێریء
( ).قارەمانێتی کوردیان بۆ یەکتر دەگێڕایەوە

ڕاستییەکەی لەو کاتەدا شاری کۆیە لەڕووی هاوکاری کردنء لایەنگیریەوە دابەشی سێ بەش
ببوو: بەشێکیان فەرمانڕەوایەتی ئینگلیزیان پێ باش بوو، کە ئەمانەش زیاتر خەڵکی
دەوڵەمەندء خاوەن بەرژەوەندی بوون، بەشێکی کەم لایەنگری تورک بوون کە بریتی بوون لەو
فەرمانبەرء کەسانەی کە سودمەندبوونء هەڵخەلەتابوون بەو دروشمە بریقەدارەی کە
بەرزیان کردبۆوە بەنێوی ئیسلام بۆ چەواشە کردنی خەڵک، بەشێکی تر لایەنگری شێخ مەحمود
بوون کە ژمارەیان زۆر بوونء پێکهاتبوون لە خەڵکی هەژارو ڕەشء ڕووتء ڕۆشنبیر، ئەمانە
لایەنگری هەموو بزووتنەوەیەکی نیشتمانیء نەتەوەیی بوون کە لەسایەیدا کورد بتوانێ
بوونی خۆی بسەلمێنی لە دروستکردنی قەوارەیەکی سەربەخۆداو بەتەواوی لەگەڵ هەموو
فەرمانڕەواییەکی خۆماڵیدا بوونء لەم پێناوەشدا ئامادەی پێشکەشکردنی هەموو

قوربانیەک بوون. لەم ڕووەوە دانیشتوانی کۆیە چەندین جار لەشکریان ئامادەکردوە بەرەو سلێمانی چون و بەمەبەستی داکۆکی کردن لە شۆڕشی شێخ مەحمود کە خۆی لە سەربەخۆیی کوردستان دەبینیەوە.

## باسی سێیەم: هەڵوێستی کۆیە لە دامەزراندنی حکومەتی عێراق لەساڵی 1921دا

کۆتایی هاتنی یەکەم جەنگی جیهانی، بووە هۆی داڕمانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کە لەدوای خۆی بۆشایییەکی سیاسیء ئیداری گەورەی لەنێوچەکەدا دروستکرد.( ) هەڵبەت ئەو بارودۆخە دەرفەتی بۆ نێوچەکانی ویلایەتی موسڵیش ڕەخساند کە بزووتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەیی کوردی بەرەو گەشەسەندن ببات ء زەمینەیەکی لەبار بۆ دروست کردنی کابینەیەکی فەرانڕەوایی بەسەرکردایەتی شێخ مەحمود لەسلێمانیء دەوروبەریدا فەراهەم بکات. ( )

کۆیە هەروەک زۆربەی نێوچەکانی دیکەی کوردستان لەنێوچونی دەوڵەتی عوسمانیییان بەڕوداوێکی گرینگ کەبە قازانجی دۆزی ڕەوای کورد دەزانی، چونکە ئەو دەسەڵاتە ڕۆژانە ژمارەیەک لە لاوی کۆیەی لەبەردەم سەرا لەسێدارە دەدا، تەنها لەبەر ئەوەی کە ئامادە نەبوون ببن بەسەرباز، ئەمە جگە لە پێڕەوکردنی سیاسەتی سەرکوتکردنء بەتاڵان بردنی سامانی خەڵکی کە قاتء قڕیلێ کەوتەوەو گیانی هەزارەها مرۆڤی کوردی بێ تاوانی بەفیڕۆدا.( )

بەڵام عوسمانیییەکان تەنها پاش بڕانەوەی شەڕو شکستی هێنانیان لەم نێوچانە کشانەوە، دوای چوونە دەرەوەی لەشکری تورکء بەر لە هاتنی هێزەکانی ئینگلیز بۆ نێوچەی کۆیە، خەڵکی شارەکە ئیدارەیەکی شاریان دروست کرد.( )

کۆیە وەک شارۆچکەیەک تا کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم سەر بە سنجەقی کەرکوک بوو، بوو بە ( )،(1918/11/15-1919/6/19) دواتر لەسەردەمی یەکەم حوکمداری شێخ مەحمود دا قەزایەک سەر بە سلێمانی، بەڵام لە مانگی یازدەی ساڵی 1919 دا کۆیە بوو بە قەزایەکی سەر بە هەولێر کە تازە بوو بووە لیواء لە موسڵ جیا کرابۆوە.( ) لەوێ جێگری متێرف لیواکەی بەڕێوە دەبرد، بەڵام لەبواری ئیداری یەوە تا ساڵی1923 بە کەرکوکەوە پەیوەست بوو.( )

لە هەرسێ ویلایەتەکەی "بەغداد، بەسرە، موسڵ" دا هەندێ سیفەتی نەتەوایەتیء تایفی تایبەتی هەبوون کە هەر یەکەیان لەوی تر جیاواز بوو، بۆ نموونە عەرەب لە ڕووی مەزهەبیەوە دابەش بوون بۆ شیعەء سوننە.( ) بەڵام کورد کە زۆربەی دانیشتوانیموسڵیان پێک دەهێنا،( ) لە ڕووی نەتەوایەتیییەوە لە دانیشتوانی هەردوو ویلایەتی بەغداو بەسرە جیاوازبوون، گرنگترین شت کە بە عەرەبی دەبەستنەوە، ئاینی ئیسلام بوو،( ) بەڵام لەو کاتەدا ئاین بۆ یەکبوونی دانیشتوانی ئەم ویلایەتانە بەس نەبوو،( ) بە تایبەتی کورد، کە بەهۆی زاڵ بوونی هەستی نەتەوایەتیان پاڵی بە ووتاربێژانی مزگەوتەکانی هەندێ نێوچە کوردیەکانەوە نا، کە زۆر دژی بیرۆکەی چوونە پاڵ عێراق بنء لە ڕێگەی ووتارەکانیانەوە ڕۆڵی کاریگەریان لەسەر هەستی جەماوەر هەبوو.( )

ئینگلیزەکان بەر لە هەڵایسانی یەکەم جەنگی جیهانیء لەساڵانی جەنگیشدا بایەخێکی تایبەتیان بە کوردستان دابوو. هۆکاری ئەمەش بۆ هەڵکەوتەی ستراتیژی شوێنی کوردء دەوڵەمەندی نێوچەکە لە ڕووی کانزای ژێر زەویەوە دەگەڕێتەوە.( ) ئەوەی پێوەندی بە هەڵوێستی بەریتانیاوە بێت سەبارەت بە کورد، ئەوا پاش ئەوەی کە هەموو ویلایەتی (موسڵ) یان کۆنترۆڵ کرد، سیاسەتێکی دوو فاقانەیان بەکار دەهێنا کە لایەنێکی ئەو سیاسەتەیان پۆزەتیڤانە بوو بەرامبەر کوردو کوردستان، بۆ نموونە مێجەر نوئیل دوای ئەوەی هاتە سلێمانی، بەگەرمی لەلایەن دانیشتوانەکەیەوە پێشوازی لێ کراو لەوێ ڕایگەیاند کە ئەو هیچ ئەستەنگێک لەبەردەم دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی نابینی کە لە ژێر کۆنترۆڵی بەریتانیا دابێ. هەروەها ولسن پێی وابوو کە ڕاپرسی نێوچە کوردیەکان بکرێت کە ئەلتەرناتیفی نەچوونە پاڵ میسۆپۆتامیاء دامەزراندنی دەوڵەتیکی جیاوازو سەربەخۆ

دەبێت، کە نزیکەی هەموو ویلایەتیموسڵ لە باشوری کوردستان بگرێتەخۆ. هەرچی لۆرد (کیرزن) یش بوو ئەوا لە سەرەتادا ڕای وابوو کە کوردستانی سەربەخۆ دابمەزرێت.( )

لایەنەکەی دیکەی سیاسەتمەدارانی ئینگلیز کە بۆچوونی بەرامبەر کورد نێگەتیڤانە بوو، وەک: مس بیلء میجەرسۆن و دواتر ئارنۆڵد ویلسۆن، دامەزراندنی قەوارەیەکی کوردیان دژ بە بەرژەوەندی بەریتانیا دەزانی، بۆیە بەردەوام لەپێش دروستبوونی ئەو قەوارەیەدا بوونە ڕێگر.( ) لە هەمان کاتدا بەرنامەی ئینگلیز دامەزراندنی قەوارەیەکی یەکگرتووی عێراقی لە هەرسێ ویلایەتەکەی "بەسرەء بەغدادء موسڵ" بوو بۆ لێدانی هەر جموجۆلء بزوتنەوەیەک کە دژی سیاسەتی بەریتانیا بێت. ئەمە بۆخۆی گەورەترین فاکتەری لای کورد دروست کرد کە ملکەچی سیاسەتەکانی بەریتانیا نەبێت.( ) بۆ نموونە بەریتانیا لەساڵی 1919 دا دەربارەی دروستبوونی دەوڵەتی عێراق ڕاپرسیەکی ئەنجامدا، کە تیایدا دانیشتوانی پارێزگەی سلێمانی چونە پاڵ دەوڵەتی (عێراق) یان ڕەت کردبۆوە، کەچی پارێزگەی کەرکوک کە "کۆیە قەزایەکی ئەم پارێزگەیە" بوو، لە دژی چونەپاڵ حکومەتی عێراق دەنگی دا، واتە نیوەی ویلایەتیموسڵ دژی یەکگرتن بوون لەگەڵ عێراقدا.( ) جگە لەوەی لە ڕاپۆرتێکی(لیچمن) دا کە لە 22 ی ئەیلولی 1918 دا هاتبوو دەڵێ: "کوردەکان کە نیوەی دانیشتوانی موسڵ بوون لە 2/3 ی سەرجەمی نێوچەکە نیشتەجێ بوون، دژی عەرەب بوون،... تەنها خاوەن مولکەکان پشگیری حکومەتی عەرەبیان دەکرد.( )

کاتێک کەحکومەتی کاتی لەساڵی 1920 دا لە عێراق دامەزرا، لیوا کوردیەکان کەوتنە دەرەوەی کارگێری ئەم حکومەتە، مەندوبی سامی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی کارگێری ئەم نێوچانەی دەکرد، هیچ عێراقیەک بۆ ئەم مەبەستە چ عەرەبء چ کورد وەک لێپرساوی نێوچەکە دیاری نەکرا.( )

شایانی باسە کۆیە هەر لە سەرەتاوە دژی دامەزراندنی حکومەتی عێراقی عەرەبیو لکاندنی باشوری کوردستان بە عێراقەوە بوو.( ) ڕاو بۆچوونی خەڵکی کۆیە وابوو کەپێویستە کورد سەربەخۆ بێ بەپێی بەندەکانی پەیمانی "سیڤەر - 1920"، مەلای گەورەی کۆیەش لەگەڵ مافی سەربەخۆیی گەلی کورد دا بوو هەرچەندە کاریگەریەکی ئەوتۆی لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان نەبوو.( )

عێراق کە دروستکراوی ئینگلیز بوو، هەر ئینگلیزیش لە هەڕەشەی ناوەکی (کوردء شیعە) و هەڕەشەی دەرەکی کە تورکیا بوو دەیپاراست.( ) لە ڕاپرسی ساڵی 1921 دا کە بەریتانیا بەمەبەستی هەڵبژاردنی شافەیسەل، ئەنجامیدا، تا شەرعیەت بداتە فەیسەل وەک شایەکی عێراق،( ) لەو ڕاپرسیەدا دانیشتوانی شاری کەرکوک دژی دانانیشا فەیسەل بوون، کەچی سلێمانی بەشداری ڕاپرسیەکەی نەکرد، بەڵکو داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی دەکرد.( ) لیوای کەرکوک لەوکاتەدا هەولێرء کۆیەء ڕەواندوزیشی دەگرتەوە، کە لە دژی شا فەیسەلء چوونە ژێر حوکمەکەی دەنگیان دا، خەڵکی بادینانیش لەبەرامبەر ڕەزامەندیان بۆچوونەپاڵ عێراق داوای ئۆتۆنۆمیان کردبوو.( ) واتە کەرکوکء شوێنەکانی سەر بە کەرکوک بە دژی فەیسەل دەنگیان دا، هەولێرو نێوچە کوردیەکان سەر بە موسڵ هەڵوێستی نەرمتریان نواند، ئەوانە بەسودی فەیسەڵ دەنگیاندا بە مەرجێک مافە نەتەوایەتیەکانیان پارێزراو بێت.( )

لە نێوخۆشدا نێوچە کوردیەکان یەک ڕاو بۆچونیان نەبوو، هەر بۆ نموونە هەولێر دژی ئەوەبوو بخرێتە سەر لیوای کەرکوک وەک سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام کەرکوک کە لە کوردء عەرەبء تورکمان پێک دەهات دژی چونە پاڵ سلێمانی بوون.( )

بەڵام سەبارەت بەهەڵوێستی کۆیە ئەوا دانیشتوانەکەی ئارەزووی سەربەخۆییان بووە، هەر بۆ نموونە مەلای گەورە لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەلڕ یەکێک لە ئەفسەرانی بەریتانیا لە هاوینی 1920 دا بەمجۆرە بۆچوونی خۆی دەربارەی ئایندەی کورد دەربڕیبوو "هیچ هیوایەک نیە بۆ ڕزگاربوونی کوردستان تەنها لەژێر پارێزگاری بەریتانیا نەبێت"، جەختی لەسەر پێویستی دانانی حاکمێکی کوردی بۆ کوردستان کردبوو،( ) کە ئەویش "حەمدی بەگی" بابان بوو، ئەمەش لەنامەیەکدا هاتبوو کە مەلای گەورەی کۆیە ئاراستەی ئەفسەری ئینگلیزی لە کۆیە لە 6 / 3 / 1920 کردبوو کە تیایدا هاتبوو "حاکمێکی بێ لایەنء بەتوانا دابندرێ، تا کورد بتوانی شوێنی خۆی لە نێوان گەلانی پێشکەوتوودا بنوێنێ"، بەڵام لەگەڵ

ئەوەشدا مەلای گەورە مەسەلەی یەکگرتنی کوردەکانی دانیشتوانی موسڵی لەگەڵ کوردەکانی باکوردا بەدوور زانی.( )

لێرەدا ئەو ڕاستیە بەدەردەکەوێ کە خەڵکی ڕۆشنبیرو ڕەشۆکی کۆیە دژ بەدانانی شا فەیسەڵ دەنگیان دا هەرچەندە لە ڕاپرسیەکەدا هەموو خەڵکی بەشداری تێدا نەکرد، بەڵکو تەنها ژمارەیەک کەسایەتیء پیاو ماقولء سەرۆک عەشیرەتەکان کە زۆربەیان سەر بە ئینگلیز بوون ڕایان وەرگیرا بوو.( )

لەگەڵ ئەوەشدا وەک د . جاسم تۆفیق خۆشناو دەڵێ: "ئینگلیزەکان شا فەیسەلیان کردە پادشای وولات کە بەڕەگەز عێراقیش نەبوو، ئینگلیز بۆ ئەوەی ئەم کارە ڕوخسارێکی یاسایی وەربگرێ ڕیفراندۆمێکی ساختەیان ئامادە کرد، سێر پێرسی کۆکس لە بەیانێکدا ڕایگەیاند کە خەڵکی ویلایەتی موسڵ (کوردستانی عێراق) لە بەشداری کردن یان نەکردن ئازادن، لەبەر ئەوەی بەپێی پەیمانی سیڤەر دەبێ بەشێک لە کوردستانی سەربەخۆ بێت. ( )

باسی چوارەم: کۆیەء کێشەی ویلایەتی موسڵ

لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتی عوسمانیء سەفەویء قاجاریەکانداء تا هاتنی ئینگلیزەکانیش بۆ نێوچەکە هیچ، قەوارەیەک بەو هەموو نەتەوەو مەزهەبء دینەوە بەنێوی "عێراق" نەبووە، بەحوکمی ئەوەی نیشتمانی کوردان لەڕووی جوگرافیء کەشء هەواوە زۆر لە نێوچەی عەرەبی جیاوازە، بۆیە زاناء مێژوونووسەکانی پێشوو، نێوچە کوردیەکانیان بە "ڕقلیم الجبال" یان "عێراقی عەجەمی" ناوبردووە. ناوی عێراقی ئەمڕۆ لەسەردەمی یۆنانء ڕۆمەکاندا بە وولاتی دووزێ "مسیۆپۆتامیا" هاتووەو بەر لە هاتنی ئیسلامیش بۆ نێوچەکە، عێراق بەشێک لە دەوڵەتی فارس بووە.( ) عێراق بە چەمکە تازەکەی لە سنوری باکوردا هەرگیز لە هیتء تکریت، واتە هەرگیز لە زنجیرەی حەمرین تێنەپەڕیوە.( ) لەمەش بترازێ داخوازیەکانی شەریف پاشا کە لە 1919 دا لە کۆنگرەی ئاشتی پاریس دا سەبارەت بە کوردستان پێشکەشی کردووە، مەسەلەی ویلایەتی موسڵ بەجیا لەعێراق باس کردووە. دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ، هیچ ڕۆژێک خۆیان بەبەشێک لە عێراق نەزانیوە، بۆیە نوێنەری بەریتانیا دەڵێ: "نەشارەزور بەشێکە لە عێراق بۆ ئەم نێوچە ئیداریەی کە بە شارەزور ناسراوە کە کەرکوکء ڕانیەء هەولێرء رەواندوزء کفریء کۆیە دەگرێتەوە.( )

سەرەتای سەرهەڵدانی کێشەی ویلایەتی موسل بۆ دوای ئاگربەستی (موندروس) دەگەرێتەوە، کە دەوڵەتە هاوپەیمانە سەرکەوتووەکان نێوچەی دەسەڵاتیان دابەش کرد.( ) ئەم کێشەیە بە تەواوی لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمدا خەستربووەوە، دوای ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی هەرەسی هێناو بەرەو نەمان چوو. سوپای بەریتانیا لە 11ی ئازاری 1918دا بەشێکی زۆری عیراقی داگیرکرد، دواتر بەرەو باشوری کوردستان پێشرەوی کرد، لە 12 ی ئەیلولی 1918 دا گەیشتە کەرکوک، دوانزە میل بەر لەوەی بگاتە موسڵ، بەپێی ئاگربەستی مودروس کە لە1918/10/30 دا مۆرکرا جەنگەکە وەستا.( )

مێژوونوسء دبلۆماتی ڕوسی مینورسکی کەلە ساڵی 1913 دا لە لیژنەی نەخشە کێشانی سنوری نێوان فارسء دەوڵەتی عوسمانیدا بەشدار بوو، دەڵێ: "کوردەکان بەشێوەیەکی بنەڕەتی لە ویلایەتی موسڵ دا جێنشینن کە نێوچەیەکی کوردی خاوێنە." ( )

لەلایەکی دیکەوە لە حوزەیرانی 1919 دا حکومەتی بەریتانیا نامەیەکیان بۆ نوێنەریان لە عێڕاق نارد داوایان لێکردبوو کە بەپەلە هەڵوێستی خۆی سەبارەت بەو نێوچانە دیاری بکاتء دەنگء باسی نێوچە کوردنشینەکانی پێ ڕابگەیەنی.( )

لە 13ی حوزەیرانی هەمان ساڵدا لە ژێر ناونیشانی"کوردستان" دا نوێنەری گشتی ئینگلیز لە بەغداد برءسکەیەکی وەڵامدانەوەی بۆ بەریتانیا ناردوو بەم جۆرە هەڵوێستی خۆی دیاری

کردبوو: "بە مەبەستی ڕەچاوکردنی چەند هۆیەکی ئابوریء ستراتیجی بۆ ئەوەی دەوڵەتی
عێراق لە نێوچەیەکی شاخاویء پڕ دارستانء شیاوی گەشەکردنێکی زۆردا کەلک وەرگرێ،
دەبێ سنوری تورکیاء فارس بە زۆری سنوری ڕۆژهەلاتی ئەو نێوچانە بێ کە زۆربەی
دانیشتوانەکەی کوردن، نیاز وایە سلێمانیء ڕانیەء کۆیە بخرێنە سەر میسۆپۆتامیا، بەلام
دەبێ هەولێرکە بەشێکی هێلی شەمەندەفەر بەرەو موسڵ پێک دەهێنێ وەک ئاکرێ لە
( )."کوردستان دابڕێ، هەروەها دەبێ دهۆکێ زاخۆ بەبێ ئامێدی بخرێتە سەرمیسۆپۆتامیا

لەم بارەیەوە جەلال گالبانی دەڵێ:"بەئاشکرا ئەوە دەردەکەوێ کە بەریتانیا هەر لە
سەرەتاوەپلانی لکاندنی باشوری کوردستانی بەعێراقی عەرەبەوە هەبووە، کێشەی موسڵ لە
( )."بنەڕەتدا کێشەی باشوری کوردستان بوو

لە هەمان کاتدا هەردوو حکومەتی بەریتانیاو عێراق لە 22 / 12 / 1922 دا دانیان بەوە
دانا کە کورد مافی ئەوەی هەیە لەسنوری عێراقدا دەوڵەتی خۆی دابمەزرێنێت،( ) هەڵبەت
یەکێک لە مەبەستە هەرە گرنگەکانی ئەم بەیانەو بەوجۆرە داڕشتنەی، ڕاهێنانی کورد بەو
داوایەو مانەوەی لەسنوری دەوڵەتە نوێیەکەدا بوو. پێشتر نێوچەکانی تری باشوری
کوردستان خرابوونە سەر عێراقی تازە، بەلام بەپێی پرۆتۆکۆڵی 1923/4/3 کە لە نێوان
عێراقء بەریتانیا مۆر کرابوو، تیایدا بڕیار درا کە (سلێمانی)ش بەشێوەی هەموو
( ).لیواکانی تر بخرێتە سەر عێراق

بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی موسڵ لە نێوان بەریتانیاو تورکیادا، کۆمەڵەی گەلان لیژنەیەکی
لێکۆڵینەوەی پێکهێناو ئەو لیژنەیە لە 1925/1/27دا گەیشتە موسڵ بە مەبەستی
توێژینەوەو ووردبوونەوە لە کێشەکە،( ) لیژنەکە دەستی بە وەرگرتنی ڕاوو بۆچوونی
خەڵکی ویلایەتەکە کرد، سەردانی هەولێرو کەرکوکء سلێمانی کرد، دواتر سەردانی کفریء
زاخۆو(کویسنجق) یان کرد، لێژنەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کەوا زۆربەی دانیشتوانی کۆیە
لە دژی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقی عەرەبەوە بوون. ( ) لە ئەنجامدا لیژنەکە
ڕاپۆرتێکی پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان کردبوو کەلەوێدا هاتبوو: "لیژنەکە
گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ویلایەتی موسڵ لە سێ نێوچەی دیار پێکهاتووە: عێراقی عەرەبی،
جەزیرە، کوردستان. عێراق درێژ نابێتەوە بۆ باکور زیاتر لە هیت و تکریت یان نێوچەی
زۆرینەی دانیشتوانی چیای حەمرین".( ) هەروەها لە ڕاپۆرتی لیژنەکە هاتووە کە "کورد
ویلایەتی موسڵنء جیاوازن لە عەرەب و تورکء بەزمانی ئاری قسە دەکەن، ئەگەر ڕەگەز
هۆکاری یەکلاکەرەوە بێت، ئەوا پێویستە دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ دابمەزرێ، هەروەها
( )."لە ڕاپۆرتەکەدا هاتبوو کە کورد نە عارەبنء نە تورکنء نە فارس

سەبارەت بە ڕاپرسیء یەکلاییکردنەوەی کێشەی موسڵ، ژمارەیەک لە ناودارانی کۆیە ڕۆڵی
بەرچاویان بینیووە، مەلای گەورەی کۆیە (محەمەد جەلیزادە) لەگەڵ شاندێک دا بۆ ئەو
مەبەستە دەچێتە هەولێرو لەگەڵ لیژنەکەدا کۆدەبێتەوە. سەرۆکی لیژنەکە لە مەلای گەورە
دەپرسێ: ئایا ئێوە تورکتان دەوێ یان عەرەب؟ مەلای گەورە لەشێوەی پرسیارەکە نارەزایی
دەردەبڕێء دەڵێ: بۆ چما کورد ژنە بەمێردی دەدەن، دەپرسن تورکتان دەوێ یان عەرەب؟،
ئەوانیش دەڵێن باشە پرسیارەکەت چۆن ئاراستە بکەین؟ ئەویش دەڵێ: بڵێن دەتانەوێ لەگەڵ
تورکان بەبرایەتی لە جمهوریەتی تورکیا، یاخود بە برایەتی لەگەڵ عەرەبی عێراقدا
بژین؟ چونکە کوردیش پێویستە وەک ئەوان بە یەکسانیو برایەتی لە وولاتێکدا بژی. کاتێ
سەرۆکی لیژنەکە گوێ بیستی ئەم ووتانە بوو، دڵخۆش بوو داوای لێبوردنی لەمەلای گەورەی
( ).کۆیە کرد

دانیشتوانی کۆیەء دەوروبەری پێیان خۆش نەبوو باشوری کوردستان بەعێراقی عەرەبەوە
بلکێنرێ، بەڵکو ئارەزوویان لە بەدەست هێنانی سەربەخۆیی بوو، لەڕاپرسیەکەدا تەنها
ڕای هەندێ لە کەسایەتی ناودارو زانای ئاینیء سەرۆک عەشیرەتەکان وەرگیرابوو، جگە
لەوەی شێوەی پرسیارەکە دوو لایەنی دیاری کردووەو بواری بە بۆچوونی سێیەم نەداوە، کە
ئایا ئەوان ئارەزوویان لە سەبەخۆییدا لەداهاتوودا یان نا؟. شاری کۆیە دووچاری
ژیانێکی کولەمەرگی بوون لەسەردەمی فەرمانڕەوای عوسمانی، بۆیە دانیشتوانی کۆیە چونە
پاڵ (تورکیا) یان بەهەموو شێوەیەک ڕەت کردبۆوە.( ) ئەمەش بەڕوونی لەڕاپۆرتی لیژنەی
گەلان بەدیاردەکەوێ کە باسی ڕاو بۆچوونی دانیشتوانی کۆیە دەکات کە ئارەزوویان لە
دروستکردنی قەوارەیەکی سەربەخۆ بۆ کورد بووە.( ) بەلام هەندێ لەپیاو ماقولء ئاغایانی
کۆیە بەمەبەستی پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان ڕەزامەندی خۆیان بەلکاندنی باشوری

کوردستان بە عێراقی عەرەبەوە نیشاندابوو، بە مەرجێک ئامانجە نەتەوایەتییەکانی کورد
( ).بهێنرێنە دی

شا فەیسەل سەردانی هەولێر دەکات بە مەبەستی هاندانی دانیشتوانی ناو شارو
دەوروبەرەکەی بە دەنگ دانیان لە بەرژەوەندی چوونە پاڵی عێراقەوە، بۆ ئەم مەبەستە
داوا لەمەلای گەورەی کۆیە کرا کە بچێتە هەولێر، مەلای گەورە پێی باش بوو ویلایەتی موسڵ
بخرێتە سەر عێراق نەک تورکیا.( ) دیارە گەلی کورد ئەزمونێکی تاڵی لەگەڵ دەوڵەتی
عوسمانی لەڕابردوو هەبوو، هەر لە پیادەکردنی سیاسەتی داپڵۆسین و سەرکوتکردن،
ئەمانە هەموو وای لە پیاوێکی ناوداری وەک مەلای گەورە کردبوو کە بەناچاری چونە پاڵ
.عێراق لە جیاتی تورکیا هەڵبژێرێ

شا فەیسەل دەرباری ویلایەتی موسڵ، دوای ڕاپرسیەکە ڕای گەیاند:"مانەوەی حکومەتی عێراق
بەشێوەیەکی هەمیشەیی یەکگرتوو پشت دەبەستێ بە پاراستنی بارودۆخی ئێستە، من لەو
باوەڕەدام کە بواری ستراتیجیء ئابوری گونجاو نیە کە حکومەتی بەغداد وەک خۆی
بمێنێتەوە ئەگەر موسڵی لێ جیابکرێتەوە، ئەزمونمء زانینم دەربارەی هۆشء سروشتء
دەروونی گەلی تورکء چاوچنۆکی مێژووییان بۆ فراوانخوازی ء داگیر کردن ..... وام لێ
( )."دەکات ڕاگەیەنم کە موسڵ بۆ عێراق وەک سەرە بۆ بەشەکانی تری لەش

## باسی پێنجەم: ڕۆلی کـۆیە لـە بـزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردیـــدا

کێشەی کورد وەک کێشەی نەتەوەو خاکێکی دابەش کراوو خاوەن سروشتێکی ئاڵۆزی ئەوتۆیە کە
لە مێژووی مرۆڤایەتیدا وێنەی کەمە، ڕاستیە مێژووییەکان ئەوەیان سەلماندووە کە لە
سەرهەڵدانء دژوار بوونی ئەو کێشەیەدا چەمکی گەورەی بەرپرسیاریەتی دەکەوێتە ئەستۆی
هۆکارە دەرەکیء نێودەوڵەتیەکان، بێگومان ئەمەش بەومانایە نایەت کە هۆکارە
نێوخۆیەکانء هەڵکەوتەی جوگرافی کوردستان لە ئاڵۆزکردنی کێشەکە دا ڕۆڵیان نەبووە،
بەڵکە شان بەشانی فاکتەرە دەرەکیەکان ئەم هۆکارانەش کوردیان بە ژێردەستەییء ماف
پێشێل کراوی هێشتووەتەوە. مێژووی خەباتی نەتەوایەتی نوێء هاوچەرخی کورد دروستی ئەو
بۆچوونەوەی سەرەوەی سەلماندووە.( ) بەڵام نەتەوەی کورد توانیویەتی پارێزگاری لە
ناسنامەی خۆی بکاتء بەرەنگاری داگیرکەران بێتەوەو بوونی خۆی وەک نەتەوەیەکی خۆڕاگر
بسەلمێنێ. لەم بارەیەوە عەزیز شەریف(*) دەڵێت:"مەسەلەی کورد لە عێراق دوو ڕووی هەیە
یەکەم: ڕوویەکی نێگەتیڤە بۆ مەسەلەی کورد ئەویش سیاسەتی داگیرکەرانی کوردستانە کە
هەوڵی بە کۆیلە کردنی گەلی کوردء پارچە پارچە کردنیء مانەوەی لە ژیانێکی ئاژەڵیانە
داوە. بەڵام دیاردەی دووەمی مەسەلەی کوردی عێراق ڕوویەکی پۆزەتیڤە بۆ ئەم مەسەلەیە،
( )."ئەویش خەباتی گەلی کوردە لەپێناو ئازادیەکانء بڕیاردانی چارەنوسدا

دوای جەنگی جیهانی یەکەم هۆشیاری نەتەوەیی لە کوردستاندا بەرەو گەشەسەندن چوو. ئەم
هۆشیاریە زێتر لە باشوری کوردستاندا پەی پێدەبراء ئاشکراتر بوو. زۆر بەتایبەتی ئەو
هۆشیاریە لە سلێمانی هەستیپێ دەکرا، لەبەرئەوەی خەڵکەکەی گەورەترین ئاواتیان
( ).وەدەست هێنانی سەربەخۆیی بووە

بەدرێژایی مێژووی نوێو هاوچەرخ ڕۆلی کۆیە لە بواری خەباتی نەتەوەییدا دیارو بەرچاو
بووە، هۆکاری ئەمەش بۆ کۆمەلێک فاکتەر دەگەرێتەوە لەوانە: کاریگەری هۆنراوە
نەتەوەییەکانی هۆنەری گەورەی کورد حاجی قادری کۆیی، کە یەکێک بووە لە هۆنەرە هەرە
گەورەکانی ڕێبازی کوردایەتی، سەرتاپای ژیانی خۆی بۆ خزمەت کردنی نەتەوەکەی تەرخان
کردبووء هەموو هەوڵەکانی چڕ کردبۆوە بۆ هۆشیارکردنەوەی گەلەکەیء دەست نیشان کردنی
ئەو کۆسپانەی کە لەبەردەم دروست بوونی قەوارەیەکی سیاسی نەتەوەییدا ببوونە ڕێگر.(
) هەر لەم بوارەوە مەسعود محەمەد دەڵێت:"باوەڕی حاجی قادر بە گەلی کورد یەکێکە
لەو تایبەتمەندیە گەورانەی کە لەو سەردەمەدا لەناو کورددا شتێکی دەگمەن بووە،
بڕوابوونی حاجی بەمیللەت، کە هەرمیللەت خۆی سەرچاوەی نەتەوە پەروەریء خەباتی
( )."سیاسییە کە لە زۆر جێگەی دیوانەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە

حاجی قادری کۆیی ڕۆڵێکی گرنگی لە ڕچە شکاندنء داڕشتنی ئایدیۆلۆجیای نەتەوەییء
گرێدانی هەندێ داوی پچیڕێنراوی پرۆسەی گەشەکردنی کۆمەڵ بینیوە. حاجی خەونێکی
نەتەوەیی هەبووەو وەک چرایەک لە تاریکستانی نائومێدیء تێکشانء هەرەسدا ڕێگە ڕوون
کەرەوەو وورە بەرزکەرەوە بووە، کاریگەری زۆری لە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی
کورددا هەبووە.( ) حاجی قادرپاش ئەحمەدی خانێ بە ڕابەری هەستی نەتەوایەتی کورد
( ).دائەنرێ کە بێگومان هەردووکیان لەم بوارەدا زۆر پێش سەردەمی خۆیان کەوتوون

جگە لە حاجی قادر، کەسایەتی تر هەبوون کە ڕۆلی گەورەیان لە بواری نەتەوایەتیدا
بینیوە، لەوانە مەلا محەمەدی جەلیزادە (مەلای گەورە) ی کۆیە،( ) جگە لەوەی کەز
انایەکی بە تواناء لێهاتووبوو، لە هەمان کاتدا هەڵگری بیرێکی نەتەوەییبووە و لەم
( ).بارەیەوە لەسەر رێچکەی حاجی قادر ڕۆیشتووە

ئەم پیاوە مەزنە ڕۆلی بەرچاوی لە هۆشیار کردنەوەی نەتەوەکەیدا هەبووە کە بە
بەردەوامیء بێ گوێدانە کۆسپء تەنگء چەڵەمە ترسناکە سیاسیء کۆمەڵایەتیەکان ڕێگەی
ئازادیء سەربەخۆیی نیشان داون. هۆنراوە ئاگرینەکانی حاجی قادرو شاعیرە ناودارەکانی
تری بۆ خەڵک خوێندۆتەوەو بە بەردەوامی بۆچوونی خۆی دەرخستووە، کە پێویستە هەموو
نەتەوەیەک بەهێزی دەستء بازوو تێکۆشانی ڕۆڵەکانی ئامانجە ڕەواکانی نەتەوەکەی
بهێنێتەدی، دوور لە نزاو پاڕانەوە کە چەکی بێ دەسەڵاتانە.( ) هەمیشە جەختی لەسەر
خاوەنداریێتی کورد بۆ ئەو سەرمایە نەتەوەییەی کە لە ژێر خاکەکەیدایە دەکردەوە، بە
هۆنراوەیەک لە ژێر ناونیشانی (هەناسەی نەوتاوی) دا ئەمەی بۆ نەتەوەکەی دەربڕیوە.( )
هەموو ئەمانە وای لە د.فۆاد مەعسوم کردووە کە لە پێشەکی پەرتوکی (مەلای گەورە زاناو
ئەدیبء شاعیر) بڵێ: "مەلای گەورە وەک زانایەکی ڕۆشنبیرو پێشەوایەکی ئەم میللەتە بیری
لە چارەنووسی گەلەکەی دەکردەوە کە خاوەنی هەموو بنەماکانی نەتەوەیە، کەواتە مافی
خۆیەتی داوای سەربەخۆیی بکات، بە تایبەتی دوای ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی بەرگە
ئیسلامیەکەی بەتەواوی لە خۆی داڕنیء بەرگی تۆرانیزمی بەخۆیدا هەڵکێشا، کەوتە وێزەی
گەلی کوردو دەستی بەچەسپاندنی تۆرانیزم کرد، بەتایبەتی دوای ئەوەی کۆمەڵەی (ئیتحادء
تەرەقی) هاتە سەر حوکم لە 1908 بەدواوە، هەربۆیە مەلای گەورە کەئینگلیزهاتە
( ).نێوچەکە، بۆ دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانی کورد" هاوکاری کردن

بۆ سەلماندنی بیری نەتەوەییانەی مەلای گەورە بە کردەوە، دەتوانین سەیری ئەو
دۆکیۆمەنتانە بکەین کە لە دادگەی کۆیە پارێزراون، ئەو کاتەی کە ئەو دادوەر بووە،
لەو بەڵگەنامانەدا بەدیاردەکەوێ کە مەلای گەورە لە 2 ی نیسانی 1919 ەوە بڕیاری داوە
کەزمانی کوردی لە نوسینی مامەڵەو کاروباری دادگەدا بەکاربهێنرێ، کە ئەمەش یەکەمین
جارە لەمێژووی گەلی کوردستاندا، لە دەزگەیەکی ئاوادا زمانی کوردی بەکاربهێنرێ کە
ئەمە بۆخۆی ڕێچکە شکێنێکی بابەتی بوو و بە سەروەریەکی گەورە لە ڕێگەی چەسپاندنی
بنەما سەرەکیەکانی نەتەوایەتیدا دەژمێردرێ، لەگەڵ بەکارهێنانی زمانی کوردی هەندێ
جار زمانی تورکیء فارسی بەکار هێنراوە، ئەم کارەش بەردەوام بووە تا ساڵی 1939 کە
( ).ئیتر بە یەکجاری زمانی عەرەبی بە کارهێنراوە

مەلای گەورەی کۆیە لەساڵی 1924 نوێنەری کۆیە بووە لە ئەنجومەنی دامەزراندنء بە هەموو
( ).توانایەکیەوە جەختی لەسەر مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد کردووە

مەلای گەورە(*) جەژنی نەورۆزی بەجەژنێکی پیرۆز زانیوەو ئاهەنگء زەماوەندی بۆ گێڕاوە،
لە 21ی ئازاری 1938 دا لە بەردەم سەرای کۆیەدا بەبۆنەی یادی ئەم جەژنە
( ).نەتەوایەتیەوە، ووتارێکی پێشکەش بە جەماوەری کۆیە کردوە

ئەوی پێوەندی بە سیاسەتی بەریتانیاوە هەبێت، ئەوا مەلای گەورە لەسەرەتادا لەو باوەڕە
دابووە کە ئینگلیزەکان هاوکاری کورد دەکەن لە دروست بوونی قەوارەیەکی سەربەخۆدا،
بەڵام دواتر بۆی دەرکەوتووە کە ئینگلیزەکان بەرامبەر کورد سیاسەتێکی تریان گرتۆتە
بەرو پیلان لە دژی دەگێڕن، هەربۆیە تووشی نائومێدیەکی گەورەبوو. ئەمەش بەئاشکرا لە
دوای گرێدانی ڕێکەوتنامەی (لۆزان) دا دەبینرێ کە پاشگەزبوونەوەیەکی تەواو لە
( ).دانانان بە مافە نەتەوەیەکانی کورد بوو

ناکرێ ڕۆلی بەرچاوی ژمارەیەک لەو مامۆستایانەی کە لە سلێمانیەوە گوێزرابوونەوە بۆ شاری کۆیە فەرامۆش بکەین کە بەریتانیا لە دوای شۆڕشی شێخ مەحمود دوری خستبوونەوە، ئەوانە ڕۆڵێکی گەورەیان لە چاندنی گیانی نەتەوایەتی لە دڵی دەرونی قوتابیانی کۆیەدا بینی، لەوانە سالح قەفتان، عەزیز مەحمەد فەرەج، ئەحمەد ئەفەندی، عەلی شەوقی ناسراو بە (عەلی ئاگاە) ( ) جگە لەوانە مامۆستا عەبدوڵڵا عەزیز، ڕمزی ڕەحیمی ناسراو بە (مامەند کەرکوکی)، خالد سەعید، ئەم مامۆستا کورد پەروەرانە ڕۆڵێکی بالایان لە بڵاو کردنەوەی بیرو باوەڕی نەتەوایەتی لەناو خوێندکارانء لاوانی کۆیەدا بینی. ( )

جگە لە قوتابخانە هەندێ جێگەی تریش هەبوون تیایدا خەڵکی فێری کوردایەتیء بیری نەتەوایەتی دەبوون، لەوانە ژمارەیەک لەو ماڵانەی کە ببوونە ناوەندێک بۆ ئەم مەبەستە، بۆ نموونە ماڵی مستەفا مەحمەدء ماڵی مەلا محەمەدی جەلیزادەو ماڵی عەبدولڕەحمان چەلەبی، ماڵی ساڵحە ڕەش، لەو ماڵانەدا هۆنراوەکانی حاجی قادریان دەخوێندەوە. ئەمانە هەمووی بوونە کلیلی کردنەوەی مێشکی لاوانی کۆیە و هەوێنی چەکەرەکرنی بیری نەتەوایەتی لە شارەکەدا، ئیتر دەروازەکان والا کرانء بوونە هێزی پاڵنەر بۆ هەڵگرتنی چەک بەڕووی دوژمندا، دروشمی ئەو گروپە لاوانە لەو دەمەدا (ماف ئەسێنرێ نادرێ) بوو. ( )

سەرەتای دروست بوونی بزووتنەوەی سیاسی لە کۆیە بۆ کۆتایی ساڵەکانی جەنگی جیهانی یەکەم دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری 1917 لە ڕووسیاء کشانەوەی لە جەنگء ئازادکردنی دیلەکانی، کە لەنێویاندا ژمارەیەکیان خەڵکی شاری کۆیە بوونء مێشکیان بەبیری نوێ لە بەرزکردنەوەی دروشمی ئازادیء یەکسانیء خەباتی ڕزگاری گەلان ئاودرابوو. ( )

ئەم دیلانە لەگەڵ ژمارەیەکی تر لەو کۆییانەی کە بە هۆی سیاسەتی سەرکوتکەرانەی عوسمانیەکان دەربەدەر کرابوونء بەرەو شارەکانی ئێران کۆچیان کردبوو، کە زیاتر لە شاری سابلاغ نیشتەجێبوون، بۆ شاری کۆیە دەگەڕێنەوە. دواتر دەست دەکەن بە جموجۆلء چالاکی ڕزگاریخوازانە. ( ) ئەمانە کۆمەڵەیەکیان بەنێوی (بەلشەڤیک) دامەزراند، لە ڕاستیدا ئەمەش لاسایی کردنەوەی بەلشەڤیکەکانی ڕووسیا بوو، کە سەرەتا ژمارەیان (12) کەس بوو. ( ) نێوی ئەم کۆمەڵەیە جگە لە بەلشەڤیک، هەندێ جاریش بەنێوی (پێشکەتووخوازان ) هاتووە. حاجی محی الدین ئەسعەد بەمجۆرە باسی ئەو کۆمەڵەیە دەکات: "کۆمەڵە گوێ بیستی ئەو بەیاننامانە بوو کە پێشکەوتووخوازەکان لە ڕوسیا دەریان کردبوو. ئەندامانی کۆمەڵەکە بەنهێنی کاری خۆیان ئەنجام دەداو نێوبانگیان بەخووڕەوشتی چاکء ڕەفتاری مەردانە دەرکردبوو، ببوونە جێگەی ڕەزامەندی زۆربەی دانیشتوانی کۆیەو دەوروبەرەکەی، تەنانەت حەماغای کۆیەش پشگیری ء کۆمەکی کردوون". ( )

کۆمەڵەی بەلشەڤیک توانیان لە ساڵی 1917 دا قشلەی کۆیە بگرنء هەرچی کەلء پەلء چەکء تەقەمەنی قەڵاکە بوو بەتەواوی دەستی بەسەردابگرنء تەنانەت لێپرسراوی سەربازی تورکەکانیشیان بەدیل گرت، بەڵام دواتر هێزێکی گەورەی جەندرمەی تورک هێرشی کردەوە سەرکۆیەء گرتیان، بەمە ئەندامانی کۆمەڵەی بەلشەڤیک ناچار بوون کۆیە بەجێبهێڵنء بەرەو نێوچەی پشدەر کۆچ بکەن. ( )

لەسەردەمی ئینگلیزەکانیشدا کە برادشۆ حاکمی سیاسی کۆیە بوو لە 1920 داو دوای مردنی حەماغای گەورە، کۆمەڵەی (بەلشەڤیک) جارێکی تر هێرشیان کردۆتە سەر قشلەی کۆیەء توانیان دەستی بەسەر دابگرنء ئینگلیز ناچار بکەن لە کۆیە بکشێتەوە، بەمەش بڕێک پارەو چەکء تەقەمەنی لەدوای خۆیان بەجێ دەهێڵن کە ئاغاکانی حەوێزیء غەفوری ویستویانە ئەم دەستکەوتانە لەنێوان خۆیان دابەش بکەن، بەڵام کۆمەڵەی بەلشەڤیک ئەمەی ڕەت کردۆتەوەو پێی ڕاگەیاندوون کە ئەوان ڕزگارکەری قشلەی کۆیەن، بۆیە پێویستە لەو دەستکەوتانە بەشی ئەوانیشی تێدابێ. ( )

لەساڵی1920دا کە جارێکی دی کۆیە کەوتەوە دەست ئینگلیزەکان، یەکەم کاریان لە نێوبردنی ئەندامانی کۆمەڵە بوو، کە بێسڵەمینەوە هەموو ڕێگەیەکیان بۆ ئەم مەبەستە گرتەبەر، لەکۆتاییدا توانیان لەنێویان ببەن، چونکە ژمارەیان کەم بووجگە لەوەی پانتایی سنوری کارو چالاکیان تەنها لە کۆیە بوو، بەمەش کۆتایی بەژیانی سیاسی ئەم کۆمەڵەیە هات. ( )

ناتوانین نکۆڵی لە کاریگەری نەتەوەیی هەندێ کۆمەڵەء پارتی سیاسی سەر گۆڕەپانی ئەو دەوڵەتانەی کە کوردیان بەسەر دابەش کراوە بکەین کە بنکەیان لە چەندین شاری باشوری کوردستان کردبۆوە، یەکێک لەو کۆمەڵانە کۆمەڵەی (خۆیبون)(*) بوو کە لقێکی لە شاری کۆیەدا هەبوو، کە ئایف مەلا ڕەئوف (برا گەورەی دڵدار بوو) لێپرسراوی بوو. کە توانی بیری نەتەوایەتی لە دڵء دەروونی لاوەکانی کۆیەدا بچێنێ.( )

ڕاپەڕینی شەشی ئەیلولی 1930 لە سلێمانیء ڕاپەڕینی شێخ مەحمود (1930 - 1932) ء ڕاپەڕینی بارزان (1931 - 1933) کاریگەری گەورەیان لەسەرهەستی نەتەوەیی دانیشتوانی هەولێرء دەوروبەرەکەی هەبووە لەوانە کۆیە، ئەمەش لەو یاداشتە فەرمیانە بەدیار دەکەون کە پارێزگاری هەولێر بۆ پشکنەری کارگێڕی بەڕەگەز بەریتانی لە کەرکوک ناردووە.( )

حکومەتی بەریتانیا هەر کاتێک بیوستبایە پەیمانێک بەسەر حکومەتی عێراقدا بسەپێنی، بۆ ئەم مەبەستە ڕووی لەگەلی کورد دەکردو وەک کارتێکی فشار بۆ هێنانەدی مەرامەکانی بەکاری دەهێنا، هەروەک لە ساڵی 1930دا کە داوای لە کەسایەتیو سەرۆک عەشیرەتەکانی کورد کردبوو کە دەست بە کۆکردنەوەی ئیمزاو بەرزکردنەوەی یاداشت بکەن بەنێوی وەدەست هێنانی مافەکانیان لە دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆدا، تاکە مەبەستی بەریتانیا لەم پلانەدا ترساندنی حکومەتی عێراق بوو کە ئەگەر ئامادە نەبێ پەیمانی ساڵی1930 لەگەڵ بەریتانیادا مۆر بکات، ئەوا کێشەی کوردی بۆ دروست دەکات، ئەگینا بەریتانیا هیچ باوەڕی بە چارەسەری یەکجاری گەلی کورد نەبوو. بۆ ئەم مەبەستە ئینگلیزەکان لە کۆیە داوایان لە جەمیل ئاغا (قائمقامی کۆیە) کرد کە بەم کارە هەڵسێ، ئەویش (زەکی هەناری) بۆ ئەم مەبەستە دەست نیشانکرد، ئیتر ئەویش دەستی بە کۆکردنەوەی ئیمزا لە نێوچەی کۆیەء پشدەرو خۆشناوو بلباس کرد، دواتر ئەم ئیمزایانە بەرزکرانەوە بۆ بەرپرسانی سەروتر. جیگەی سەرنجە کە پاش ئەوەی پەیمانەکە مۆرکراو دەقەکەی بڵاو کرایەوە تیایدا هیچ ئاماژەیەکی بەمافەکانی گەلی کورد نەکردبوو، هەربۆیە بڕیاریاندا کە بەشداری هەڵبژاردنەکانی ئەیلولی1930 نەکەن وەک نارەزاییەک بەرامبەر ئەم دەستخەڕۆکردنە.( )

لە مێژبوو ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕووناکبیرو هەڵگرانی بیری نەتەوەیی لە کۆیە، خولیای دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی سیاسی بوون کە بتوانن لە چوارچێوەیدا درێژە بە خەباتی نەتەوایەتی خۆیان بدەن، لە ئەنجامدا توانیان لە ساڵی 1931 دا (کۆمەڵەی منەوەران) دابمەزرێنن، کە خەڵکی کۆیە پێیان دەووت (کۆمەڵەی ڕۆشنبیرانی کۆیە).( ) دواتر بوو بە بەشێک لە (کۆمەڵەی لاوان) کە بنکەکەی لە بەغداد بو، لەم کۆمەڵەیەدا ژمارەک کەسایەتی نیشتمانپەروەر کاریان تێدا دەکرد وەک: شاکر فەتاحء حامید فەرەجء ئیبراهیم ئەحمەد. ( ) کۆمەڵەی منەوەران ژمارەیەک لەکەسایەتی نیشتمان پەروەری کۆیی لەخۆدەگرت لەوانە: کاکە زیاد، زەکی ئەحمەد هەناری، گاهر تۆفیق، سابیر ئیسماعیل، سەید ئەحمەد مەلا وەلی، عوسمان عەونی. ( ) جگە لەوانە جەواد حەمەد بەگ ناوی ژمارەیەکی تر لە ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە بەدیار دەخات لەوانە:- محمد تۆفیق ووردی، سامی عەودال، ئەحمەد حەمە (*) مەلا، ئەحمەد ئاغای باخچەوان، مام وەیسی باخچەوان، عومەر مام عەبدوڵڵا، حەمەد بەگی موختار، هەروەها دڵداری شاعیر کە بچوکترین ئەندامی کۆمەڵەکە بوو.( ) هەروەها کەریم شارەزا باس لە ژمارەیەک خەڵکی تر دەکات کە لەم کۆمەڵەیەدا ئەندامی چالاک بوون، لەوانە:- ڕەشید عارف سەقا، عەبدولسەمەد بەننا، گاهر یادق، ئەمانە بەگشتی پەرۆشی مەسەلەی نەتەوەیی کورد بوونء بۆ دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانی لە هەوڵی بەردەوام دابوون.( )

کۆیە وەک نێوچەیەکی دیار کە دانیشتوانەکەی هەڵگری بیری نەتەوەیی بوون، هەر بۆیە زوو خۆیان لە شێوەی گرءپء کۆمەڵەء پارتی نەتەوەییء نیشتمانیدا ڕێکخست. ئەم شارە بە درێژایی مێژوو ڕۆلی کاریگەری لە گۆڕەپانی خەباتدا بینیوەو زۆر جاریش لە ڕۆڵی پێشرەوانەدا بووە، لێرەدا ئاماژە بە ژمارەیەک لەو ڕێکخراوە سیاسیانە دەکەین کە ژمارەیەکی بەرچاو لە سەرکردەکانیان خەڵکی کۆیە بوونء لە بزووتنەوەی کوردایەتیدا ڕۆڵی چالاکانەیان بینیوە.( )

تەقەلاکانی ڕوناکبیرانی کۆیە لەبواری خەباتی نەتەوەیی دا هەمیشە بەردەوام بووە، کە
دواتر بەدەستپێشخەری یەکێک لە ڕۆڵەکانی ئەم شارە، کۆمەڵەیەک بەناوی (دارکەر) لە
پایزی1937دا لە کەرکوک دامەزرا.( ) لەم بارەیەوە موسا سەمەد دەڵێ: ئێمە کۆمەڵێک لە
خوێندکارانی ناوەندی و ئامادەیی بووینء بیرمان لەدامەزراندنی ڕێکخراوێکی نەتەوەیی
دەکردەوە. لەو کاتە لەوانەی مێژوودا بابەتی ڕێکخراوێکی نەتەوەیی دەخوێندرا کە لە
پێناو یەکێتی ئیتاڵیادا خەباتی دەکرد بەنێوی (ڕەژووکەر). هەر لەبەر ئەوەش بوو ئەم
ڕێکخراوەمان دروست کرد، دڵدار پێشنیاری کرد ناوبنرێت دارکەر،( ) کە ئەمەش وەک لاسایی
کردنەوەی کۆمەڵەی کاربوناری(*) (ڕەژووکەر) ی ئیتاڵیا بوو، ئەم جۆرە لێکدانەوەش
زادەی بیرێکی نوێ لە بزووتنەوەی پارتء کۆمەڵە کوردستانیەکاندا بوو.( )

ئەم کۆمەڵەیە هەڵگری بیری نەتەوەییانە بوو.( ) چالاکی فراوانترء لەڕووی ڕێکخستنەوە
پێشکەوتووترء ئامانج ڕونتر بوو لەوانەی پێش خۆی، (دڵدار) سەرۆکی ڕاستەوخۆی
کۆمەڵەکە بوو. ئامانجی ڕزگارکردنی کوردستانء یەکخستنیء دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی
سەربەخۆ بوو.( ) هۆکاری دروست بوونی ئەم کۆمەڵەیەش بۆ هەستکردنی خوێندکارانی کورد
بە چەوسانەوەی نەتەوەیی دەگەڕێتەوە، ئەمەش بەڕوونی لە هۆنراوەکانی (دڵدار) دا ڕەنگی
داوەتەوە کە وەک مرۆڤێکی ڕوناکبیرو پێشکەوتنخواز هەر زوو هەستی بە کێشەکانی
کۆمەڵگەی کوردی کردووەء خەبات کردنی لە پێناو چارەسەرکردنی دۆزی کورددا بووە. بیری
نەتەوەییانەی ئەم هۆنەرە گەورەیە بە چاکی لە سرودە نیشتمانیء نەتەوەییەیە
بەناوبانگەکەیدا بەرجەستە بووەو ڕەنگی داوەتەوە کە بەنێوی (ئەی ڕەقیب) بووە.( )

جگە لە دڵدار ژمارەیەک لە کەسایەتیەکانی کۆیە کادری چالاکء کارامەی کۆمەڵەی دارکەر
بوون، لەوانە: سابیر ئیسماعیل و ئەحمەد ئاغای باخچەوانء چەند کەسانێکی تر.. ( )

کۆمەڵەی دارکەر لە کۆتاییساڵی 1938(**)دا ناوی گۆڕدرا بە حزبی"هیوا" کە هەڵگری
هەمان ستراتیژی نەتەوەیی بوو،( ) دوای ئەوەی پانتایی چالاکی دارکەر فراوانتربوو ئیدی
نەدەتوانرا بەم شێوەیە بمێنێتەوە، هەر بۆیە پارتی هیوا دامەزراو ڕەفیق حیلمی (1898-
1960) وەک سەرۆکی پارت هەڵبژێردراودڵداریش بە سکرتێری دانرا.( ) لەنێو هیوادا
ژمارەیەک ئەندامی کارای تێدابوو کە خەڵکی کۆیە بوون، لەوانە عەبدولکەریم تۆفیقء عەلی
عەبدولڵا.( ) ڕێکخستنەکانی پارتی هیوا لە کۆیە زوو گەشەیان سەندو بەخێرایی فراوان
بوون، ئەویش بەهۆی چالاکی (دڵدار) ەوە بوو کە زۆربەری کاتی خۆی لەگەڵ لاوانی شارەکەدا
بەسەر دەبردء بەردەوام دیدو تێڕوانینی پارتی هیوای بۆ ڕوون دەکردنەوەء داوای لێ
دەکردن بێنە ڕێزی ئەم پارتە نەتەوەییەیە، لەئەنجامدا ژمارەیەک لە کەسایەتی ناوداری
کۆیە چوونە ڕیزەکانیەوە لەوانە: کاکەزیاد ئاغای غەفوری، مەلا محەمەد مەلائیبراهیم
(دلاوەر)، عوسمان عەونی، ئەحمەد محەمەد مەلا.( ) جگە لەوانە جەواد حەمە بەگ ناوی
ژمارەک لە کەسایەتیەکانی کۆیە دەهێنی کە ئەندامی چالاکی ئەم پارتە بوون لەوانە:
محەمەد تۆفیق ووردی، سامی عەودالّ، سەید برایم بەرزنجی، ئیسماعیل سابیر، تاهیر
سەعید، حەمەدەمین مەعروف، ڕۆستەم حەوێزی، سەید ئەنوەر بەرزنجی.( ) ئەحمەد دلزار لە
دیمانەیەکدا دەڵێ:"لە هاوینی ساڵی1940دا لەلایەن پارتی (هیوا) وە بانگ کرام
بەمەبەستی کۆبوونەوە لە قوتابخانەی سەرەتایی دووەم کە خەلکێکی زۆری لێ بوو، لەوی
دڵدار بۆمان دواو باسی دامەزراندنی حیزبی هیوای کرد، ئینجا بە قورئانء بە نەخشەی
کوردستانء خەنجەری کوردی سوێندی داین کە خیانەت لە پرەنسیپەکانی حیزب نەکەینء
نهێنیەکانی نەدرکێنینء تێ بکۆشین بۆ گەیاندنی گەلی کورد بەمافە ڕەواکانی"، لەو
خوێندکارانەی کە بەشداری ئەم کۆبونەوەیە بوون بریتی بوون لە هەریەک لە: نامق
عەبدولڵا حەوێزی، عەبدولسەمەد یادق، فەقێ حسێن عەبدولڵا، گاهر ئەحمەد حەوێزی، تۆفیق
(قەندیل) و کەسایەتی تر...".( )

هیوا بڵاوکراوەیەکی تایبەتی بەنێوی (دەنگی کورد) لە هەولێر هەبوو، لەنێو شاری
کۆیەشدا عەبدولسەمەد محەمەد ناسراو بە (سەمەد مەنجەل) بڵاوکراوەیەکی بەنێوی (بڵێسە)
دەردەکرد کە جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ بڵاوکراوەی (دەنگی کورد) دا نەبووە.( )

کاریگەری پارتی هیوا سنورە دەست کردەکەی باشوری کوردستانی بڕیء بەرەو ڕۆژهەڵاتی
کوردستان هەنگاوی نا، ڕۆڵی کاریگەری لە چەسپاندنی ڕێبازی نەتەوەییانەی کۆمەڵەی (ژ
. ک) لە ساڵی 1942 دا بینی.( ) جگە لەوانە پارتی هیوا بەمەبەستی ئازادکردنی

کوردستانی گەورە، هەریەک لە میرحاجۍ مستەفا خۆشناوی نارده وولاتی موکریان که
( ).ئامانجی هەماهەنگی کردن لەگەڵ کۆمەڵەی (ژ .ک) و یەکخستنی تێکۆشانی هەردوولا بوو

لە سەردەمی جولانەوەکەی مایسی 1941ی ڕەشید عالی گەیلانیدا، قائمقامی ئەوکاتەی کۆیە
چەند جارێک سەردانی مەلای گەورەی کۆیەی کردبوو، بۆ ئەوەی فەتوای ئیجابی لە
بەرژەوەندی ئەم جولانەوەیە دەربکات، بەڵام هەوڵەکانی بێ سوود بوون، چونکە مەلای گەورە
لەوباوەڕەدابوو کە شتێک ناوی لێ بنێن جیهاد لەو جەنگەدا نییە، چونکە پیاوانی میری
بەهیچ شێوەیەک گوێیان نەئەدایە دەستورو شەرعیەتۍ هەموو خراپە کاریەکیشیان ئەنجام
دەدا.( ) بەڵام لە هەمان کاتدا حکومەتی عێراق داوای لە هەندێ پیاوانی ئاینی ساویلکە
لە کوردستان کردبوو کە داوای جیهاد بکەن تا لەو ڕێیەوە کاریگەریان لەسەر جەماوەری
کورد بە ئاراستەی بەشداری کردنی لە جولانەوەکەدا هەبێ. ( ) لەم بارەیەوە ێالح
حەیدەری دەڵێ: - کورد هەرچەندە ڕقیان لە ئینگلیز دەبۆوە، بەڵام ئارەزوویان لەهاوکاری
ئەم بزووتنەوەیە کردنی حکومەتی ڕەشید عالی گەیلانی نەبوو، چونکە سەرکردایەتی
( ).دوژمنایەتیۍ هەڵویستی ڕەگەز پەرستانەی خۆیان بەرامبەر بە کورد نەشاردبۆوە

لە پارچە دابەش کراوەکانی تری کوردستانش خەباتی سیاسیۍ فیکری بۆ هێنانەدی ئامانجە
ڕەواکانی کورد بەردەوام بوو، بۆ ئەم مەبەستە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کۆمەڵەیەک
) لە 16 ئابی 1942 لەلایەن ژمارەیەک لە (*)بەنێوی (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد- ژ .ک
ڕۆشنبیرانۍ کاسبکارانی شاری مەهاباد دامەزراو وەک ڕێکخراوێکی نەتەوەیی خۆی ناساند.(
) لە کۆبوونەوەی دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیەدا ئەفسەرێکی کوردی باشوری کوردستان
( ).بەناوی (نەقیب میرحاج) ئامادەبوو کە نوێنەری هیوا(**) بوو

ئامانجی یەکەمی (ژ .ک) بەدیهێنانی مافی خودموختاری بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی
کوردستان بوو، مەسەلەی ڕزگارکردنی سەرتاپای کوردستانی گەورەو یەکگرتنەوەی کوردستانی
( ).دابەشکراو دامەزراندنی دەولەتێکی کوردی سەربەخۆ بۆ قۆناغێکی دواتر دانا بوو

لەڕاستیدا دامەزراندنی (ژ. ک) گۆڕانێکی سیاسی گەورەبوو لەبزووتنەوەی کوردایەتی ئەو
بەشەی کوردستاندا، ڕێکخستنێکی نوێو سەردەم بوو، ئەویش بەلاخستنی خەباتی چەکداریۍ
( ).پەنابردنە بەر لایەنی ڕوناکبیریۍ هۆشیاری سیاسی خەڵکۍ خوێندەوار کردنی بوو

ژمارەیەک لە بڵاوکراوەکانی (ژ .ک) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەگەیشتنە باشوری
کوردستان، شاری کۆیە یەکێک بوو لەو شارانەی کە ئەم بڵاوکراوانەی پێدەگەیشت، لەوانە
گۆڤاری (نیشتمان) ۍبڵاوکراوەی تر کە کاردانەوەیەکی باشی بۆ سەر جەماوەری کورد لەوێ
هەبوو.( ) کۆمەڵەی (ژ. ک) لەگەڵ لە چاپدانی گۆڤاری نیشتمان دا هەندێ کتێبی وەک
دیاری کۆمەڵەی (ژ.ک) کە هۆنراوە نیشتمانیەکانی حاجی قادر ۍ مەلای گەورەی کۆیەۍ
( ).هەژارۍ شێخ ئەحمەدی حیسامی تێدا چاپ کرابوون بڵاودەکردەوە

لە دوای دامەزراندنی کۆمەڵەی (ژ .ک) ژمارەیەک مامۆستای کورد پەروەر هاتنە شاری
مەهاباد لەوانە: محەمەد تۆفیق وردی کە (خەڵکی کۆیە) بوو، هەروەها عوسمان دانش
(خەڵکی سلێمانی)بوو، ئەم مامۆستایانە هەڵسان بەکردنەوەی قوتابخانەیەکی شەوانە کە بۆ
یەکەم جار خوێندەری کوریان بەزمانی کوردی ئاشنا کرد، ئەمەش سەرەتایەکی باش بوو بۆ
( ).چەسپاندنی زمانۍ کلتووری کوردیۍ گەشەکردنی

هەوڵۍ تێکۆشانی کۆمەڵەی (ژ.ک) تەنها لە ڕۆژهەلاتی کوردستان نەبوو، بەڵکو بۆ بەشەکانی
تری کوردستانی داگیرکراو تێپەڕی کرد، لەوانە باشوری کوردستانۍ هەندێ لە شارەکانی
وەک شاری کۆیە. ئەوەبوو نوێنەری کۆمەڵەی (ژ.ک) کەناوی (ساڵح باخەبەرە) بوو هاتە
کۆیە بە مەبەستی گەشە کردنۍ فراوان کردنی ڕیزەکانی کۆمەڵە، لەم بارەیەوە توانیان
ژمارەیەک ڕوناکبیرانی کۆیە بەلای خۆیاندا کێش بکەن، لەوانە: مستەفا خۆشناو فاتح
رەسولۍ هی تر .. . دوای ئەوەی سوێندی یاساییان بە قوڕئانۍ ئاڵای کوردستان و خەنجەری
( ).کوردی و شەڕەفی خۆیان خوارد کە بەدڵ ۍ بەگیان بۆ ئازادی کوردستان تێدەکۆشن

لە گروپۍ ڕێکخراوە سیاسیەکانی چلەکاندا، ڕۆشنبیرانی کوردی کۆیە خەباتی چالاکانەیان
لە هەر یەکێک لەوانەدا بینیوە، هەرچەندە زۆرینەی ئەو ڕێکخراوانە چەپۍ مارکسی بوون،
لەوانە یەکێتی تێکۆشین کە لە ساڵی 1944 دا دامەزراوە، ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆشنفکری

کۆیە هاتنە مەیدانی کارکردنەوە، وەک: عەلی عەبدوڵلا کەیالی، عەبدولکەریم تۆفیق،
عەبدولسەمەد محەمەد بەننا.( ) هەروەها پارتی شۆڕش کە لە تشرینی یەکەمی 1945 دامەزرا،
ژمارەیەک لە کەسایەتیەکانی کۆیەی لە خۆ دەگرت لەوانە: عەلی عەبدوڵلاء، عەبدولکەریم
تۆفیقء عەبدولسەمەد محەمەد،( ) جگە لەوانە چەندین ڕوناکبیری شاری کۆیەی تێدابوو
وەک: فاتح رەسول، دڵداری هۆنەر، محەمەد تۆفیق ووردی، ئەحمەد دلزار، عوسمان عەونی،
( ).سەید ئەنوەر بەرزنجی، ڕۆستەمی هۆنەر، سامی عەوداڵ

لە کۆتایی ساڵی 1945 دا پارتی ڕزگاری کوردستان دامەزرا،( ) ژمارەیەک لە
ڕوناکبیرانی کۆیە ڕۆلی بەرچاویان لە ڕێزەکانیدا بینیء لە پلەی سەرکردایەتی دابوون
لەوانە: عەلی عەبدوڵلا، عەبدولسەمەد محەمەد، عەبدولکەریم تۆفیق،( ) جگە لەوانە
چەندین خەڵکی ڕۆشنبیری کۆیەی لەخۆ دەگرت لەوانە: عومەر مستەفا (دەبابە)، کەریم
عەباس، مەجید ئەحمەد ئاسنگەر، حەمەدەمین مەعروف. ( ) تویژەر پێی وایە کە بەشداری
کردنء هاوکاری کردنی گروپەی دەستە بژێری کۆیە لەم ڕێکخراو پارتانەدا کە زۆربەیان
مارکسی بوون، لە چوارچێوەی هەستێکی کوردانەدا بووەو تەقەلاکانیشیان بە مەبەستی
.چارەسەرکردنی کێشەی ڕەوای نەتەوەیەکەیان بووە

جگە لەو کۆمەلانەی کە پێشتر تیشکمان خستنە سەر، ژمارەیەک کۆمەڵەی بچوکی تر هەبوون،
لەوانە: کۆمەڵەی دەنگ (1942_1945) کە لە لایەن دەستەیەک لە لاوانی ڕوناکبیری ئەوسای
کۆیە دامەزرا، کە ژمارەیەک کەسایەتی لەخۆدەگرت لەوانە: عوسمان مستەفا خۆشناو،
حەمەسەعید ئەحمەد، عەبدولخالق حەوێزی و عومەر حاجی محەمەد، حوسامەددین تەیب، کەمال
خورشید ئاغا، تۆفیق مەلا سدیق، عەزیز کێخوا ڕەشید، محەمەد تۆفیق ووردی کە ڕابەری ئەم
کۆمەڵەیە بوو، گۆڤارێکی دەست

( ) .نوسیان بەنێوی (پێشکەوتن) هەبوو

لە ساڵی 1943 دا کۆمەڵەیەکی بچوکی تر بەنێوی (کۆمەڵەی کوردی) لەلایەن هەندێک لە
ڕۆشنبیرانی کۆیە دامەزرا لەوانە: ئەحمەد دلزارء سەید ئیبراهیم بەرزنجی (برژاو)ء
عومەر عەلی. دوواتر ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی نیشتمان پەروەر چوونە ڕیزەکانیەوەء
بوونە جێگەی ڕێزء متمانەی خەڵکەکە. ئامانجی ئەم کۆمەڵەیە هێنانەدی ڕزگاربو
( ) .سەربەخۆیی گەلی کوردء زامن کردنی ئازادی بوو

ڕوناکبیرانء هەڵگرانی بیری نەتەوەیی شاری کۆیە وەک زۆربەی نێوچەکانی دیکەی باشوری
کوردستان هاوکارو پشتیوانی ڕاپەڕینی بارزانی (1943_1945) بوون. ئەوانەی لەو بوارەدا
ڕۆلی بەرچاویان بینی دڵداری هۆنەرو براکەی ئایف مەلا ڕەئوف بوون. چونکە ئەوانە
ڕاپەرینی بارزانیان بە شۆڕشێکی نەتەوەیی دەزانی.( ) جگە لەمانە ژمارەیەک لە خەڵکی
کۆیە ئامادەیی خۆیان بۆ کۆمەکء هاوکاری شۆڕشی بارزان نیشاندا. هەر ئەمە بوو وای لە
بەکر عەبدولکەریم حەوێزی کرد کە بیر لە کارێکی سەربازانە لە دژی حکومەتی عێراق
بکاتەوە، ئەویش بە چەکدار کردنی ژمارەیەک خەڵک لەنێو شاری کۆیەداو پەیوەندی کردن بە
ژمارەیەک لەپیاو ماقولانی کۆیە لەوانە: کاکەی حاجی مەحمودء سابیر ئیسماعیلء
عەبدولحەمیدی حاجی تۆفیقء کاکە زیاد ئاغا، بۆ ئەنجامدانی ڕاپەڕینێک لە بێتوێنء
دەشتی کۆیە لە دژی حکومەتی عێراق، بەڵام مەخابن ئەم کەسایەتیانە پێشنیارەکەیان ڕەت
کردبۆوە، چونکە هەموویان بازرگانێتی توتنیان دەکردء بەرژەوەندیان لە بیتوێندا
هەبوو. پاش ماوەیەک بۆ هەمان مەبەست ڕەئیس بەکر عەبدولکەریم چوو بووە بێتوێن چاوی
بە عەباسی مامەند ئاغا کەوتبوو، سەر لەنوێ باسی هەڵگیرسانی ڕاپەڕینی لەنێوچەی
بێتوێن دا کردبوو، تا لەم ڕێگەیەوە یارمەتی بزووتنەوەی بارزان بدەن، عەباس ئاغا
ڕەزامەندی نیشان دابوو بە مەرجێک کاکە زیاد ئاغاش لەنێوچەی کۆیە ڕاپەڕینێک
هەڵگیرسێنێ، هەموو ئەو هەوڵانەش بە مەبەستی کەمکردنەوەی ئەو فشارە زۆرەی هێزەکانی
عێراق بۆ سەر نێوچەی بارزان بوو، هەرچەندە ئەم هەوڵانە سەری نەگرتء میری لە کۆیە
( ).دەستی کرد بە گرتنی ئەو کەسانە کە خۆیان بۆ ئەنجامانی ئەم کارە ئامادە کردبوو

بەکر عەبدولکەریم حەوێزی لە ئەفسەرە ئازادەکان بوو کە لەگەڵ ژمارەیەک لە ئەفسەری کوردی دا کۆمەڵەیەکیان بەنێوی (کۆمەڵەی ئازادی) بەسەرۆکایەتی مەلا مستەفای بارزان دامەزراند، کە ئامانجی سەرەکی زامن کردنی مافە نەتەوەیییەکانی کورد بوو. ( )

چاوگێڕانێک بەسەرکردایەتی ئەو پارتە ڕێکخراوانەدا ئەو ڕاستیەمان دەخاتە بەردەست کە ژمارەیەکی بەرچاویان خەڵکی کۆیە بوون، ئەمەش بەرهەمی مێژووی ڕابردووی دەوڵەمەندی کۆیە ئەخاتە ڕوو کە شارێکی زانست پەروەرو مەڵبەندی بیری نەتەوایەتیە بنکەیەکی گرنگی بازرگانی بووە، کە سەردەمانێک میرنشین بووەو حوکمی خۆماڵی خۆی هەبووە، تیایدا تامی ئازادی ڕاستەقینەیان چێشتووە، بۆیە ئامادەبوون هەموو قوربانیەک لەپێناو گەڕانەوەی ئەم هەلە مێژوویییە پێشکەش بکەن، ئەمەش شتێکی ئەستەم نیە بۆ شارێک کە هەمیشە لانکەی خۆ ڕاگرىو مەکۆی بەرخودان بووبێ، ئەمانە هەموو یەکەم هاندەری خەڵکەکەی بووە. خەباتی نەتەوەی کورد بەگشتیە ڕۆلی کۆیە بەتایبەتی لەم بوارەدا، ئەو ڕاستیە بەدیار دەخات کە ڕۆڵەکانی ئەوەندەی لەتوانایاندا بووبێ بەشداری خەباتی ڕەوای کوردیان کردووە، بەمەبەستی دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانی، هەر لە دامەزراندنی پارتە کۆمەڵەە بەرپاکردنی شۆڕشە هەوڵدان بۆ ناساندنی دۆزی ڕەوای کورد بە دەوڵەتە بڕیار بەدەستەکانی جیهان، بەلام دەرەنجامێکی ئەوتۆی لێ نەکەوتۆتەوە، بۆیە وای بۆ دەچین کە گوتاری سیاسی کوردی لەو سەردەمەدا لە قەپێلکی پەرتەوازەیی لێک دابڕاندا دەرباز نەبووە، هەوڵە توانا و کۆششە خۆماڵیەکان لەنێو چوارچێوەیەکی نیشتمانیە نەتەوەییدا ئاوێتە نەکرابوون ڕووەو پێکانی ئامانجە بالاکانی دۆزی نەتەوەکەمان، بۆیە خەرمانی بەهرەمەندبوونی کورد لە شۆڕشەکانیداو لە خەباتی نەپساوەی نەتەوایەتییەوە کاریگەرو بەردەوام نەبوو.

باسی شەشەم: ڕۆلی کۆیە لە بزووتنەوەی ڕۆشنبیری کوردیدا

بەر لە یەکەم جەنگی جیهانی، خوێندن زیاتر بۆ کوڕی بنەماڵە ناودارەکان و بازرگانە شێخەکانی تەریقەتە خاوەن دێهات بوو، لە حوجرەو مزگەوتەکاندا دەیانخوێندە دەبوونە مەلا، بۆیە زۆر بە کەمی چینی هەژار دەبوونە مەلا ئەمەش لەبەر کەمی دەرامەت بوو. بەلام دوای جەنگ خانەدانەکان بەزۆری وازیان لەخوێندنی ئاینی هێناە ڕوویان کردە قوتابخانەی میری، ئەمەش دەرفەتی بۆ چینی هەژار ڕەخساند کە ببن بە مەلای باش. خوێندن لەو سەردەمەدا زیاتر بەزمانی فارسی بوو، نوسینی کوردیش هەبوو، بەلام لەشێوەی نوسینی فارسیدا بوو، دواتر بەهەوڵە کۆششی ژمارەیەک لاوی هۆشمەندی خەڵکی سلێمانیە کۆیەە هەندێ نێوچەی هەولێر لێک جیاکرانەوە، ئەگینا زمانی کوردی بە دواکەوتوویی دەمایەوە. ( )

د. فۆاد مەعسوم سەبارەت بەڕۆلی مزگەوت لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا دەڵێت: "مزگەوت لە کوردستاندا مەڵبەندی خوێندەوارىە ڕۆشنبیری بووە، زانایانە شاعیرانە نوسەرانەکەسایەتییە ناودارەکانی کورد لە مزگەوت پێگەیشتوون، گەر بەمێژووی کورددا بچین دەبینین سەرکردایەتی شۆرشەکانی کورد لە حوجرەی مزگەوتەوە هاتوون، ئەمەش وەنەبێ تایبەتمەندی تەنیا کوردستان بووبێ بەڵکو تا چەند دە ساڵەیەک لە چەرخی ڕابردوودا لە وولاتە ئیسلامیەکان هەر بە هەمان شێوە بووە، تەنانەت گەر ئاوڕێ لە مێژووی زانکۆکانی ئەوروپا بدەین دەبینین خوێندنگاکانیان سەر بە کەنیسە بوون، لە میسر لەتەک کۆلیجە تایبەتیەکان دەیان کۆلیجیان تیا کراوەتەوە کە پەیوەندیان بە ئاینە مزگەوتە کەنیسەوە نیە، بەلام لە کوردستاندا ئەمە بەدی ناکرێ کە ئەویش دەیان هۆی سیاسی هەبووەو وای کردووە خوێندنگە بەناوبانگەکانی وولاتی کوردەواری نەگەنە ئەو ڕۆژەی گەشە بکەنە ناویان بمێنێ". ( )

کۆیە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە خاوەنی (18) مزگەوتە تەکیەو خانەقا بووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەم شارە مەڵبەندێکی ئاینیىو زانستە ئەدەب پەروەر بووە، چونکە هەریەک لەم مزگەوتانە مەدرەسەیەکی بۆ پێگەیاندنی فەقێە مەلا تێدابوو، کە نموونەی ڕۆشنبیری ئەوسا بوونە زۆرینەی ئەو فەقێە مەلایانەش یان شاعیر یان شیعر دۆستە ئەدەب پەروەربوون، بۆیە هەمیشە حوجرەی مزگەوتەکانیان گۆشەی کۆڕبەستنی ئەدیبە شەڕە شیعرە لێکۆڵینەوە لەشیعری شاعیرە گەورەکانی کوردبووە، ئەم مزگەوتانە بە دەیان کەڵە شاعیرو

زانای تێدا بوو وەک قاید، حاجی قادری کۆیی، حاجی مەلا عەبدوڵلای جەلیزادە، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، ئەختەر، پانی، مەنفی، یافی، مەلای گەورە، مەلا عایی، نیهانی، حەزینە، حوسەینی، مەلا ڕاجی، مەلا محەمەد (دلاوەر)، عەونی. ( )شێخ محێ دین، سەید ئەحمەد بەرزنجی،( ) مەلا کەریم مونتەزەری، عەبدولفەتاح حەوێزی، دڵدار، دلزار، زەکی هەناری، مەلا سابیر مەیلی( )، سامی عەودال، ڕۆستەم حەوێزیو هی تر ..... ( )

کۆیە شارێ بووە کە زانای ئاینی ناوداری تیا هەڵکەوتووە، خوێندکاران لە زۆربەی نێوچەکانی کوردستاندا بۆ تەواو کردنی خوێندنی ئاینی ڕوویان تێکردووەو بڕوانامەی مەلایەتیان لەسەر دەستی مەلاو زانایانی کۆیە وەرگرتووە، ئینجا بۆ نێوچەکانی خۆیان گەڕاونەتەوە. ( )

پێش کردنەوەی قوتابخانە لە کۆیە لاوەکان لە سوختەخانە دەیانخوێند، بەڵام دوای ئەوەی بە فەرمی لەمایسی 1920 قوتابخانە لە کۆیە دامەزرا، سوختەکانی سوختەخانەی (مەلا سەعد) کە ژمارەیان (30) کەس دەبوو بە هەموو کەلء پەلەکانیەوە کە بریتی بوو لە: سندوقء دۆشەکء ڕایەخ بۆ قوتابخانە گوێزرانەوە. لەمانگی حوزەیرانی هەمان ساڵدا دەستیان کرد بەخوێندن، ئەوکاتە مەلا ڕەسول بێتوشی وەک بەڕێوەبەر دیار کراو مەلا سەعد مەلا خەلیفە بە مامۆستا دانرا، لەگەڵ عاکف ئەفەندی کە کوردێکیلای ئاکرێ بوو. سەرەتا خوێندن بە زمانی تورکیء فارسی بوو، بەڵام ئینگلیزەکان ڕێنماییان کردبوون کە چیتر بەتورکی نەخوێننء لە بری ئەم زمانی کوردی بەکاربهێنن، بەڵام لە خوێندنی فارسیدا سەرپشکیان کردبوون. نابێ ئەوە لە یاد بکەین کە سەرەتا ناردنی منداڵ بۆ قوتابخانە بە زۆر بووەو ئەگەر منداڵێک دەوامی نەکردبایە ئەوا باوکیان دەگرت، هۆکاری نەناردنی منداڵ بۆ قوتابخانە لەلایەن هەندێ کەسەوە زیاتر لەبەر ئەوە بوو بە ( کفر ) یان ئەزانی، گوایە لەژێر سێبەری داگیرکەری ئێنگلیز دایە. ( )

لە ساڵی (1921 - 1922) دا میلاکی مامۆستایان لە کۆیە لە هەریەکە لە مامۆستا عەبدولرەحمان شەرەف، مەلا سەعد ئەفەندی، شێخ نورەدین ئەفەندی، عاکف ئەفەندی، سەید قادر ئەفەندی پێک هاتبوو، لەساڵانی دوایدا خوێندن بە زمانی ئینگلیزیء کوردیء عەرەبی بوو. ( )

مەلای گەورەی کۆیە (محەمەد جەلیزادە) ڕۆڵێکی پێشڕەوانەی لە پرۆسەی خوێندنءئاراستەکردنی خوێندکاراندا لە ڕووی بایەخدان بە زانستء بەخۆ دوورخستنەوە لە ئەفسانە هەبوو. ( ) ئەم زانایە لە ساڵی 1924(*) دا (نەجیبە) ی کچی ناردۆتە قوتابخانە بۆ ئەوەی لەگەڵ کوڕاندا دەوام بکات، ئەم هەنگاوە مەزنەی مەلای گەورە بووە جێگەی سەرسوڕمانی خەڵکی ئەو سەردەمەء بە کارێکی ستەمیان ئەزانی، چونکە زۆر لەوانە تەنانەت ئامادە نەبوون کوڕەکانیان ڕەوانەی قوتابخانە بکەن، ئەم بڕیارە بوێرەی مەلای گەورە کاردانەوەی زۆری لێ کەوتەوە کە دواتر ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی زۆر بۆوە، بەڵام ئەم هەر سور بوو لە سەر هاندانء بەرەو پێشبردنی پرۆسەی خوێندن. ( )

لە ووتوێژێکی زمانء زانستی ئیسلامی نێوان مەلای گەورەو شافەیسەڵدا، زیرەکی مەلای گەورە سەرنجی شا فەیسەل ڕائەکێشێء پێی دەڵێت: "دەمەوێ زانیاری خۆم لای بەڕێزتان لە بواری ئاینء زمانی عەرەبیدا تەواو بکەم". ( ) هەر لەو دیدەنیەدا شا بڕیار دەدات کە لە هاوینی داهاتوودا بۆماوەی سێ مانگ لە کۆیە بمێنێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە چەند هەزار ڕوپیەک بۆ دروست کردنی خوێندنگەیەک تەرخان دەکات. ئەوەبوو لە ساڵی 1925 دا دروست کرا، بەڵام شا فەیسەڵ لەبەر سەرقاڵی بەکاری کاروباری سیاسیء کاروباری دەوڵەت نەیتوانی بێتە کۆیە کە ئەو کاتە زیاتر خەریکی گیروگرفتی ویلایەتی موسڵ بوو، هەربۆیە نامەیەکی ئاراستەی مەلای گەورە کردبوو، لەوێدا داوای لێبوردنی لێ کردبوو، لەگەڵ نامەکەدا ژمارەیەک پەرتوکی بە دیاری بۆ ناردبوو، بەڵام مەلای گەورە بە نەهاتنی نیگەران دەبێ. ( )

سەرەتا کاروباری پەروەردە لە کۆیە سەر بە بەغدا بوو، دواتر موسڵ ئینجا کەرکوک. لەپێش ساڵانی 1925 دا زیاتر پەرتوکە عەرەبیەکان لە میسرەوە دەهات، مامۆستاکانیش ئەرکی وەرگێڕانیان بۆ سەر زمانی کوردی لە ئەستۆ دەگرت. ( )

لە ساڵی 1923 دا بڕیاری (کۆمەڵەی گەلان)، دەربارەی بەکارهێنانی خوێندن ء نوسین
بەزمانی کوردی بۆ ئەو نێوچانەی کە زۆربەی دانیشتوانیان کوردن دەرچووە، کە پێشتر
بەزمانی تورکیء فارسی بوو. ( )

جگە لەوە ێالح زەکی ساحب قران کە لە ساڵی 1933 دا قائمقامی کۆیە بووە،
قوتابخانەیەکی سەرەتایی کچانی کردەوە، دواتر قوتابخانەی دووەمی کردەوە بە نێوی
قوتابخانەی سەرەتایی دووەمی کوڕان کە ئەویش 100 - 150 قوتابی لەخۆ دەگرت. ( )

لە ڕاستیدا حکومەتی عێراق کەمتەرخەم بوولە ئاست پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە
کوردستاندا هەرچەندە کاتێک کە بووە ئەندام لە کۆمەڵەی گەلاندا لە ساڵی 1932 دا،
جەختی لەسەر پێدانی هەندێک لە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد کردبۆوە، وەک مافی
قسەکردن لە دادگەکاندا و خوێندنی قۆناغی سەرەتایی بەزمانی بەکوردی بێت. بەڵام هیچ
کام لەو بەڵێنانە جێبەجێ نەکران، جگە لە چەواشە کردنی خەڵکیء بەفیڕۆدانی کات زیاتر
هیچی ترنەبوو. ( )

قوتابخانەکانی نێوچە کوردیەکان بەگشتی لە بواری کەلءپەلدا کەمء کوڕی زۆریان هەبوو
بەتایبەتی لەڕووی کەمی پەرتوکی قوتابخانە بەزمانی کوردی، ئەویش هەندێک لە شۆفێنستی
عەرەب لە پشت ئەومەسەلەیەدابوون، لەوانە (ساگع الحێری (*) وای بوو هۆکارێک بوو، ئەمەش
لە خوێندکاران کرد کە نارەزایی دەربڕنء بروسکەی نارەزایی بۆ بەغداد بەرز
بکەنەوە. لەساڵی 1936دا هەولێرء نێوچەکانی تری سەر بە هەولێر لەوانە کۆیە،
خوێندکاران مانیان لەخوێندن گرت، کە ئەمە بۆخۆی لە مێژووی جولانەوەی خوێندکارانی
کوردو تەنانەت لە عێراقیشدا دیاردەیەکی تازە بوو. ( )

هەر لەسەر مەسەلەی خوێندن بەزمانی کوردی لە کۆیە لە ساڵی 1936 دا ئاژاوەیەکی گەورە
پەیدا بوو، بەهۆی ئەوەی مامۆستایانی کۆیە وانەیان بەزمانی کوردی لەجیاتی زمانی
عەرەبی ئەوتەوە. ئەو کات (فاچل جمالی) وەزیری مەعارف بوو، ناچار بوو بۆ لێکۆڵینەوە
بێتە کۆیەء لە ئەنجامدا مامۆستاکانی هەریەکەو بۆ شارێک گواستەوە، لەوانە
عەبدولرەحمان شەرەف کە بەڕێوەبەر بوو بۆ هەڵەبجەء مامۆستاکانی تر کە (سەعدی جەلالء
سەعدی فەهیمء گاهر ێدیق) بوون هەریەکەیانی بۆ جێگەیەکی دوور گواستنەوە. ( )

ڕۆژانە تەوژمی فشاری کاربەدەستانی میری بۆسەرپرۆسەی فێرکردنی ڕۆڵەکانی کورد پتر
دەبوو، بەر لەوەی سالانی سی کۆتایی بێت کار گەیشتە ئەوەی خوێندنی کوردی لەشارێکی
دێرینی وەک کۆیە، لە هەفتەیەکدا کەم بێتەوە لە هەژدە کاتژمێرەوە بۆ سێ کاتژمێر. (
)

لە درێژەی هەولء تەقەلاکانی مامۆستایانی کۆیە بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی لە
خوێندندا لەجیاتی زمانی عەرەبی، لەساڵی 1941دا سەرجەم مامۆستایانی کۆیە بڕیاریاندا
خوێندن لە هەردوو پۆلی پێنجەمء شەشەم لە عەرەبیەوە بکەنە کوردی، بەبێ وەرگرتنی
ڕەزامەندی (وەزارەتی مەعارف) یان (بەڕێوەبەرێتی مەعارفی هەولێر)، چونکە پشت ئەستور
بوون بە بڕیاری کۆمەڵەی گەلان. بەڕێوەبەری مەعارفی هەولێر کە (رەفعەت ئەحمەد ئاغا)
بوو بەمەبەستی لێکۆڵینەوە سەردانی کۆیەی کردوو چووە قوتابخانەی کویسنجق کە
بەڕێوەبەرەکەی مامۆستا(سابیر ئیسماعیل) بوو، بەڕێوەبەری مەعارف دەست دەکات بە
لێکۆڵینەوە لەگەڵ مامۆستاکانداو ئاگاداریان دەکات کە بە هیچ شێوەیەک خوێندن نابێت
بە زمانی کوردی بێت، گوایە قەدەغەیەء دەبێ بکرێتەوە عەرەبی، بەڵام مامۆستا(سابیر)
سوربوو لەسەر ئەوەی کە هەردەبێ بە کوردی بێء لەوەش ئاگاداری کرد بوو کە ئەمە بڕیاری
کۆمەڵەی گەلانە، بەمە بەڕێوەبەری مەعارف بێ دەنگ دەبێ. ( )

بە حوکمی ئەوەی کۆیە پێگەیەکی زانستی گرنگ بوو، بۆیە هیچ ئیمامی مزگەوتێک دانەئەنرا
تەنها لەکۆیە نەبوایە، چونکە دەزگەی ئەوقاف بە فەرمی هەر لە کۆیە بوو، ڕەواندوزو
شەقلاوەء هەولێرء مەخمورو قەلادزەو ڕانیە سەر بەدەزگەی ئەوقافی کۆیە بوون، ئەم
بارودۆخەش تا ساڵی 1945 بەردەوام بوو، دواتر بەیەکجاری بۆ هەولێر گوێزرایەوە. ( )

لەشاری کۆیە دا لە پاڵ قوتابخانە فەرمیەکاندا، قوتابخانە ئاینیەکانیش ڕۆلی خۆیان لە بایەخدان بەزانست و زانیاری بینی، ئەمەش بە پاڵپشتێکی گەورە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندنء زانست لە شارەکە دادەنرێ. ( )

شایانی باسە کە ژمارەیەک لە داواکارانی زانست لە بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە ڕوویان لەنێوچەکانی باشوری کوردستان کردبوو، بەتایبەتی دەهاتنە هەولێرء کۆیە لەبەر ئەوەی مەڵبەندی زانستء مەلای ناوداری تێدابوو، بەمەبەستی زیادکردنی زانستء زانیاری، کەدواتر شوێنەواری باشی لەسەر هەستء دەروونی خوێندکارەکانی جێهێشت، بۆ وێنە شاری مەهاباد کە دوای مردنی مەلا محەمەدی جەلیزادە لەتشرینی یەکەمی 1943 دا، ژمارەیەک لە ڕۆشنبیرانی پرسەیان بۆ دانا ئەمەش نیشانەی یەکێتی هەستء زمانء ئاراستەی فکری بە دیاردەخات. ( )

جگە لە حوجرەو مزگەوتەکان، کتێبخانەکان ڕۆلی بەرچاویان لە بڵاوکردنەوەی زانستء ئەدەب هەبوو. کۆنترین کتێبخانەی ئەم شارە کتێبخانەی (دایە خەجێ) بوو، ئینجا کتێبخانەی جەلیزادە کە عەبدولرەحمان پاشای بابان لە ساڵی 1802 دا بۆ مەلا عەبدولرەحمانی جەلیزادەی دانابوو، دواتر کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی لە ساڵی 1945 دامەزراو پاش ئەویش کتیبخانەی کویسنجق لە ساڵی 1946 دامەزرا، ئینجا کتێبخانەی گشتی لە ساڵی 1957 دامەزرا، دواتر کتێبخانەی جەمهوریەت لە ساڵی 1958 و دوای ئەویش کتێبخانەی کوردستان دامەزرا. ( )جگەلەمانە هەندێ ماڵ بوو بوونە بنکەی ئەدەب، لەوانە ماڵی مستەفا محەمەدی حەوێزی (باوکی دلزارو کەریم شارەزا)ء ماڵی حاجی مەجیدی عەلە (حاجی یە گەورە)ء ماڵی حەمەدەمین ئەسعەدو ماڵی حاجی واحد ئاغای غەفوری. هەروەها چایخانەکان شیعر دۆستان بوو بوونە باشترین گۆشەی ئەدەبء هونەر، چونکە جێگەی کۆبوونەوەی شاعیرء بوون، ئەوانە ڕۆلێکی کاریگەریان لەبواری ئەدەب بینیوە و بوونە سەکۆیەکی ئەدەبی، بۆ نموونە چایخانەی حەکیمی چایچی، سەعدی ئاغای غەفوری، حەمەدی کەریم، زرار مام ئەمین، حەمەدەمین بلیارد، سمایل مەلا ئەحمەد، محەمەد وەستا قادر، حەمە گەمحان. ( )

ئەوەی لە هەموان زێتر نێوبانگی لە کۆیەو نێوچەکە دەرکردبوو، دڵدار (یونس ڕەئوف) بوو، یەکێک بوو لە هۆنەرە بەرزەکانی کورد کە هەموو گەلی کوردستان شانازی پێوە دەکات، سرودی (ئەی ڕەقیب) ی ئەم هۆنەرە بوو بە مارسلیزی گەلی کورد. ( )

لێرەدا ئەو ڕاستیە دەردەکەوێ کە کۆیە سەردەمانێک پێشەنگء سەرقافڵەی قەتارەی ئەدەبء هونەر بووەو وەک مەڵبەندێکی بەرچاوو دیاری ڕۆشنبیری ناسرابوو، ئەوەتا دەیان کەڵە پیاوی بواری ئەدەبء هونەرو هزرء ڕۆشنبیری کە تا دنیا دنیایە ئەستێرەی داهێنانء کارە ناوازەکانیانء شاکاری بیرەکانیان لە ئاسمانی هزری نەتەوەیەکەیان هەر دەدرەوشێتەوە. ( )

کورد لەسەرەتای بوونیەوە تا ئیمڕۆ خاوەنی هونەری ئاوازو گۆرانی تایبەتی خۆی بووە، ئەم هونەرەش بەپێی قۆناغء سەردەمی ژیان وەک ڕاستیەک هەردەم لەبازنەو بواری سەرخانی ژیانی ئابوری کۆمەڵگەء دەستەو چینە کاربەدەستەکانی ئەو سەردەمەدا سوڕاونەتەوە، لە کۆیە ئاوازی گۆرانی کوردی هەر ڕەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵەکەیء دەنگدانەوەی ئاوازی سروشتیەکانی نێو جەرگەی خاکە دڵگیرەکەی بووەو بووە بە بەشێکی بنەڕەتی لە خووڕەوشتی ڕەسەنی نەتەوایەتی کوردو هەرگیز لێی جیانابێتەوە، هەر بۆیە لەکۆنەوە بەدەیانء بەسەدان ئاوازی گۆرانی ڕەسەنی کوردی لەنێو ڕۆڵەکانی کورددا خولقاونء خاسیەتێکی تایبەتی نەتەوایەتی خۆیان وەرگرتووە. ( )لە هونەری گۆرانیش گەر یەکێک شارەزایی مەقامی مەقامبێژەکان لێک بداتەوە، تێدەگات کە چۆن مەقامبێژانی کۆیە چوونەتە قوڵایی نەستی کوردی هەستی دەروونی کوردەواریء لەکۆنەوە ئەم ئاوازەیان بە سەلیقەء زەوقء وتووە کە مۆرکی نەتەوایەتیان پێوە دیارە. دیارە لەم سەدەی دووایدا چەندین مەقامبێژ کە سەرقافڵەکەیان ئەمین ئاغا ئەختەرء مەربێن ء حەنیلە خرەو مەلا ئەسعەدء خالە سێوەء چەندانی تر، بەتایبەتی تاهیر تۆفیق کە خۆی قوتابخانەیەکی گۆرانیء سرودی کوردی بووە. ( ) جگە لەوانەی پێشوو (حاجیە گەورە) مەقام بێژێکی گەورە بووەو مامۆستای مەقام بووە کە لەنێو چینی کاسبکارانی کۆیەدا هەڵکەوتووە. کۆیە شارێکی ئاهەنگ دۆستء مۆسیقا ساز بووەو ڕۆلی لە داهێنانی ئاوازی تازەء پێشکەوتوودا هەبووە. مەلای گەورە لەم ڕووەوە دەڵێت: "لە کوردستانی ئێران گۆرانی پەیدا دەبوو، لە سلێمانی تەوشء تەراش دەکراء لە کۆیێ لە چەرخ دەدرا". ( )

ئێستە دەتوانین بڵێین شاری کۆیە ئەگەر سەرچاوەی سازگاری سازو ئاوازء گۆرانی کوردیش نەبووبێ ئەوا کاروان سەراوء قۆناغی سەرەکی لەسەر ڕێی کاروانی سازو ئاوازو گۆرانی ڕەسەنی کوردیدا بووە. ( )

توێژەر لەو باوەڕەدایە کە بوونی ئەو ژمارە زۆرە لە ئەدیبء ڕوناکبیر لەشاری کۆیەدا، هەروا دیاردەیەکی سەرپێیانەو لەخۆڕانیە، پێویستی بە وەستانێکی تایبەت هەیە و بەڵگەو نیشانەی ئەوەیە کە ئەم شارە لەدێر زەمانەوە بنکەی زانستء ئەدەب بووەو ڕۆلی کارای لەبووژانەوەی کلتووری کوردیء پێگەیاندنی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەدەب دۆستء زانست پەروەر هەبووە. بۆ ئەم مەبەستە چەندین کەس لە خەڵکی پارچە داگیرکراوەکانی تری کوردستان ڕوویان لەم شارە کردووە، زانستء ئەدەبی لێوە فێربوون . ئەم شارە شوێنگەی پێگەیاندنی سەدان ڕوناکبیرو ئەدیبە کە هەندێکیان ناوبانگیان دەرکردو بوونەتە شانازیەک بۆ ئەم شارەء کاریگەریان هەموو سنورە دەست کردەکانی بڕی. هەربۆ نموونە )یە، لە (*)(خچر کوڕی عومەر کویسنجقلی) کە خاوەنی پەرتوکی (الازکار للامام النواوی سالی (776 ک بەرامبەر _ 1374ز) واتە پێش زیاتر لە 600 ساڵ لەمەوبەر باسی لە هونەری مۆسیقا کردووە کە هەموو دەزانین مۆسیقا لە ژینگەیەک دێتە بەرهەم کە گەورە بێتء لە ڕووی زانستیو دارایییەوە گەشەدار بێت، چونکە جێگەی بچوکء هەژارو نەخوێندەوار هەرگیز نابێتە بێشکەی هونەرو مۆسیقا، ئەمەش بەڵگەی گەورەییء بوونی شارستانیەتە لەم شارە. هەرچەندە حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە تا کۆتایی پەنجاکانی ئەم سەدەیە، درێغیان لە دروستکردنی کۆسپء ئەستەنگ لە بەردەم پێشکەوتنی ڕەوتی شارستانیء کلتووری کوردەواری ئەم شارەدا نەکردووە، بەڵام نەیان توانیوە بەهیچ جۆرێک مەرامە ناحەزەکانیان بپێکن، چونکە ڕۆلەکانی ئەم شارە تا ڕادەیەک لەئاستی ئەو بەرپرسیارێتییە مێژوویییەدابوونء توانیویانە سەرکەوتووانە درێژە بە پەیامە پیرۆزەکەی خۆیان بدەن بێ ئەوەی هیچ فشارێک بتوانێ تۆزقالێک لە بیروباوەڕی نەگۆڕیان پێ لەق بکات.

باسی حەوتەم: بارودۆخی ئابوریء کۆمەلایەتی

لە پێش جەنگی جیهانی یەکەمدا دوو سەرچاوە وایان لە کۆیە کردبوو کە ببێتە نێوچەیەکی گرنگی ئابوری کە ئەمانەن :-

1- هەڵکەوتەی جوگرافی شارەکە کە کەوتبووە سەر ڕێگەی بازرگانی ترانزێتی سوریا لە لایەکەوەو باکوری ڕۆژئاوای باکوری ئێران کە (ئازربیجانء کوردستان) دەگرێتەوە لەلایەکی تر.

2 - کۆیە بەپێی سەردەمی خۆی نێوچەیەکی گەورەی پیشەسازی چنینء هۆنینەوەو چەک دروست کردنء مافوری کوردیء لبادء پێڵاوو جەڕەء گۆزەو کاروباری کشتوکاڵء کێڵانء ئاش بووە، زۆربەی ئەم پیشە ووردەکارانە کەژیانی کوردەواری ئەوسا داخوازی لەسەر بوو لە کۆیە بوو، هەر لەنێوچەکانی ڕانیەو قەلادزەو مەنگوڕایەتی تا دەگاتە خۆشناوەتیء بەری شێخ بزێنی لە باشوری زێی کۆیە. جگە لەوانە بازرگانی نێوخۆش پێشکەوتوو بوو، هەرچی بەرهەمی کشتوکالء ئاژەڵیء سروشتی هەبوو ئەوا بازرگانی کۆیی خەریکی کڕینء فرۆشتنی بوون، بۆ ئەم مەبەستە گەشتی دووریان بەرەو تەورێزء حەلەبء بەغداد ئەنجامداوە. ( )

بارودۆخی ئابوری کۆیە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم بە تەواوی بەرەو خراپی چوو، لەبەر چەند هۆکارێک کە گرنگترینیان ئەمانەن:

1. ئەو شوێنەوارە خراپەی کە ڕووداوەکانی لەسەر ژیانی خەڵکی شارەکەء دەوروبەرەکەی جەنگ بەجێیان هێشتبوو، بە لە دەستدانی ژمارەیەکی زۆر لەلاوەکانی بەهۆی پەیڕەوکردنی سیاسەتی ڕەشبگێری و بەتاڵان بردنی سامانء خۆراکی دانیشتوانەکەی لەلایەن دەوڵەتی

عوسمانیەوە، ئەمانە هەموو کاردانەوەی خراپیان لەسەر باری ئابوری شارەکەء ئاستی گوزەرانی خەڵکەکەی هەبوو. ( )

2. مانەوەی کۆیە بەقەزاو بوونی هەولێر بە لیوا.

3. وەستانی داهاتی ترانزێت کە سەرچاوەی سەرەکی داهاتی ئابوری کۆیە بوو.

4. نەمانی ڕێگەی گواستنەوە بەکاروانی وولاغ، بەهۆی پەیدابونی ئۆتۆمبێلء قیرتاو کردنی ڕیگەو بانەکان و کردنەوەی ڕێگەی گەلی عەلی بەگء حاجی ئۆمەران. بەمە بازرگانی ترانزێت ڕێی خۆی گواستەوە، هەروەها ڕێگەی ئۆتۆمبێل لە نێوان هەولێرء سلێمانیء ڕانیەء قەڵادزە کرایەوە. ئەمانە هەمووی هۆکاری بڕینی شادەماری گەشەکردنی ئابوری کۆیە بوون. ( )

شادەماری دووەمی ئابوری کۆیە بریتی بوو لە پیشەگەری پێویستیەکانی ژیانی کوردەواری، ئەویش بەهۆی لێشاوی پیشەسازی ئەورپاء گەشەکردنی پیشەسازی شارەکانی تری عێراق، بەرەو پوکانەوە چوو، بەمە خەڵکی دەوروبەرەکەی لێی تەکایەوە، وای لێهاتبوو خەڵک کرێی مانگانەی دوکانء قەیسەریەکانی نێو کۆیەی پێ نەئەدرا کە بە دەرهەمێک (50) فلس بوو. ( )

لەسەرەتای سیەکانی ئەم سەدەیە دا، کۆیە بووژانەوەیەکی ئابوریء بازرگانی بەخۆوە بینی و لەم ڕووەوە بە پلەی یەکەم لەو سێ قەزایەی عێراق (خانەقین، نەجەف) دەهات. هەڵبەتە ژمارەیەک بازرگانی ناوداری لێ پەیدابوو لە وانە: حاجی مەحمودء کوڕەکەی کەناوی کاکە بوو،ماڵی حاجی کاکە ئەمین براکەی حاجی ئەسعەدو لە سەروی هەموویانەوە کاکە زیاد. کاروانچیەکانی کۆیە دانەوێڵەء گەنمء جۆیان لە (ئێران)ەوە بۆ عێراق دەهێنا، بەتایبەتی لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا کە ژیانی ئابوری بەرەو خراپی چوو. لە شارەکانی تکریتء موسڵەوە بۆ کڕینی خەنجەر دەهاتنە کۆیە. هەروەها کڕینی تەختە و توتن کە بە کەڵەک لە ڕێگەی تەق تەق لەسەر زێی بچوک (زێی کۆیە) بەرەو بەغداد دەگوێزرانەوە، خاوەنی ئەم (کەڵەک) انە بریتی بوون لە هەریەکە لە عەبد جاسم و گلوب جاسم (برابوون) کە لە تەق تەق نیشتە جێ بوون. ( ) کاتی خۆی لەسەرداوای بەکرئاغای حەوێزی ئەم شوێنە دەست نیشان کرا بۆ ئەوەی بێتە بنکەی شارۆچکەی تەق تەق کە هۆکاری هەڵبژاردنەکە بازرگانی بووء وەک دەوازەیەک بۆ مەبەستی گواستنەوەی کەلءپەل بەهۆی (کەلەک)ەوە گونجاو بوو. ( )

دوای جەنگی جیهانی یەکەم کۆیە بۆتە مەڵبەندی سەرەکی ئەو کاروانەکانەی کە لەنێوچەی پشدەرەوە دەهاتن و دواتر ڕەوانەی تەق تەق دەکران. ئەوکاتە کەلوپەل خراوەتە ناو (دوبە) ەوە لەڕێگەی زێ گەیاندراوەتە کەرکوک ئینجا بەغداد، بە پێچەوانەشەوە لە ڕێگەی ووشکانی بۆ کۆیەو پشدەرء سابلاغء شنۆ. ( ) ئەم دەڤەرە لە چلەکاندا بنکەیەکی بازرگانیء ترانزێتێکی گرنگی کەلءپەلء شتومەکء مەڕو مالآت بووە. ( ) بەمە تەق تەق چەندین بازرگانی تێدا هەڵکەوتوو لەوانە: عبد جاسم، گلوب جاسم، کاکەڕەش سەعدون، جەمیل عەبدوللا، لەم شارۆچکەیەدا چەندین بنەماڵەی لێبوو لەوانە: کوێخا ڕەشید، کاکە ڕەش، حەمەدی عەباس، شەریف قادر، عەبد جاسم. ( )

ئەودەمە حکومەتی عێراقی بە هیچ شێوەیەک بایەخی بە نێوچە کوردیەکان نەئەدا، هەرچەندە بڕی ئەو پارەیەی کە خەرج دەکرا لەم نێوچانە کەم نەبوو، بەڵام زیاتر بۆ درءستکردنی مەخفەرو قەڵای سەربازی بوو، نەک بۆ دروست کردنی قوتابخانەء خەستەخانەء ڕێگەو بان. هەر کاتێکێش کورد سکاڵای بەرز بکردبایە، عەرەبەکان ئەم کارەیان بە دەستی بێگانە ئەزانی. ( )نموونەی زۆر لەبەردەستدایە کە چۆن کار بەدەستانیعێراق نێوچە کوردنشینەکانیان فەرامۆش کردبوو، بۆ نموونە لەساڵی 1935دا حکومەت نۆ کارگەی دروست کردنی جگەرەی لە بەغدادء دوو کارگەی تری لەو لیوایانە دامەزراند کە عەرەب نشین بوون، هەرچەندە سەرچاوەی توتنی عێراق لە نێوچەکانی کوردستان بوو، بەڵام کوردستان تاکە کارگەیەکی لێ نەبوو. ( ) ئەمانە هەمووی بوونە هۆکاری درءستبوونی قەیرانی ئابوریء بڵاوبوونەوەی دیاردەی بێکاری لەنێو لاواندا، بارودۆخەکە ناچاری کردبوون ڕۆژانە بچنە بەردەم سەرای حکومەتء داوای کار بکەن، هەرچەندە بواری کارکردن زۆرکەم بوو، چونکە پڕۆژەی پیشەسازی گەورە لەنێوچە کوردنشینەکاندا نەبوو، ئەمەش بە پێی ئەو

بەرنامەی پیلانە شۆڤێنستیانەیەی میری بوو کە نەدەبوو پیشەسازی قورس لە کوردستاندا
هەبێ. ( )

لە کاتی هەڵایسانی جەنگی جیهانی دووەمدا (1939 - 1945)، بارودۆخی عێراق بەگشتیی
کوردستانی شاری کۆیە بەتایبەتی بەرەو خراپی چوو، بۆیە حکومەت کۆپۆنی دەدایە خەڵکی
دەزگەی (تەموین)ی دامەزراند، مانگانە بڕێکی کەمی خۆراکی بەسەر خەڵکیدا دابەش دەکرد
کە جۆرەکەی خراپ بوو، بۆ نموونە جۆرە شەکرێک دابەش دەکرا کە ڕەنگی قاوەیی بوو، بۆ
جلی بەرگیش لەبەر نەبوونی قوماش، خەڵک بەناچاری ( جانگ ) یان لەبەر دەکردو کورتەکی
شەروالیان لە(جامفاز) دروست دەکرد. ( )

ڕووداوەکانی جەنگ کاریگەری خراپی لە سەر کورد هەبووە، دواتر بووە هۆی هەڵاوسانی
پارەو کەمبوونەوەی بەروبومی بەرزبوونەوەی نرخی شتومەک. پێش ڕووداوەکانی جەنگ نرخی
کەلی پەلی خۆراک زۆر هەرزان بوو، هەر بۆ نموونە لەشاری کۆیەدا کیلۆی گۆشت بە (18)
فلس بوو، تەنەکەی گەنم بە (28) فلس بوو، قەندی شەکری نایاب جۆری (ئەبو کراونی
هۆڵەندی) بە ( 42 ) فلس( )بوو، بەڵام کە جەنگەکە هەڵگیرسای درێژەی کێشا، نرخی خۆراک
ی کەلوپەل گەیشتە ڕادەیەک کەم کەس هەبوو بتوانێ پێداویستییەکانی ڕۆژانەی خۆی دابین
بکات. ( )

قوربانی جەنگ بەتەواوی بارودۆخی گوزەرانی خەڵکی تێک دابوو، بەتایبەتی چینی هەژارو
ڕەشی ڕووتی باشوری کوردستان، هەرچەندە خەڵک هەژاربوو بەڵام کاریگەری هەستی
کوردایەتیی بووژانەوەی بیری نەتەوایەتی لەو سەردەمەدا لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە حیسابی
بۆ دەکرا، لەترسی تەشەنەکردنی گیانی نوێخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بۆ باشوری
کوردستان، وای لە حکومەتی عێراق کرد کە پەیڕەوی سیاسەتێکی تازە بکات، ئەویش سیاسەتی
(خەڵک خەریک کردن) بوو، لە ڕێگەی زیادکردنی نرخی توتنی زۆر کردنی پلەی نایابی
یەکەم لە هەڵسەنگاندنی توتندا. ئەم پڕۆسەیە لە ساڵی 1943 ەوە پەیڕەوکرا کە بووە
هۆیەک پارەیەکی زۆر بکەوێتە دەست خەڵکی کوردستان بەگشتیو کۆیە بەتایبەتی.( ) ئەم
زیاد کردنی نرخەش زیاتر لەبەر ئەوەبوو کەوا لەخەڵک بکەن نەچنە پاڵ شۆڕشی بارزان
(1943_1945) ی بەمە توانیان خەڵکێکی زۆر خەریکی توتن چاندن بکەنی دوریان بخاتەوە
لە بەشداری کردن لە بزووتنەوەی کوردایەتیدا. ( )

بەحوکمی ئەوەی شاری کۆیە پارەداری بازرگانی گەورەی هەبوو، لەبەرئەوە خەڵکی نێوچەی
پشدەرو بێتوێن پارەیان بە سوو لێ وەرئەگرتن. لەی کۆییانەی خەریکی ئەم کارە بوون:
مەجید کاکە ئەمینی عەونیی حاجیحسین کە لە گەورە بازرگانانی کۆیە بوون، جگە لەوانە
خەڵکی کۆیە زیاتر شارەزای میکانیزمی پرۆسەی پوختەکردنی توتن بوون، هەر لە ئەرکی
لەداودانی داگرتنی توتن بەشێوەیەکی دروست، بەڵام خەڵکی بێتوێن شارەزاییەکی ئەوتۆیان
لەم کارەدا نەبوو، بۆیە ئەم دەست ڕەنگینییە هەرلە کۆیە دەرچووە، دواتریش قازانجی
داهاتەکەشی هەر بۆ کۆیێ بووە.( )

ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی کۆیەی دەوروبەرەکەی ڕوویان کردە دەشتی بێتوێن بەمەبەستی
چاندنی توتن، چونکە ئەم نێوچەیە خاوەنی زەویەکی بەپیتی ئاوێکی زۆر بوو هەرچەندە
بەرهەم هێنانی توتن کارێکی گران بوو و ئاوو هەوای بێتوین ناساز بوو، بەهۆی بوونی
مێشولە خەڵکێکی زۆر توشی نەخۆشی بوون، بەتایبەتی نەخۆشی (مەلاریا)ی نەخۆشی (دەردە
کورتان) کە زیاتر منداڵ تووشی دەبوون. ( )

لەساڵانی 1939 - 1940 بنکەی ئینحسار لەکۆیە کرایەوە کە ئەرکی پشکنینی توتنی لە
ئەستۆدا بوو، دواتر بووە ناوەندێک بۆ نێوچەکانی ڕانیەی قەڵادزە کە بەرهەمی توتنیان
دەهێنایە کۆیە بۆ ئەم مەبەستە، بەمە کۆیە بایەخێکی ئابوری پەیدا کرد.( )

سەبارەت بە پەیوەندی موسوڵمانی کۆیە لەگەڵ جولەکەو دیانەکانی کۆیە لەو سەردەمەدا،
ئەوا پەیوەندی نێوانیان بە شێوەیەکی گشتی باش بووە، بەڵام ئەمە بەم مانایە نایەت کە
هیچ ڕەفتارێکی دزێوو ڕووداوی دڵتەزێن لەلایەن هەندێک لاوی نەزانی خوێن گەرم ڕووی
نەدابێ، بەتایبەتی بەرامبەر جولەکەکان، وەک ئازاردانی پارە وەرگرتنی ژن هەڵگرتنی
دواتر موسوڵمان کردنیان، زیاتر ئەم کارە بەهاندانی هەندێ لە خەڵکی نەزان بوو کە
دەست خۆشیان لێ دەکردن گوایە موسوڵمانێک زیاد بووە، لە کاتێکدا چەندین موسوڵمانی تر

هەبوون لە کۆیە لە برسان دەمردن، کەچی کەس ئاوڕی لێ نەئەدانەوە ( ). فریشتە لەم ڕووەوە دەڵێت : " پەیوەندی موسوڵمانان لەگەڵ جولەکەو دیانی کۆیە بەگشتی زۆر باش بوو، بەڵام هەندێ لاو ڕەفتاری ناشیرینء دوور لە دابء نەریتی کوردەواریان بەرامبەر جولەکەکان ئەنجام داوە، هەرچەندە ژمارەی ئەو کەسانە زۆر کەم بوو، چونکە خەڵکی کۆیە بەگشتی داکۆکیان لە جولەکەکان دەکرد، لەسەرەوی هەمووانەوە مەلای گەورەی کۆیەو جەمیل ئاغای حەویزی".( ) هەر لەم بارەیەوە ئەحمەد خدر ئەحمەد دەڵێت:"جولەکەکانی کۆیە زۆربەیان بازرگان بوون کەلوپەلء زێڕو زەبەریان بە قەرز بە خەڵکی کۆیە دەدا. لەبۆنەکانی خۆشیء ناخۆشی لەگەڵ خەڵکی کۆیە دابوون ..... بەڵام هەندێک پیاو خراپ لەساڵی 1941 دا لە بزووتنەوەی رەشید عالی گەیلانیدا هەوڵیان دا بچنە سەرماڵە دەوڵەمەندەکانی جولەکەء تالانیان بکەن، بەڵام پیاو چاکانی کۆیە ئاگاداری کاکە زیادی حەمەغای کۆیەیان کرد، ئەویش دەستبەجێ چەند چەکدارێکی بۆ پاراستنیان لەو پیاو خراپانە نارد.( )

لەلایەکی دیکەوە پەیوەندی دانیشتوانی کۆیە لەگەڵ لادێیەکانی وولاتی کۆیە زۆر باش بووە، هەردوولا کاریگەریان لەسەر یەکتر هەبووە، هەر بۆ نموونە لەشارەکانی هەولێرو کەرکوک بەهۆی سەقا ئاو دەگەیشتە ماڵەکان، کەچی ژنە کۆیی جەڕەو گۆزەی لەسەرشان دائەناو هەڵدەکشا بۆ سەروی شارو ئاوی خواردنەوەی بۆ ماڵی خۆی دەهێنا، هەروەها ژنە کۆیی لە هەڵپەرکێی ڕشبەڵەکدا لەدەستی پیاو شایی کردووە. ئەمانە هەمووی بەهۆی یەک زمانیء یەک نەریتی دروست بووەو هاتۆتە کایەوە، کە ئاماژەن بۆ ئەوەی ئەم نێوچەیە خاوەنی ڕابردوویەکی دوورە، ئەو تینء تاوە شارستانیەتەی کە لە کۆیە پڕژاوە بۆ نێو دەشتء دەرا وای کردووە شیرازەی هۆزپەرستی لەنێو کۆیەدا هەڵوەشێنیء پلەی سەرەتایی کشتوکاڵی بتوێنێتەوە. جوتیاری گوندەکانی وولاتی کۆیە لە ئەنجامی کاریگەری شارەکە بەرەو ئاستی وولاتی کۆیە دەمێکە بیرکردنەوەی شارستانیانە سەرکەوتوون، هەربۆیە لە گوندەکانی گیانی هۆزایەتی لەنێوچووە، تەنانەت جوتیارەکانی ئەم گوندانە هێندە چاوکراوەن ئامادە نەبوون سەرۆک عەشیرەتء ئاغا لەنێوخۆیاندا بەخێوبکەن.( )

حوزنی موکریانی کە لە ساڵی 1935دا سەردانی شاری کۆیەی کردووە، سەبارەت بە پێوەندیە کۆمەڵایەتیەکان دەڵێ : "خەڵکی کۆیە زۆر میوان ڕاگرو ناندەرو پڕمیوانن ..... کۆیی کوردی خاوێنء دڵپاکن، بەڵام لەبەر بەدبەختی میللەت گەرچی زۆر حەز لە ئازادیء میللەت پەروەریء نیشتمان پەروەری دەکەن، لە تەک یەکتریا بەقینء ڕقء ناقولان".( )

لەم شارەدا چەندین کەسایەتی ڕوناکبیرو خاوەن بەهرەی لە گشت بوارەکاندا تێدا هەڵکەوتووەو لە بواری کارەکەی خۆیاندا ڕۆلی پێشڕەوانەیان بینیوە، کە لە سەر ئاستی کوردستاندا بە پلەی یەکەم دێن، لەوانە:

1. محەمەد ئەمین محەمەد مستەفا یومنی :- یەکەمین مۆر هەڵکەن بوو لە عێراق، کە مۆری بۆ شا فەیسەلی یەکەم دروست کردووە.

2. نەجیبە کچی مەلای گەورەی کۆیە، یەکەمین کچ بوو لە کوردستانء لە عێراق کە بە تێکەڵاووی لەگەڵ کوڕاندا بخوێنێ.

3. محەمەد تۆفیق ووردی کە ڕۆژنامەوانء هۆنەرء وەرگێڕو نوسەر بوو، یەکەمین مامۆستا بوولەساڵی 1942 خوێندنی بەزمانی کوردی ئاشنای لاوەکانی مهاباد کرد.

4. حەمەدەمین کاکە یەکەمین کورد بوو کە دەستەی دامەزرێنەری هێزی ئاسمانی عێراق بوو.( )

هەر لەبواری ڕۆلی کەسایەتیە ناودارەکانی کۆیەدا بە پێویستی دەزانین باسی کۆلۆنێل عبدوالواحید مستەفا (1886 - 1973) بکەین کە لە یەکەم فەوجی سوپای عێراق کەناوی (موسای کاقم) بوو بەشداربووە، دوواتر پلەکەی دابەزێندراوە، چونکە دژی ئینگلیزەکان بووە، زۆر ئارەزوی لە مۆسیقا بوو، یەکەم کەس بووە بەشێوەیەکی زانستی مۆسیقای ووتوەتەوە، بەختیار زێوەرء شاکر فەتاحء ڕەمزی قەزاز لەسەر دەستی ئەو لە سلێمانی فێری مۆسیقا بوون هەروەها لە حکومەتی فەیسەل لە سوریا بەشداربووە.( )

لەگەڵ ئەو مێژووە پڕ سەروەریەی شاری کۆیەدا، ناکرێ باس لە هەندێ دیاردەی دزێو نەکەین کە لە بیستەکانی سەدەی بستەمدا ڕوویداوە، لەوانە دیاردەی خەرمان سوتاندن، کە زیاتر بەرەنجامی ناکۆکیء ڕکابەری بەردەوامی نێوان هەردوو بنەماڵەی حەوێزی ء غەفوری بوون . لە ساڵی 1926 دا دیاردەی دزیکردن لە کۆیە سەری هەڵدا، شەو نەبوو ماڵێک نەبردرێت، دواتر بوو بە دیاردەیەکی ترسناک کە بە جارێ خەڵکی ئەم شارەی هەراسان کردبوو، سەرۆکی ئەم باندە گێرەشێوێنە (حەمەدی ڕەش) و تاقمەکەی بوون، کارو پیشەیان دزی کردنء هەڕەشە کردن بوو لە خەڵکی، زیاتر کارەکانیان بەشەو بەجلی پۆلیسەوە ئەنجام ئەدا، بۆ ئەوەی گومانیان لێ نەکەنء ئاشکرا نەبن، ئەم دیاردەیە ماوەیەک درێژەی کێشا، ڕەفتارە دزێوەکانی (حەمەدی رەش) بوو بە داستانێک کە بەجارێک ئاسایشی شاری کۆیەی خستبووە بەر مەترسیەوە، هەربۆیە جەمیل ئاغای حەوێزی کە قائمقامی کۆیە بوو کەوتە خۆی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی، تا لە ئەنجامدا پلانێکی توکمەی دانا بۆ دەسگیرکردنی یان کوشتنی ئەندامانی ئەم باندەء لە شەوێکدا کەوتە ناو بۆسەی پۆلیسء کوژرا، بە کوشتنی حەمەدی ڕەش سەردەمی تۆقاندن کۆتایی هاتء خەڵکی کۆیە سەرلەنوێ ژیانی ئاسایی خۆیان دەستپێکردەوە.( )

توێژەر لەوباوەڕەدایە کە مامۆستایانی کۆیە دەست پێشخەربوون لەمیکانیزمی پرۆسەی بە کوردی کردنی خوێندن لە شارەکە لەبیستەکانی سەدەی بیستەمدا، هەڵبەت ئەمەش لەژێر کاریگەری ئەو هۆشیاریە نەتەوایەتیەی کە حاجی قادر بنیاتنەرو مەلای گەورە درێژە پێدەری بوو. لەسەر ئەم هەڵوێستە کوردانەیان ڕووبەڕووی چەندین کێشەوگرفت بوونەوە، بەڵام کۆڵیان نەداوەو درێژەیان بە پەیامە پیرۆزەکەیان داوەو توانیویانە نەوەیەکی نوێ بەگیانی کوردانەی پاکء بەبەهای مرۆڤایەتی گۆش بکەن، ئەمەش بوو بە مایەی سەرهەڵدانی چینێکی ڕووناکبیرو هۆشیار، کە دواتر ژمارەیەک لەوانە توانیان ڕۆلی کارا لە بزووتنەوەی کوردایەتیء ڕۆشنبیری لەسەر ئاستی کوردستاندا ببینن.

## بەشی سێ یەم

## کۆیە لەســــــالانی نێــوان

## 1945-1958 دا

### باسی یەکەم : پەیوەندی یەکانی کـــۆیە لەگەڵ کۆماری دیموکراتی کوردستان دا لە مەهاباد

دوای جەنگی جیهانی دووەم ڕووداوەکانی کوردستانی ئێران گەشەکردنێکی خێرای بەخۆوەبینی، بەشێوەیەک کە ڕۆژنامە بیانیەکان پێشبینی ئەوەیان کردبوو کە مەهاباد ببێتە بنکەی ڕاپەڕینێکی فراوان، بەهۆی گەشەکردنی ئاستی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەم هەرێمەدا.( ) هەر بۆیە دروستبوونی کۆماری مەهاباد ڕووداوێکی سەرپێیانەو لەخۆوە نەبوو، بەڵکو دەرەنجامی کۆمەڵێک فاکتەری سیاسیء ئابوریء کۆمەلایەتی بوو، هەروەها یەکێکە لەهەرە گەورەترین ڕووداوەکانی مێژووی هاوچەرخی کورد کە بۆ یەکەمجار کورد کۆمارێکی سەربەخۆو ئازاد پێک بێنێء بتوانێ ئەگەرچی بۆماوەیەکی زۆر کورتیش بێت، خۆی فەرمانڕەوا بێتء دامء دەزگەی حکومەت دابمەزرێنێتء هەوڵی بەکوردی کردنی خوێندنء بووژانەوەی کلتووری نەتەوەیی بدات.( )

پێش نیوەڕۆی ڕۆژی 22ی کانونی دووەمی 1946 دامەزراندنی کۆماری کوردستان لەلایەن پێشەوا ( قازی محەمەد) ەوە لە مەیدانی چوار چرای شاری مەهاباد ڕاگەیاندرا.( ) ئاهەنگی ڕاگەیاندنی کۆمار بە سرودی ئەی ڕەقیب(*) دەستی پێ کرد کە ئەمەش

نامەیەکێ پەیامێک بوو بۆ هەموو داگیرکەرانی کوردستان کەوا گەلی کورد زیندوەو قەد
( ).نامرێ

کاتێک کۆماری مەهاباد ڕاگەیاندراو ئالای کوردستان هەڵکرا، ئالاو کۆمار بوونە ڕووگەی
ئومێدی کوردان، تێکۆشەرانی کوردستان لەهەر لاوە بەعەشقی کوردانەوە ڕوویان لە مەهاباد
دەکرد، چونکە بەڕۆژێکی مێژوویی‌یان لە ژیانی سیاسی خەڵکی کوردستان دا دەزانی.( )
جگە لەوەی دەستکەوتێکی گرنگی جوولانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بوو، لە هەمان کاتدا
نیشانەدەری گەشەی بیری نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا بوو. بەلام وێرای
فاکتەرە نێوخۆیی‌یەکانێ بزاڤی نەتەوەیی کورد لە سالانی جەنگدا، چەندین فاکتەری
نێوچەییێ نێودەوڵەتی لە سازکردنی زەمینەی بابەتی پێکهێنانی کۆماری کوردستاندا
کاریگەربوون.( ) هەرچەندە کۆماری کوردستان نێوچەیەکی بچوکی لەخۆ گرتبوو لەوانە:
مەهابادێ بۆکانێ نەغەدەو شنۆ،( ) بەلام کاریگەریەکی زۆری لەسەر هزری سیاسی باشوری
کوردستان هەبوو، مەهاباد ببووە باسی یەکەم لای ڕۆشنبیرە شۆرشگێرەکانیان، ئەویش لە
ڕێگەی چاپەمەنیەکانی مەهاباد کەلە سایەی کۆماردا پێشکەوتنی بەرچاویان بەخۆوە
بینیبوو.( ) ژمارەیەک لەم بلاوکراوانە دەگەیشتە شارەکانی باشوری کوردستان، کۆیە
یەکێک بوو لەو شارانەی کە ئەو بلاوکراوانەیان(*) لە ڕێگەی کاروانە بازرگانیەکانەوە
پێ دەگەیشت، ئیتر بیروباوەری کوردایەتیێ گیانی سەربەخۆیی زیاتر لە جاران گەشەی
) کە (**)کرد.( ) ئەودەمە خەڵکی کۆیە بەو بلاوکراوەنەیان دەووت (قەزەتەی کوردستان
( ).کاریگەری زۆری لەسەر بەرزکردنەوەی هەستی نیشتمانیێ نەتەوایەتی هەبوو

لێرەدا بەڕوونی بەدیار دەکەوێ کە ئەوانەی ڕۆلی گواستنەوەی بلاوکراوو ڕۆشنبیرەکانیان
لە نێوان پارچەکانی کوردستاندا بینیوە قاچاخچیەکان بوون،ئەوانە بەمەبەستیپەیداکردنی
نانی ڕۆژانەیان هاتووچۆی خۆرهەلاتی کوردستانیان دەکردێ کوتالێشتێمەکیان دەهێنا.
حکومەتی پەهلەوی ناوی قاچاخچی بەسەردا بڕیبوونێ بەهەموو توانایەکەوە بەربەرەکانێی
دەکردن، ئەمانە لەگەڵ ئەو شتێمەکانەدا بیری کوردایەتیێدەنگێباسیخوێندن بەزمانی
کوردیێ هەندێ جار کتێبێ چاپەمەنی کوردیشیان دەهێنا، زۆر بەنهێنی دەیان گەیاندە
دۆستێ برادەرانی باوەڕپێکراوو خولیای بیری نەتەوەیی.( ) بەمە بیروباوەڕی کوردایەتیێ
سەربەخۆیی کوردستان زیاتر لەناو ڕۆشنبیراندا گەشەی کردێ، لاوانی کۆیە بەشێکی لەم
( ).ڕوناکبیریە بەرکەوت

هەر لەڕووی کاریگەرێتی کۆماری کوردستان لەسەر کۆیە، فریشتە دەڵێت: "ئێمە لە کۆیە
ئالای کوردستانمان بە سامتی سەوزێ سورو سپی دروست دەکرد، کە بە دەرزی لێک دەدرا،
مامۆستا حەوێزێ وەستا وەهابێ عەزیز سەربەست بەسەر لاوەکانیاندا دابەش دەکرد، ئەوانیش
( )."لە هێقەی خۆیان ئەدا

لەڕاستیدا نەک ژنانی کۆیە بەتەنیا، بەڵکە سەرجەم ژنانی کوردستان ڕۆلی هاندەرو
سەربەرزانەیان لە خەباتی کوردایەتیدا نواندووە، بۆ وێنە ئالای کوردستانیان
بەشێوەیەکی سادەو ڕازاوە دروست کردوە، چونکە پێیان پیرۆز بووەو بەهێمای بوونی
نەتەوەی کوردیان زانیوە.

کۆماری مەهاباد ببووە داینەمۆی جوولانەوەی هەستی نەتەوایەتی لای هەموو کورد، هەر ئەم
فاکتەرەش هانی خەڵکی کۆیەی داوە کە بەشداری لەم کۆمارە تاقانەیاندا بکەنێ گیان
لەسەر دەست بن بۆ پارێزگاری کردنی. لەو کەسایەتیانەی کە ڕاستەوخۆ بەشداریان لە
کۆمارەکەدا کردبوو: محەمەد تۆفیق ووردی، رەئیس بەکر عەبدولکەریم حەوێزی، مستەفا
( ).خۆشناو بوون

ژمارەیەک لە کەسایەتیە ناودارەکانی کۆیە بەبەردەوامی خەریکی کۆکردنەوەی کۆمەکێ
یارمەتی بوونێ هەندێکی تریان سەرقالی هاندانی خەڵک بوون بۆ چوونە پاڵ کۆمارەکە،
کاکە زیاد لە دیارترینێ چالاکترینیان بوو.( ) هەندێک لە سەرچاوەکان بڕی ئەو پارەیەی
کە کاکە زیاد ئاغای غەفوری کۆی کردبۆوە بە (2000) دووهەزار دینار دەخەملێنن، کە
لەڕێگەی هەندێ لە خزمەکانی (مەلا فەتاح قورتەلاسی، عومەر ئاغای مەلاموسا، حاجی بایز)
ڕەوانەی کۆماری کردبوو، لەگەڵ نامەیەکی تایبەت بۆ مەلا مستەفای بارزان کە فەرماندەی
هێزی چەکداری کۆماری مەهاباد بووە.( ) کاکە زیاد تەنها هەوڵەکانی بۆ کۆکردنەوەی
یارمەتیێ پەیداکردنی پشتیوانی بۆ کۆمار هەر لەچوارچێوەی کۆیەو دەوروبەریدا نەبووە،

بەڵکو پانتایی هەوڵەکانی فراوانتر کردبوو، هەر بۆ نموونە نێردراوی خۆی ڕەوانەی لای ء پێی ڕاگەیاندبوو کە بابەکر ئاغای پشدەر کردبوو، نامەیەکی زارەکی بۆ ناردبوو (ئەوەی نێراوەکە دەیڵێ ڕای کاکە زیادە)، لە پێڕاگەیاندنەکەدا هاتبوو کەوا کۆماری مەهاباد دامەزراوەو پێویستە لەسەر هەمووان بە پارەو چەک هاوکاری بکەین، بابەکر ئاغا ئامادەیی خۆی بۆ ئەم هاوکاریە نیشان دابوو.( )

هەرسەبارەت بە یارمەتیەکانی کۆماری کوردستان شێخ جەنگی بورهان تالەبانی باس لەهاوکاری خەڵکی کۆیەء بەشداری ڕاستەوخۆی کەسایەتیەکانی پارچەکانی تری کوردستان لە کۆماری کوردستاندا دەکاتء دەڵێت :" خەڵکی کۆیە بە ئاشکراو بەنهێنی یارمەتی (کۆماری مەهاباد) یان داوە، لەوانە : کاکە زیاد کەشەوێک قەڵەبالغی لەماڵیان پەیدابوو، ئەسپ سوار خۆیان ئامادە دەکرد، خەڵکی دەیان گوت ئەمە (قەدری پاشا) یە لە سوریاوە هاتووە، (ئەحمەد حەمەدەمین دزەیی) هێناویەتیء ڕەوانەی (مەهاباد)ی دەکات، دوای ڕووخانی کۆماریش دیسان هاتنەوە کۆیە، هەمان کەس ڕەوانەی سوریای کردەوە.( )

لە دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان دا ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەفسەرانی باشوری کوردستان هاوکارو بەشداربوون. یەک لەو ئەفسەرانەی کە لەڕاستیدا ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو کاپتن بەکر عەبدولکەریم حەوێزی بوو (1914 – 1999) کە بەسەرکردەی لقی سێی بارزان دانرا.( ) سەرەڕای ئەوەی فەرمانەدەی فەوج دەبێ لە سوپای کۆماردا، لەهەمان کاتدا سەرپەرشتی بەرەی سەقز دەکات، دواتر فەرمانەدەی بەرەی سەردەشتء بانەی پێ دەسپێرن، وەک ئەفسەرێکی ئازاو لێهاتوو بەرگری لە ئاڵاو کۆمارەکە دەکاتء بەشداری چەندین شەڕی سەخت دەکات، لەوانە فەرمانەدەی داستانە بەناوبانگەکەی (شەڕی قاراوە)، کە داستانێکی ( ) مێژووی پڕ شانازیە، لەسەر ئەم هەڵوێستە جوامێرەی لەلایەن پێشەوا قازی محەمەدەوە بەنامەی پیرۆزباییء نۆ هەزار تومەنء چوار غەدارە خەڵات دەکرێ. جەنەراڵ مستەفا بارزانیش دەمانچەیەکء تفەنگێکی پێشکەش دەکات.( )

جگە لەکاپتن بەکرحەوێزی ئەفسەرێکیکارای تر لەشاری کۆیە ڕۆڵی سەربەرزانەی لەکۆماردا بینی ئەویش:مستەفا خۆشناو بوو، لە یەکێک لەو شەڕە بەرگریانەی کە ئەو سەرکردایەتی دەکرد، ژمارەی ئەو جەنگاوەرانەی لەگەڵیدابوون لە (40)کەس تێپەڕی نەدەکرد،بەڵام توانیان بەرگریەکی بێ وێنە بەرامبەر هێرشێکی گەورەی ئەرتەشی ئێرانی بکەن و تێکیان بشکێنن، زیانی دوژمن (500) کوژراو (250) دیلء تێک شکانیدووەدەبابە بوو،لە ڕاستیدا ئەم شەڕە گرنگیەکی گەورەی هەبوو، دوژمنی ناچار کرد کە واز لە هەڕەشەوپەلامار بهێنێء پەنا بەرێتە بەر دانوستاندن.( )

کۆمەڵەی (دەنگ) لەکۆیە بەبۆنەی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستانەوە بڕیار دەدات مامۆستا محەمەد تۆفیق ووردی پەیوەندی بە کۆمارەوە بکات، ئەویش بڕیارەکە جێبەجێ دەکاتء ڕوو لە مەهاباد دەکات، هەرلەوێش هۆنراوە بەناوبانگەکەی (ئەی شەهیدان ئەی شەهیدان) دەبێتە سروودی شۆڕشگێریء وێردی تێکۆشەرانء هێمای شەهیدان .لەکاتێکدا لەکۆماری مەهاباد دووشاعیری ناودار هەبوون ئەوانیش:(هەژار موکریانی و هێمن مەهابادی) بوون، بەڵام هۆنراوەی ئەی ڕەقیبی دڵدارو ئەی شەهیدانی ووردی دەبنە سرودی نەتەوەییء مارشی کوردایەتی.( ) جگە لەوانە گۆرانیەکانی تاهیر تۆفیق بەتایبەتی (گوڵی سەربەستی)، هۆنراوەکانی ئەحمەد دلزارء کەریم شارەزاء عەونی دەنگیان لەسەر ئاستی کوردستان دابۆوە کە لەسەر زمانی هونەرمەند تاهیر تۆفیق دەووترا، ئەمانە کاریگەری باشیان لە جۆشدانی لاوانی ئەو سەردەمە بەرەو بەشداری کردن لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا هەبوو.( )

ڕۆڵی رۆشنبیرانی هەولێرو کۆیە لە کۆماری کوردستاندا دیارو بەرچاوبووە، بۆیە لە بەڵگەنامەکانی لێکۆڵینەوەی تاوانەکان بە گرنگی باسی لەو هەموو کۆمەکیە مادیء گیانیەیە کردووە کە خەڵکی ئەم شارە پێشکەشی کۆماری ( مەهاباد) یان کردووە. یەک لەو بەڵگەنامانە دەقی نوسراوی یاریدەدەری لقی تایبەت بە دیاردەخات کە بۆ بەرێوەبەری پۆلیسی لیوای هەولێر لە 17 ی نیسانی 1946دا ناردووە، لەوێدا هاتووە " لە باوەڕپێکراوەمانەوە زانیاریمان بەدەست گەیشتووە کە خوێندکار جەوهەر مەلا دزەیی هەڵساوە بە کۆکردنەوەی چەند درهەمێک لە خوێندکارانی دواناوەندی هەولێرو بەشێک لە قوتابیانی قوتابخانە سەرەتاییەکانء سەرۆک هۆزەکانء بەناوی هاوکاری بڕی (700)

دیناری کۆکردۆتەوە . لە هەمان کاتدا لە کویسنجق لەلایەن عوسمان مستەفاو مەجید ڕەئوف پارە کۆکراوەتەوە ...".( )

هەر سەبارەت بە ڕۆلی کۆیە لە کۆماری دیموکرات دا جەلال جۆباری شاعیر دەڵێت: "خەڵکی کۆیە ئامادەیی هەموو قوربانیەک بوون لە پێناو سەرکەوتنی کۆماری مەهاباددا، لەم پێناوەدا چەندین شەهیدی بەخشیوە لەوانە : عەبدولواحید کوڕی هەمزە".( )

تەمەنی کۆماری کوردستان ئەوەندە درێژ نەبوو، چونکە ئەو بارودۆخ هەلومەرجانەی کە تێیدا لە دایک بوو، ئاسایی نەبوون، پڕ بوون لە ئالۆزی ململانێ ناکۆکی، چ لەسەر ئاستی دەوڵەتە زلهێزەکان چ لەسەر ئاستی نێوخۆی ئێران، ناکۆکیەکانی یەکێتی سۆڤیەت لەلایەک ئەمریکاو بەریتانیا لەلایەکی تر لەسەر بەرژەوەندیە نەوتی ئابوریەکان جیگەی ستراتیجی ئێران ململانێی ئایدیۆلۆجی سەرەتای جەنگی ساردبوو، ئەو دیاردانە نەخشەو پلانی سیاسی سەربازی لەلای هەردوو بلوکەکە خولقاندبوو، بەڵام خۆرئاوا لەبەر بەهێزی توانی نەخشەکانی خۆی جێبەجێ بکات، زیاتر لەوانەش کێشە هەمەجۆرەکانی نێوخۆو فشاری دەوڵەتانی هەرێم زیاتر ڕەوشەکەیان پڕ لە کێشە کرد.( ) مەخابن کۆماری کوردستان لە 17 / 12 / 1946 لەنێوچوو . قازی محەمەدو هاوڕێکانی لە 31 / 3 / 1947 دا لە سێدارە دران( )، جەنەڕال مستەفا بارزانی لەگەڵ (502) جەنگاوەر لە چەمی ئاراس دەپەڕنەوەو ڕوو لە ڕووسیا دەکەن، لەو کاروانە مێژوویی‌یەدا کە زۆربەیان بارزانی بوون بەڵام لەنێویاندا ژمارەیەک جەنگاوەری خەڵکی (کۆیە) یان تێدابوو لەوانە: (عەبدولرەحمان چەلەبی گۆمەشین، عەزیز چەلەبی گۆمەشین، مام حسێن عەبدولقادر).

دوای ڕووخانی کۆمار ئەفسەرەکان (عیززەت عەبدولعەزیز، خەیرولڵا عەبدولکەریم، محەمەد قودسی، مستەفا خۆشناو) دەگەڕێنەوە عێراق خۆ بەدەست ڕژێمەوە دەدەن لە 19 حوزیرانی 1947 لە سێدارە دەدرێن. بەڵام کاپتن بەکر عەبدولکەریم حەوێزی ڕێگەی خۆبەدەستەوەدان ڕەت دەکاتەوەو لەگەڵ (22) جەنگاوەردا بەنێو بەفرو سەرماو لوتکەی چیای سەخت پڕ مەترسی چارەنوسی هات نەهاتدا کات بەسەر دەبەن، سەرەنجام سێ کەس دەمێنێتەوە ئەوانیش بریتی بوون لە (بەکر حەوێزی، واحدی مام ڕەزا، عەزیز قالە ڕەش ناسراو بە عەزیز لەیلی). حکومەتی عێراق چەندین پیلانی بۆ لەنێوبردنی بەکر حەوێزی دانا، لە گوندی شیوەشان تووشی شەڕ بەرگری بۆوەو بریندار کراوە، بەڵام نەبەزیوەو تا ساڵی 1957 دەمێنێتەوە، لەماوەی ئەو ساڵانەدا تەنها نۆ مانگ لە (داریکەلی) لای شێخی نەمر بووە.( )

بە ڕووخانی کۆمار، زۆر لە خەڵکی شارەکانی باشوری کوردستان پرسەو ماتەمەینیان دانا، دانیشتوانی شاری کۆیە چەندین شەوڕۆژ پرسەیان بۆ داناو شینیان بۆ گێڕا.( )

دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، شاری کۆیە بووە پەناگە بۆ ژمارەیەک لە خەباتگێڕانی کوردی ئێران کە لە دەست هێزەکانی محەمەد ڕەزاشا هەڵاتبوون، لەوانە: سدیق حەیدەری کە (وەزیری ڕاگەیاندنی کۆمار) بوو لەگەڵ ژمارەیەک کەسایەتی تر لای کاکەزیاد ئاغا حەوانەوەو بۆ چەند ساڵێک لەژێر پارێزگاری ئەودابوون. کاکەزیاد لەلایەنگرە بەهێزەکانی کۆمار بوو، جێگەی متمانەو باوەڕی سەرکردەکانی کوردبوو، لەبەرنامەی دابوو بچێتە پاڵ کۆمار.( ) هەروەها مام هەژاری هۆنەریش لەدوای ڕووخانی کۆمار ڕوو دەکاتە کۆیە، تەنانەت هۆنراوە بەناوبانگەکەی مام هەژار:

بە کوردی دەژیم بە کوردی دەمرم                بەکوردیش دەدەم وەڵامی قەبرم

لەشاری کۆیە هۆنراوەتەوەو بڵاوبۆتەوە.( ) جگە لەوانە قادری باخچەوانیش (سەعید حەمەقالە) لای کاکە زیاد بوو بۆ ماوەی دووساڵ، دوای دەرچوونی بڕیاری لێبوردنی گشتی لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە ئیتر کۆیەی جێهێشت بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەڕایەوە.( )

توێژەر لەو باوەڕەدایە کە دانیشتوانی شاری کۆیەو دەوروبەری ڕۆلێکی بەرچاویان لەهاوکاری کردنی کۆماری کوردستاندا هەبووە، چ لە ڕێگەی پێشکەش کردنی کۆمەکی دارایی یاخود بەبەشداری کردنی ڕاستەوخۆی ژمارەیەک لە کەسایەتیەکانی، ئەمەش بەڵگەی نیشانەی کاریگەری ئەو ئاراستە فکری نەتەوەیی‌یە کە بەرهەمی مێژووەو سنور بەزێنە بەتایبەتی لەمەسەلە چارەنوسسازەکاندا ئامادەی قوربانیدانە بۆ وەدەست هێنانی مافەکانی کورد لە

هەرکاتێ شوێنێکدا، بەکردەوەش ئەوەی سەلماندوە کە هەمیشە لە ڕیزی پێشەوەی ئەو شارانەبووە کە هەرچی لە توانایدا بووە پێشکەشی کردووە. لەسەر ئەم هەڵوێستە نەتەوەیییانە، ڕووبەڕووی ململانێ دوژمنایەتی حکومەتە داگیرکەرە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق بۆتەوە، بۆیە ئەم حکومەتانە بواریان نەداوە گەشە بکاتێ ئاوەدان بێت، کە ئێستەش لەبەر ئەوە بە بچوکی ماوەتەوە تەنها ئەو هەڵوێستە کوردانەی بۆ ماوەتەوە ڕۆڵەکانی شانازی پێوەدەکەن، بەمە توانی ڕۆڵی مێژووی خۆی ببینێ بوونی خۆی بسەلمێنێ بێباک بێ لەوەی کە دواڕۆژ چی بەسەردێنێ . کۆیە لەپاش هەرەسی کۆماردا، بۆتە ئارامگەی لێقەوماوانێ پەنابەرانی ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی کۆمار، باوەشی گەرمی کوردانەی بۆ کردونەتەوە، دەرگە والآ لەسەر پشت بووە بۆیان .

باسی دووەم: ڕۆلی کۆیە لەڕاپەڕین (وەپبە)ی کانونی دووەمی 1948 دا:

لە جەنگی جیهانی دووەم بزووتنەوەی نیشتمانیێ نەتەوەییێ جموجۆلی سیاسی زۆر بەزەقێ ئاشکرا بۆ ڕووخانی پەیمانە نارەواکانی نێوان عێراقێ بەریتانیا کاری دەکرد، بەتایبەتی پەیمانیسالی 1930(*). لەو سەردەمەدا ژمارەیەک لە ڕۆژنامەو گۆڤارە عەرەبیەکان دەگەیشتنە دەستی خوێندەوارو ڕۆشنبیرانی کورد لەوانە : (البلاد، الزمان، الشعب، الحوادپ)، دواتریش ( ڕلاهالی، الحوت ) و هتد .... جگە لەوانە هەندێ ڕۆژنامەی نهێنی دەست دەکەوتن وەک (خەبات، قاعیدە، ئازادی)، ئەمانە هەموویان ڕۆلێکی کاریگەرو بەرچاویان لە هۆشیار کردنەوەی جەماوەرو یەکخستنی خەباتیان دژ بە پیلانی داگیرکەران هەبوو.( )

لەسەرەتای سالی 1948 دا هەندێ دەنگێ باس لە نێو خەلکدا بلاوبۆوە لەوانە وەزارەتی سالح جەبر بڕیاری داوە پەیمانی 1930 لەگەڵ بەریتانیادا نوێ بکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستە شاندی عێراق لە ناوەڕاستی مانگی کانونی دووەمی 1948دا بەسەرۆکایەتی سالح جەبرسەردانی (لەندەن)ی کردبوو، شاندی بەریتانیاش کە مستر (بیڤن) سەرۆکایەتی دەکرد، لەسەر مۆرکردنیپەیمانەکە ڕێک کەوتن.( ) (port smith) هەردوولا لەشاری پۆرت سمیپ بلاوبوونەوەی ئەم دەنگێ باسە لەنێو جەماوەردا کاردانەوەی گەورەی لێکەوتەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی دەقی پەیمانەکە لە ڕۆژنامەێ ڕادیۆدا بلاوکرانەوە، گەلانی عێراق تێبینی ئەوەیان کرد کە ئەم پەیمانە زیاتر باری ژیانیان قورستر دەکات، ئەمە جگە لە دەستدانی سەروەرێتی هەموو زەویێ ئاوو هێلی ئاسمانیێ توانای مادیێ هێزی مرۆیش دەخاتە بەردەست داگیرکەری بیانی، هەربۆیە گفتوگۆ لە نێوان هێزە نیشتمانییەکانی عێراقدا دەستی پێکرد.( ) لە ئەنجامدا هاوئاهەنگێتی لەنێوان کوردو عەرەب بە مەبەستی یەکخستنیخەباتیان لە پێناو هەرەس هێنانی پەیمانی پورت سمیپ دا دروست بوو، بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەکی هاوکاری لەنێوان پارتیو شیوعیو پارتی (الشعب) ێ پارتی (الوگنی الدیموقراگی) پێک هێنرا، ئەوانە فشارێکی زۆریان خستە سەر پەرلەمان کە دان بە پەیمانەکەدا نەنێ.( )

کاتێک گەلانی عێراق گوێ بیستی پەیمانەکە بوون لەزۆربەی شارەکانی عێراقدا دەستیان بە خۆپیشاندانێ نارەزایی دەربڕین کردو بەڕووی حکومەتدا تەقینەوەو، سامناکترین ڕۆژی خۆپیشاندان لە 27 مانگی کانونی دووەمی 1948 دا بوو کە لە بەغدا دەستی پێکرد، خۆپیشاندەران هەرچی کەوتە بەردەستیان لە دەزگەی دەولەت تێکیاندا، دەسەلاتدارانی عێراقیش بە گوللە وەلامی جەماوەریان دایەوە. بەمە ژمارەیەک لە خۆپیشاندەران کوژرانێ بریندارببوون،( ) یەکێک لە بریندارەکان عومەر مستەفا ناسراو بە (عومەر دەبابە) (*) بوو، کە سەرکردایەتی خۆپیشاندانی کۆلیژی مافی لە بەغداد دەکرد، (زاهیر هەناری) یش کەخەلکی کۆیەیە بەشداری خۆپیشاندانەکەی کردبوو.( ) خوێندکارانی کۆلیژی ماف ڕۆلێکی بالایان لە خۆپیشاندانەکان هەبوو بەدەم وتاف لێدان بە ڕوخانی حکومەتی سالح جەبر، پەیمانی کۆیلەتی مۆر ئەم بڕگەیان ئەووتەوە (لە بریتی ئەوەی نان بۆ گەل پەیدا بکەن دەکەن)، لەگەڵ ئەمانەشدا دروشمی برایەتی کوردو عەرەب بەرز کرایەوە.( ) لە ڕاستیدا

عومەر دەبابە ڕۆلێکی بوێرانەو بێوێنەی لە خۆپیشاندانەکانی کۆلیژی ماف لەبەغدا نواند، ئەمەش ڕۆلی پێشرەوانەی پارتی دەسەلمێنێ لە خۆپیشاندانەکان، چونکە عومەر دەبابە ئەندامێکی ناسراوی پارتی بوو.( ) ئەم هەڵوێستە جوامێرەی (عومەر دەبابە) بوو بە شانازیەک بۆ سەرجەم گەلی کورد بەگشتیء کۆیە بەتایبەتی، هەر بۆیە لە کاتی گەڕانەوەی بە بریندارى بۆ شاری کۆیە، خەڵکێکی زۆر سەردانیان کردو دەست خۆشیان لێ کرد، ئەم کارەش قائمقامی کۆیەی ناڕەحەت کردبوو، بۆیە ئاگاداری کرد کە یان دەبێ کۆیە بەجێ بهێلێ یان نابێ خەڵک سەردانی بکەن، عومەر دەبابەش بڕیاریدا بچێتە سلێمانی بۆ ئەوەی دانیشتوانی کۆیە تووشی کێشە نەبن.( )

لەنێو شاری ( کۆیە ) شدا خۆپیشاندانی گەورە سازکرا، پارتە سیاسیەکان بەجیاوازی ئایدیۆلۆجیاوە بەشداری چالاکانەیان تێدا کردو لەڕۆژی 27 / 1 / 1948 دا جەماوەری کۆیە بە جارێ ڕژانە سەر شەقامء کۆڵانەکانء دروشمی ( بڕوخێ ئیستعمار، بڕوخێ حکومەتی کۆنەپەرستی عێراق ) یان بەرزکرد(*)بۆوە.( ) ئەو خوێندکارە کوردانەی کە لەبەغدا گەڕابوونەوە کۆیە هانی خەڵکیان ئەدا بۆ سازدانی ڕێپێوانء خۆپیشاندان، جگە لەوە پیلانەکانی بەریتانیایان بۆ دانیشتوان ڕوون ئەکردەوە. هەر دوو پارتی سەر گۆڕەپانی ئەو سەردەمە (پارتی دیموکراتی کوردو حیزبی تحرر) ڕۆلی بەرچاویان لە جۆشدانء سەرپەرشتی کردنی جەماوەرو لە سازدانی چەندین ڕێپێوانء خۆپیشاندان دا هەبوو.( )

هەڵوێستی سەربەرزانەی کۆیە گەیشتە ئاستێک کە تاکە نوێنەری خۆی لە پەرلەمانی عێراقدا کە کاکەزیاد بوو دەستی لە کارکێشایەوە، وەک دەربڕینێکی ناڕەزایی بەرامبەر ئەم پەیمانە ناڕەوایەء پشتیگری کردنی لە ویستی جەماوەری کورد، ئەمەش لەدوای خۆپیشاندانێک ڕاگەیەنرا کە لە مەیدانی سەرای کۆیەدا سازکرابوو، عەلی عەبدوللا ناوەرۆکی دەست لەکارکێشانەوەکەی کاکە زیادی خوێندەوە.( )

هەر بۆ ئەو مەبەستە لیوای هەولێر شاندێکی نارده بەغدا، کەپێک هاتبوون لە : جلال گالبانی، عەونی یوسف، عەلی فەتاح دزەیی، عەبدولخالق عەلائەدین، حەمەدەمین قادر، مەولود ێالح ئەمین، جەوهەر حسێن مەلاو هیتر... ئەمانە بەناوی هەولێرء دەوروبەری بەشداریان لە خۆپیشاندانەکانی بەغدا دژی بەمۆرکردنی پەیمانی (پورت سمیپ)کرد. لەم ڕووەوە کۆیە لە نێو شاروشارۆچکەکانی هەولێر دا لە هەموویان زیاتر ڕۆلی بەرچاوی بینی. لە13 ی شوبات دا شاندێکی هاوبەش لە شاری هەولێرو کۆیە بەشداریان لە خۆپیشاندانەکانی بەغداد کرد، دواتر سەردانی گۆڕی شەهیدانی کانونی دووەمیان کرد.( )

بەرامبەر ئەو خۆپیشاندانانە، حکومەتی عێراق لە سەرانسەری وولاتدا هێرشی کردە سەر بەشداربووانی ئەم خۆپیشاندانانەو ژمارەیەکی زۆری ڕەوانەی زیندانی کرد، لەو سەردەمە کە ( سوبحی عەلی ) بە ڕەگەز عەرەبی موسڵ قائمقامی کۆیە بوو، ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی ئەم شارەی زیندانی کرد، ژمارەیەکی تری ڕەوانەی بەندیخانەی هەولێرو کەرکوک کرد،هەروەها هەندێک مامۆستاء فەرمانبەری بۆ شارەکانی تری عێراق گواستەوە.( )

ئەم ڕاپەڕینء خۆپیشاندانە جەماوەریانە، وەسی (عەبد ئیلاە) ی ناچار کرد لەوێستگەی بەغداوە ڕای بگەیەنی کە وەزارەتی سالح جەبر لەسەر کار لابراوەو پەیمانی پورت سمیپ ڕەت کراوەتەوەو کابینەی تازەی وەزیران بەسەرۆکایەتی شیخ محەمەد سەدر دامەزێنراوە. ئەم هەواڵە بووە ڕۆژی جەژنء ئاهەنگ گێران لەعێراقداو کەشء هەوایەکی لەباری ڕەخساند بۆ ئەو پارتە سیاسانەی کە کاری سیاسیان لێ قەدەغە کرابوو تا بکەونەوە جموجۆلی چالاکی خۆیان.( )

توێژەر لەو باوەڕەدایە کە بەر لە ڕاپەڕینی کانونی 1948 چەند ڕووداوێک سەراپای کوردستانی بەگشتیء کۆیەی بەتایبەتی هەژاند، یەکەمیان: پەیوەستە بە ڕوخانی کۆماری کوردستان لە کۆتایی 1946 داو دواتر گەڕانەوەی ژمارەیەکی زۆر لە بارزانیەکان بۆ باشوری کوردستان، دووەمیان: جێبەجێ کردنی فەرمانی لە سێدارەدانی هەرچوار ئەفسەرە کوردەکە لە 19ی حوزیرانی 1947 دا، ئەمانە هەموو بەیەکەوە زەمینەیان بۆ وورژاندنی جەماوەر خۆش کرد، ترووسکەیەک بۆ هەڵچوونء تەقینەوەی جەماوەر بەڕووی داگیرکەراندا بەس بوو. ئەم ڕەوشە کاریگەریەکی زۆری لە جولاندنی هەولێرو دەوروبەریدا هەبوو، بەتایبەتی لە کۆیە تا بتوانێ ڕۆلی مێژوویی خۆی لە بەگژداچوونەوەی پیلانی داگیرکەراندا ببینێ. بەڵام ناکۆکی ئایدیۆلۆجی نێوان پارتیء شیوعی لەسەر ئاستی

کوردستان کاردانەوەی نێگەتیڤانەی بۆ سەر ڕەوتی ڕووداوەکان هەبوو بەرەو لاوازکردنی پایەء قورسایی گەلی کورد لە ڕاپەڕینی 1948دا، یەکێک لە شوێنەواری ئەم ناکۆکی یە، گۆشەگیرکردنی بەشێکی گرنگی کورد لە بەشداری کردن لە بزووتنەوەی نیشتمانی عێراق دا بوو، جگە لەوانە هەڵویستی هەندێ لە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن لە بەغداد ( بەتایبەتی هێزە نەتەوەپەرستەکان ) نەگەیشتبووە ئاستی هەست کردن بەبەرپرسیاریەتی، لەگەڵ پێنەدانی نرخ بەو ڕۆلەی کە کورد دەتوانێ لە بزووتنەوەی نیشتمانی عێراقدا بیبینی.

باسی سێیەم: کـــــۆیەء ئەنجومەنی نوێنەران (پەرلەمان)

ئەنجومەنیدامەزراندن لە عێراقدا، بناغەی یەکەم ژیانی پەرلەمانی داناوە، چونکە عێراق لەوەو پێش شتی وای بەخۆوە نەبینیبوو، ئەگەرچی ئەم ئەنجومەنە نەیتوانیئامانجە نیشتمانیەکان بێنێتەدی، بەڵام توانیویەتی پایەی عێراق لەسەر ئاستی دەوڵەتاندا بەدیار بخات.( ) کاری ئەنجومەنی نوێنەرانیش دانانی دەستورە کە دەتوانێ زامنی مافی گەلء ئازادە دیموکراتیەکان بکات، لەگەڵ ڕێکخستنء دیاری کردنی دەسەلاتی هەریەک لە ئەنجومەنی یاسادانانء جێبەجێکردنء دادوەری .

ژیانی پەرلەمانی لە عێراقدا هەرچەندە کەمء کوری زۆری هەبوو، بەتایبەتی لەقۆناغی بەرایی‌دا کە دەکەوێتە سەردەمی شافەیسەڵ (1921 - 1933 )، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە دیاردەیەکی پۆزەتیڤانە دەژمێردرێت.( )

لەساڵەکانی جەنگی جیهانی دووەمدا (1939 - 1945) چالاکیەکی ئەوتۆی ئەنجومەنی(*) نوێنەران بەدی ناکرێ، هەربۆیە نوێنەرەکانیشیان ڕۆلێکی ئەوتۆیان نەبینیوە . بەڵام لەخولی هەڵبژاردنی یازدەهەمدا کە لە 17ی ئازاری 1947 دا ئەنجامدرا کە محەمەد زیاد ( کاکەزیاد ئاغا ) بەنوێنەری کۆیە لە پەرلەمانی عێراقدا دەرچوو، ئەو دەمە گوڕو چالاکی بەخۆوە بینی، چونکە نوێنەرەکان ژمارەیەک ڕۆشنبیرو کەسایەتی لەخۆ دەگرت، هەربۆیە توانیان هەڵویستی کوردانەو نیشتمان پەروەرانەی خۆیان بنوێننء داکۆکی لە مافە ڕەواکانی کورد بکەن.( )

لەو ماوەیەدا کە کاکە زیاد نوێنەری کۆیە بوو توانی بە هەموو شێوەیەک پارێزگاری لە مافەکانی کورد بکاتء بە کردەوەش سەلمانی کە پلەو پایەکەی لە پێناو بەرژەوەندی گەلەکەی دایەو ئامادەی هەموو قوربانیەک بوو. کاتێک لە ڕاپەرینە بەناوبانگەکەی کانومی دووەمی 1948 دا دەست لە کارکێشانەوەی خۆی لەدژی مۆرکردنی پەیمانی پۆرت سمیپ ڕاگەیاند.( ) هەرلە ساڵی (1950) دا لەگەڵ کاکە زیاد دا ژمارەیەکی دیکەش دەستیان لەکاری دووازدەهەمین خولی هەڵبژاردنی پەرلەمان کێشایەوە، لەوانە : محەمەد مەهدی کوبە کە سەرۆکی پارتی (الاسقلال) بوو، محەمەد رەزا ئەلشەبیبیسەرۆکی پارتی ( الجبهە الشعبیە)، محەمەد حەدید ءحسین جەمیل لە گەورە کادیرانی پارتی (الوگن الدیمقراگی) ء هیتر ...( )

لە پەنجاکاندا پرۆسەی هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ پەرلەمان لە کۆیەدا ڕوخسارێکی سیاسی بە خۆوەگرت، خەڵکی کۆیە لەنێوخۆیاندا لەسەر نەدانی نوێنەر بۆ پەرلەمانی عێراق پێکهاتن، ئەگەر پرۆسەی هەڵبژاردنی ئازادانە نەبێت. بۆ ئەم مەبەستە بریاریاندا کە بەرهەڵستی فشاری حکومەت بکەنء لیژنەیەکیان پێک هێنا کە ژمارەیان (20) ئەندام بوو، لەوانە زۆربەیان خەڵکی ڕوناکبیرو ئازادیخواز بوون.( )

لەساڵی 1953 دا پارتی دیموکراتی کوردستان ( مەسعود محەمەد ) ی وەک نوێنەری کۆیە بۆ پەرلەمان کاندید کرد، مەسعود محەمەدیش دوای ئەوەی کە هەستی کرد جەماوەری کۆیە پشتگیری لێ دەکەن، ئەوجا ڕەزامەندی خۆی نیشاندا. لە هەمان کاتدا نوێنەری حکومەت کە مەلاحەوێز ئاغا بوو، حکومەت لەڕێی فەندو فێڵء تۆقاندنی خەڵکء بەرتیل دانەوە هەموو

هەولێکی خستە گەڕ بۆ کاندید کردنی ناوبراو، بەڵام لە ڕاستیدا دانیشتوانی کۆیەو
تەنانەت زۆرینەی ئەندامانی لیژنەی سەرپەرشتکارانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکەش دژی بە
کاندیدکردنی مەلا حەویز ئاغا بوون .جگە لەوە پارتی لە ڕێی هێلی تەلەفۆنەوە ئاگاداری
گشت هەواڵەکانی حکومەت بوو. بۆ نموونە (میرزا حاجی کەریم) کە نوسەری دادگەی کۆیە
بوو، شەوانە هێلی تەلەفۆنی دەخستە سەر هێلی تەلەفۆنی گشتیء گوێی لە نیازو پیلانەکانی
حکومەت دەگرت و بە پەلە پارتی لێ ئاگادار دەکردەوە.( ) لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکاندا
مەسعود محەمەد دەرچوو کە ئەمە سەرکەوتنێکی یەکجار گەورە بوو بۆ پارتیء لەهەمان
کاتدا بۆ جەماوەری کۆیە، چونکە لە هیچ شوێنێکی تری کوردستاندا نوێنەر بە ویستی گەل
دەرنەچوون، هەرچەندە لە کاتی پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا کاکەزیاد بۆ هەولێر
( ).دوورخرابۆوە تا کاریگەری لەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکان  لە کۆیە نەبێ

مەسعود محەمەد  لەماوەی دەست بەکابوونیدا لە ناو ئەنجومەنی نوێنەراندا. توانی خۆی
وەک کەسایەتیەکی شارەزاء بوێرء چالاک بسەلمێنێء بەردەوام کێشەء داوا ڕەواکانی کورد
بخاتە ڕوو. جگە لەوەی کە زۆر مەسەلەی گرنگی وورژاند، لەوانە: خوێندن بە زمانی
کوردی، مەسەلەی بارزانیەکان، گیراوە سیاسیء دوورخراوەکان، مەسەلەی جوتیارانی دزەیی،
کەم کردنەوەی باج لەسەر  داهاتی توتن.( ) هەر لەو بارەیەوە مەسعود محەمەد دەڵێت:
(هەلێکم بۆ ڕێکەوت توانیم دیدەنی نوری سەعید بکەم، کە چوومە لای زۆر بەخێرهاتنی
کردم، نزیکەی سعاتێکء پەنجا دەقیقە قسەمان کرد، دوای گفتوگۆ  ووتی: چیت پێویستە ؟
گوتم: داواکاری شەخسیم نیە،  چونکە ئابوریم تێرو تەسەلە، سێ تکلیفم لێکرد، یەکەم:
کردنەوەی ڕێگەی نێوان کۆیەو ڕانیە، دووەم: مەسەلەی توتن، سێیەم: چارەسەری مەسەلەی
بارزانیەکان ء گرتووەکان.( ) مەسعود محەمەد کردنەوەی ڕێگەی کۆیەو ڕانیەی لە ڕۆژی
16ی نیسانی 1953دا خستە بەردەم پەرلەمانء ووتی:"کۆیەء ڕانیەءپشدەر چەند بەشێکی
تەواوکەری  یەکترن، لەوەتی هەن ئابوریان بەیەکەوە بەستراوە، کەی میری بەدەم ئەو
ڕاستیانەوە  دێتءئەو سێ قەزایە ڕزگار دەکات لە دابڕانیاندا ؟،  ئەویش بەکردنەوەی
ڕێگەوبانی دروست لەنێوانیاندا ء قیرتاوکردنیانء بەستنەوەیان بە هەولێرو کەرکوک".( )
دواتر حکومەتی عێراق ڕەزامەندی لەسەر کردنەوەی  ڕێگەی نێوان کۆیەو رانیە نیشاندا،
( ) .بەمە لە هاوینی 1953دا دەست کرا بە نەخشە کێشانی پڕۆژەکەء جێبەجێ کردنی

مەسعود محەمەد لە 13ی ئایاری 1953 لە کۆبوونەوەی پەرلەمانی عێراقدا چەند داوایەکی
پێشکەش کرد، لەوانە: لابردنی بڕیاری نائاسایی، داوای دەست لەکار کێشانەوەی حکومەت
وهەڵوەشانەوەی پەیمانی نێوان عێراق و بەریتانیای کردوو ووتی: (میری سەرکەوتنێکء
شانازیەکی مەزن وەدەست دێنێ ئەگەر ئەم کارە بکات، بەڵام ئەو ئامانجە گەورەیە نایەتە
دی تەنها لەسەر دەستی حکومەتێک نەبێ کە پشت ئەستور بێ بەگەل نەک بەباری نائاسایی،
( ) .ئەمەش نایەتەدی تەنها لەسایەی حکومەتێک دا نەبێ کە گەل پشتگیری بکات)

ئەم هەڵوێستەی  مەسعود محەمەد وای کرد کە لە سەرانی ئۆپۆزسیۆنی نێو پەرلەمان نزیک
بێتەوە، لە ئەنجامدا بووە یەکێک لە پالێوراوانی بەرەی نیشتمانی کە لە 12ی ئایاری
1954 دا پێکهات بەمەبەستی خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنی نوێ کە بڕیار بوو لە 9ی
حوزەیرانی هەمان ساڵدا ئەنجام بدرێت، لەوێدا مەسعود محەمەد جارێکی تر لە بنکەی
( ) . هەڵبژاردنەکەی لە کۆیە سەرکەوتنی وەدەست هێنا

شایانی باسە لە پەرلەمانی نوێدا چەند جارێک مەسعود محەمەد مەسەلەی بارزانیەکانی
وورژاند، بۆ وێنە لە 23ی نیسانی 1953دا کاتی لێکۆلینەوە لەسەر لیژنەی کاروباری
داراییء مافەکانء خشتەی یاسای گەڕانەوەی  سامانی نەگوێزراوی بەشداربووانی ڕاپەرینی
نیسان _ مایس 1941 دەکرا، مەسعود محەمەد ئەم هەلەی قۆستەوەو مەسەلەی بارزانیەکانی
وورژاند، کاتێ جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران ڕەخنەی ئاراستەی مەسعود محەمەد کرد،
کە ئەو بابەتە لەدەرەوەی باسەکەیە، بەڵام مەسعود محەمەد لە قسەکردن نەوەستاو بە
لۆجیکە ناسراوەکەی وەڵامی جێگری سەرۆک پەرلەمانی دایەوەو ووتی " من بابەتی ئەم
خشتەیە دەپێوم لەسەر بابەتی بارزانیەکان، لە ڕۆژنامەکان خوێندومەتەوە کە بەنیازن
بڕی دەهەزار دینار بە (بارزانیە دوورخراوەکان) ببەخشن . من لەو باوەڕەدام نەک دە
هەزار بەڵکو لەوەش زیاتر چارەسەری ئەم کێشەیە ناکات، بەڵکو تاکە چارەسەری بەسود بۆ
بنەبڕکردنی یەکجاری کێشەکە  ئەوەیە کە بگەڕێنەوە بۆ نێوچەکانی خۆیان،  ئەمەش جێگەی
( )."ڕەزامەندیء پێزانینی خەڵکیە بەگشتی

لە کێشەیەکی دیکەی بزووتنەوەی جوتیارانی دزەیدا کە پارتی ء شیوعی پشتگیریان لێ دەکرد، مەسعود محەمەد لە دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەران لە 13 ی ئایاری 1953دا باسی ئەم بزووتنەوەی کردو داکۆکی لێکردنء ڕەخنەی ئاراستەی حکومەت کرد، چونکە ژمارەیەک لە پارێزەریان دەسگیر کردبوو کە بەرگریان لە مافی ڕەوای جوتیارانی دزەیی کردبوو، بۆیە داوای لە وەزیری ناوخۆ کرد کە ئازادیان بکاتء چارەسەری کێشەی جوتیاران بکات. ( )

لەلایەکی دیکەوە هەڵوێستی بوێرانەی نوێنەری کۆیە لە پەرلەمانی عێراقدا لەو وتووێژانەدا دەردەکەوێ کە پەرلەمان دژ بەسەرەک وەزیرانی بەریتانیا

(winston churchil) ی دەیدا، کاتێک چەرچل پاڵپشتی خۆی بۆ بزووتنەوەی زایۆنیزم دەربڕیبوو. ئا لەوێدا نوێنەری کۆیە مەسەلەکەی دەبردەوە سەر کێشەی کورد. مەسعود محەمەد لە کۆبوونەوەی ڕۆژی 13ی ئایاری 1953 ی ئەنجومەنی نوێنەراندا دەڵێ : " بەڵام خاڵی دووەم کە پەیوەستە بە لێدوانەکەی ( چەرچل )ی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا، کە زۆربەی نوێنەران گلەیی لێ دەکەنء داواشیان لە حکومەت کردوە کە لەبەرامبەریدا هەڵوێستێکی توندی هەبێ، بەڵام ئەزموونەکانی پێشومان لەگەڵ حکومەتدا ئەوەیان سەلماندووە کە هەڵوێستی سیاسەتمەدارانی عێراقء وولاتانی عەرەبی بەویستء خواستی چەرچلء بەریتانیا تەواو دەبێ، بەڵام من دەتوانم لە دوای ئەو هەڕەشەو بەڵێنانە بە چەرچل بڵێم ( مژدەی ئاشتییەکی درێژخایەن بدە ئەی چوارگۆشە )، پشت بەخوا ئەو ڕاستیانە دێنە دی". ( )

لە کۆبوونەوەی 19ی ئایاری 1953دا سەرلەنوێ مەسعود محەمەد کێشەی بارزانیەکانی خستە بەردەم پەرلەمانء بەتوندی ڕەخنەی(*) لە هەڵوێستی وەزیری ناوخۆ (سەعید قەزاز) گرت، ئەمجارە سەرۆکی پەرلەمان قسەی پێ بڕی، بەڵام نوێنەری کۆیە لە قسەکردن نەوەستا بەڵکو جارێکی دیکە ڕێچکەی پەیڕەوکراوی بەزاندو لۆمەی وەزیری کردوو ووتی: " بەرپرسیارێتی جەنابی وەزیری ناوخۆ دوو ئەوەندەیە، بەرپرسیارێتی سیاسیء بەرپرسیارێتی ئەدەبییە بەوەی کە کوردە، تکا دەکەم زێدەڕۆیی لەو سیاسەتە نەکات، هەندێ ڕێء شوێن بگرێتە بەر کەوا بکات بەشێک لە ئێشء ئازارەکانیان لەنێو زینداندا کەم بکاتەوە". ( )

لە کۆتایی ساڵی 1954دا نوری سەعید پەرلەمانی هەڵوەشاندەوەء بەبێ هەڵبژاردن مەلا حەوێز ئاغای غەفوری وەک نوێنەری کۆیە لە پەرلەمانی عێراق دەستنیشان کرد. ( ) ئەمەش بووە مایەی ناڕەزایی خەڵک، دواتر حکومەت دەستی کرد بەگرتنء ڕاوەدونانی تێکۆشەرانی کۆیە، لەوانە: فاتح ڕەسول، مام جەلال، عەلی عەبدوللا، مەسعود محەمەد، کاکەی بەرگدروو، مام تەها، (باوکی عەبدە تەها)، ستاری چایچی، عومەری عەولاشەل، عەبدە خەوە، حسامەدین تەیب، لەتیف ئاغا، سالح شەمس. ئەوانە نزیکەی مانگءنیوێک لە زیندانەکانی هەولێر مانەوە. دواتر کاکەی حاجی مەحمود هەوڵی ئازادکردنی دان، هەر ڕۆژەی ژمارەیەکیان ئازاد دەکرا، بۆ ئەوەی حکومەت بتوانێ ڕێ لە شالاوی خۆپیشاندەرانی جەماوەری کورد بگرێ کە دژ بە زیندانی کردنی ڕۆشنبیرانء سەرکردەکانی کورد ڕاپەڕیبوون. ( )

هەندێک لە نوسەران بەم جۆرە گەواهی چالاکیەکانی مەسعود محەمەد دەدەن لە پەرلەمانی عێراقدا: " بە ئەوپەڕی دڵسۆزیء کارامەیی کارەکانی ڕادەپەڕاند بەمەبەستی هێنانەدی داخوازیەکانی کوردء کەمکردنەوەی مەینەتیەکانی، هەردەم لەبەرەی ستەم لێکراوانء چەوساوان بووە دژی دەسەڵاتی زۆرداری سەپێنراو، هیچ کاتێک هەوڵی وەدەست هێنانی پلەو پایەو پارەی نەداوە، هەرچەندە دۆستایەتی باشی لەگەڵ بەرپرسانی خاوەن بڕیاردا هەبوو، زۆر جار داوایان لێ کردووە پۆستی وەزارەت وەربگرێ، بەڵام هەرکاتێک هەستی بکردایە کەوا خوێنی ڕۆلەکانی گەلەکەی بەخۆڕایی دەڕژێ، ئەوا بێ دوودڵی دەست لە کارکێشانەوەی خۆی ڕاگەیاندووە، هەروەک لە شەستەکانی سەدەی بیستەم ئەم نەریتەی بەکردەوە بەرجەستە کردووە". ( )

توێژەر وای بۆ دەچێت کە پرۆسەی هەڵبژاردن لە عێراق بەگشتیء لە باشوری کوردستان بەتایبەتی ئازادانە نەبووە، تا لەسایەیدا گەل بتوانێ بەویستء خواستی خۆی دەستنیشانی نوێنەری ڕاستەقینەی خۆی بکات، هەروەک لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1953دا کە لە عێراق پەیڕەو کرا. کۆیەش وەک بنکەی هەڵبژاردن کەوتە بەر شالاوی هەڕەشەی کاربەدەستانی حکومەت لە پێناو دەرچوونی نوێنەری خۆیدا، بەڵام چونکە جەماوەر بەگشتی پشتگیری لە

نوێنەری ڕاستەقینەی خۆی دەکرد، بۆیە هەوڵەکانی میری لەم ڕووەوە بەفیڕۆ چوو، هەرچەندە دەرچوونی نوێنەری جەماوەری کۆیە بە زەحمەتێکی زۆر بوو، بەڵام ئەو ڕاستیەی سەلماند کە دانیشتوانی کۆیەو دەوروبەرەکەی بۆ هیچ ستەمکارێ زۆرداریێ سەردانانەوێنن. لەراستیدا خەباتی پەرلەمانی لەگەڵ هەموو کەمءکوڕیەکانی گرنگیەکی تایبەتی لە ژیانی گەلەکەماندا هەبوو، هەندێ جار ڕۆلی لە خەباتی سیاسیو چەکداری دا کەمتر نیە، بەتایبەتی لەکاتێکدا کە نوێنەر مرۆڤێکی بوێرو کارایی وەک مەسعود محەمەد بێت کە بتوانێ دەرفەتەکان بقۆزێتەوەو لە قازانجی دۆزی ڕەوای کوردو پەیامە پیرۆزەکەی بەگەڕی بخات. مەسعود محەمەد بەکردەوە سەلماندی کە تەنها نوێنەری کۆیە نیە بەڵکو نوێنەری هەموو کوردێکی باشوری کوردستانە ئەمەش لەو بەڵگەنامانەدا بەدیار دەکەون کە لە ئەرشیفی پەرلەمانی عێراقدا پارێزراون، تەنانەت هەندێ جار داکۆکی لەمافی هەموو خەڵکی عێراق کردووە.

باسی چوارەم: کـــۆیەو ڕۆلی ڕۆشنبیرانی کورد لە بواری سیاسیء نەتەوەیی دا

بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد یەکێکە لە بزاڤە دێرینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سەدەیەک زیاترە وەک دەربڕی ئاواتء ئامانجەکانی بەردەوام لەخەباتدایە بۆ وەدەست هێنانی مافی بڕیاردانی چارەنووسی، بەڵام ڕووبەڕووی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیء داگیرکەری بێگانە بۆتەوە. لەو سەردەمەوە تا ئێستە بە دەیان وولاتی داگیرکراو ئازاد بوون، بەڵام کورد تا ئەوڕۆ بەژێردەستەیی ماوەتەوە، هەروەک سۆسیۆلۆجی تورک (ئیسماعیل بێشکچی) دەڵێت: " کوردستان وەک کۆلۆنیالیەکی نێو دەوڵەتان ماوەتەوە، ژێردەستەی دەسەڵاتی شۆڤێنێترین نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە." ( ).

دوای جەنگی جیهانی دووەم بزووتنەوەی دیموکراتی زێتر بەرەو گەشەسەندن چوو، بیروڕاکانی لەنێو ناوەندەکانی کوردستاندا بڵاوبوونەوە، بەمەش پارتە کوردیەکان لەژێر کاریگەری بووژانەوەی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی ڕۆژهەڵاتء دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێرانء ڕاگەیاندنی یەکەم کۆماری کوردی لە مەهاباد دا بوون . هەربۆیە لەژێر تەوژمی دیموکراتیدا کە ئەوەدەمە ببووە مۆدەو باوی سەردەمەکە کە لە باشوری کوردستاندا، پارتی دیموکراتی کورد وەک خۆگونجاندنێک لەگەڵ پێشکەوتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی دیموکراتیدا لەم بەشەی کوردستاندا دامەزرا. بەم جۆرە بیرۆکەی دروست بوونی پارتی دیموکراتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە سەری هەڵدا، ئەوکاتەی بارزانیء ئەفسەرە تێکۆشەرەکانی کورد لە خەباتدابوون بۆ پارێزگاری کردن لە کۆماری کوردستان.( ) دوای کۆششێکی چڕوپڕ توانرا کۆنگرەی یەکەمی دامەزراندن لە بەغداد لەبەرواری 16/ 8/ 1946 لە ماڵی سەعید فەهیم سەلیم ئاغای حەویزی ببەسترێ. ( ) بەم جۆرە (پارتی دیموکراتی کورد – عێراق ) لەدایک بوو، دوای هەڵوەشانەوەی هەردوو پارتی (شۆڕشء ڕزگاری)، لە ئەنجامدا ئەندامانی پارتی ڕزگاریء ژمارەیەکیش لە ئەندامانی شۆڕش چوونە نێو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کورد، بەڵام زۆرینەی ئەندامانی شۆڕش چوونە نێو ڕیزەکانی حیزبی شیوعی عێراقیەوە.( )

دەستەی سەرکردایەتی پارتی کە لە یەکەم کۆنگرەدا دەستنیشان کران، ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵکی کۆیەی لەخۆ دەگرت، کە بەم شێوەی خوارەوە بوو:-

1. سەرۆکی پارت مەلامستەفا بارزانی.

2. جێگری یەکەمی سەرۆک شێخ لەتیف شێخ مەحمود.

3. جێگری دووەم کاکەزیاد حەماغای غەفوری.

مەکتەبی سیاسی پێکهاتبوو لە : هەمزە عەبدوڵڵا، ڕەشید عەبدولقادر، عەلی عەبدوڵڵا، عەبدولکەریم تۆفیق.( ) محەمەد عەبدولسەمەد(*) عەبەنناش ئەندامی یەدەگی لیژنەی مەرکەزی بوو.( )

لەم قۆناغەدا خەباتی پارتی بۆ هێنانەدی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورد لەچوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتی یەکگرتوودابوو.( )

توێژەر لەو باوەڕەدایە کە لێرە بەدوواوە ستراتیژی بزووتنەوەی کوردایەتی لە ئازادیء سەربەخۆیی کوردستانێکی یەکگرتوودا گۆڕدرا بە مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد لە هەریەکێک لەو وولاتانەی کە کوردستانی تێدا بەخشرابووەوە . ئەم هەنگاوەی بزووتنەوەی کوردایەتی لەدوولاوە بەرەو لاوازبوونء گەڕانەوە چوو:-

1. دان نان بەو سنوورە دەستکردانەی کە ئیمپریالیزم نەخشەکێشی کردبوو.

2. لە دەستدانی ستراتیژی نەتەوەییانەی کوردستانیانەو خۆلکاندنی هەریەک لە پارتە کوردیەکان بە قەوارەی سیاسی دەوڵەتە داگیرکراوەکانەوەو بەستنەوەی چارەنووسی دووا ڕۆژانەی کورد بە هەریەکێک لەو دەوڵەتانەوە لە ژێر دروشمی (خەبات دژی ئیمپرالیزم ء دیموکراتی بۆ ئەو دەوڵەتانەو ئەوجا مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد).

ناوچەی کۆیەی پارتی دیموکراتی کورد لە چالاکترین ئۆرگانەکانی پارتی بوو، چونکە لەم شارەدا ژمارەیەک لە کەسایەتی ناودار ڕۆلی کارایان لەو پارتەدا بینی، لەوانە پارێزەر عومەر مستەفا محەمەدء (کاکەزیاد) یش لە ئەندامە چالاکەکانی بوو. لە ڕاستیدا ئەمانە ڕۆلی بەرچاویان لە گەشەکردنی ڕیزەکانی هەبوو.( ) پارتی بایەخێکی زۆری بە ڕۆشنبیرکردنی ئەندامەکانی ئەداو بۆ ئەم مەبەستەش کتێبخانەیەکی بەناوی (حاجی قادری کۆیی) لەشاری کۆیەدا کردەوە، هەروەها حیزبی (تحریر) یش کە باڵێکی حیزبی شیوعی عێراق بوو کتێبخانەیەکیان لە کۆیە بەناوی (کویسنجق) کردەوە.( )

بەمەبەستی زیادکردنی ئەندامء لایەنگران، پارتی دیموکراتی کورد لە کۆیە کەوتە جموجۆلێکی بەرفراوان، لەم بوارەدا عومەر دەبابە ڕۆلێکی مەزنی لە ڕاکێشانی مرۆڤی نیشتمان پەروەرء دڵسۆزو پاک بۆ نێو پارتی بینی، بۆ ئەم مەبەستەش چەند جارێک سەردانی کۆیەی کردەوەو چاوی بە مام جەلال(*) کەوتبوو. لەو دیدارانەدا بەرنامەء ئامانجەکانی پارتی بۆ ڕوون کردۆتەوە، دواتر ئەویش ئامادەیی خۆی پیشان داوە بچێتە نێو ڕێزەکانی پارتییەوەو وەک ئەندامێکی کارامە کار بکات . ئەمەش بەسەرەتای گەشەکردنی ڕێکخستنەکانی پارتی لە کۆیە دادەنرێت، چونکە مام جەلال لە خوێندکارە ڕووناکبیرو چالاکەکانی شاری کۆیە بوو، لای خەڵکی خۆشەویست بوو، توانی لە ماوەیەکی کورتدا جەماوەرێکی زۆر بۆ پارتی پەیدا بکات. مام جەلال لەگەڵ ژمارەیەک خوێندکاری کورد خەریکی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی خوێندکاری بوون، بۆ ئەم مەبەستە دیدو تێڕوانینی لەساڵی (k.d.x) عومەر دەبابەی وەرگرت، بەمە توانی کۆمەڵەی پێشکەوتنی خوێندەواری 1947 لە کۆیە دابمەزرێنێ کە خالد دلێر لە ئەندامە چالاکەکانی بوو.( )

پاش ئەوەی دووەم شەڕی جیهانی بە سەرکەوتنی هاوپەیمانەکان کۆتایی هات، ئیدی ئەوەندەی دیکە بیری مارکسیزم لە کوردستاندا بڵاوبووەوەو بەتەواوی بووە مۆدەو گەر کەسێکیش لەگەڵ ئەو ڕەوتە نوێیەدا نەبایا ئەوا زۆر بەئاسانی بە کۆنەخوازو کرێگرتەی ئیمپریالیزم دەژمێردرا. هەرچەندە ژمارەیەک لە کوردە کۆمۆنیستەکان بەمەبەستی زێتر بڵاوبوونەوەی فیکرەکەیان ناوبەناو باسیان لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەکردو تەنانەت لە پرۆژەکەی باسم دا ( بەهائەدین نوری ) لە 1953 داو لە کۆبوونەوەوی پارتی کۆمۆنیستی عێراقدا لە 1956 دا باس لە بڕیاری مافی چارەنوسی کورد کرابوو، بەڵام ستراتیژی ڕاستەقینەی کۆمۆنیستەکان بانگەشەکردنی عارەبء کورد بووە لەخەباتی هاوکارانە دژ بە ئیمپریالیزمء دامەزراندنی کۆمارێک کە لەوێدا کورد مافی ئۆتۆنۆمی پێ ڕەوا ببینرێ . ئەم بۆچوونء ستراتیژەی کۆمۆنیستەکانی عێراق کاردانەوەیەکی ڕاستەوخۆی زۆری بۆ سەر دەستەی وورده بۆرژوای کورد هەبوو، کە لەم بەشەی کوردستاندا خەباتیان بخەنە ڕیزی خەباتی گەلانی عێراقەوەو لە مەسەلەی کوردستانێتی پەشیمان ببنەوەو ببنە پارتێکی کوردی عێراقیء دواتریش هەر لە ژێر ئەو کاریگەرێتییەدا ء لە کۆنگرەی 1953 ی پارتیدا ڕێنمایی بە تیورەکانی مارکسیزم بکەن.

هەڵبەت کۆیە یەک لەو نێوچانەی باشوری کوردستان بوو کە ژمارەیەک لە ڕۆشنبیرەکانی بوونە هەڵگری بیری مارکسیزم . یەک لەوانە فاتح (*)ڕەسول بوو، کە شانازی بەو فکرەیەوە دەکردو چالاکانە لەو بوارەدا دەست بەکاربووە.

سەرەتا پەیوەندی نێوان حیزبی شیوعیء پارتی دیموکراتی کورد زۆر باش بووە، کاتێک کە پارتی دامەزرا، حیزبی شیوعی خۆشحاڵی خۆی نیشانداء بە ڕێکخراوێکی سیاسیء پێشکەوتوخوازی دادەنا، بەڵام دوای ئەوەی پارتی توانی جەماوەرێکی زۆر لەدەورەی خۆی کۆبکاتەوە، ئیدی حیزبی شیوعی بۆچوونی گۆڕاو نیگەران بوو و نەک هەر ئەوە بەڵکو دەستی کرد بەهێرش کردنە سەر پارتیء لە ڕێگەی ڕۆژنامەکانی (القاعدە) ء (ئازادی) یەوە، پارتی بەوە تاوانبار دەکرد کە وەک (شۆرش) ء(ڕزگاری) ڕێکخراوێکی بورژوای کۆنە خوازەو ئامانجی لەت کردنی خەباتی کوردە.( )

هەڵبەت ئەو جۆرە پەیوەندیانە کاردانەوەیەکی ڕاستەوخۆی بۆ سەر هەڵگرانی بیری کوردایەتی (پارتی)ء بیری مارکسیزم (کۆمۆنیستەکان) لەکۆیە هەبوو . ئەگەر لەسەرەتادا کۆمەڵێک چالاکی هاوبەشانە لەنێوانیاندا هەبووبێ، بەڵام لە ئاهەنگی نەورۆزی 1948 دا هەریەک لە پارتیء کۆمۆنیستەکان بەجیا یادیان کردەوە. ( )

لەلایەکی دیکەوە حکومەتی عێراق بەبەردەوامی چاودێری جموجۆڵی ئەندامانی ئەو پارتانەی دەکردء فشاری دەخستە سەر چالاکیەکانیان تا لە 15 / 5 / 1948 دا بەبیانوی پارێزگاری کردن لە سوپای عێراقی کە نێردرابوو بۆ سەر ئیسرائیل لەگەڵ سوپای دەوڵەتە عەرەبیەکانی تردا، دەستی کرد بەگرتنی ژمارەیەک لە کادیرانی هەردوو پارتەکە لە کۆیە، بەتایبەتی ئەوانەی ڕۆڵی بەرچاویان لەسەرکردایەتی کردنی خۆپیشاندانەکانی ڕۆژانی ڕاپەڕینی 1948 دا هەبوو و ئەم شاڵاوە چەندین ئەندامی پارتی (تحرر) ی گرتەوە لەوانە: ئەحمەد دلزار، یادق جەمیل ئاغا حویزی، مەجید کاکە حاجی مەحمود، ڕۆستەم حویزی، مەلا مەجید(*)موفتی، عەبدولرەحمان محەمەد حویزی، فائق جەلیل حویزی، ئەمانە هەموو درانە دادگەی عورفی سەربازیو زیندانی کران.( )

پارتیء کۆمۆنیستەکانی کۆیە لەدژی بڕیاری کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان بوون کە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیلی لە 15 / 5 / 1948 دا ڕاگەیاند، هەربۆیە حکومەتی نوری سەعید بە ئاشکرا کەوتە دژایەتی کردنی کورد.( ) بەڵام لە ڕاستیدا پارتی پشتیوانی لە مەسەلەی فەلەستین دەکردو کاتێک کە جەنگی فەلەستین لەدژی ئیسرائیل ساڵی 1948 ڕوویدا، ژمارەیەک سەربازی کورد بەشداری ئەم جەنگەیان کرد، لەوێ شەهید بوون، هەندێک لەوانە خەڵکی کۆیە(**)بوون. ( )

هەرچەندە ئەندامە بەرزەکانی پارتی لە کۆیە بەبەردەوامی لەژێر سانسۆری سیخورانی حکومەتدا بوون، بەڵام زۆر وریاء چالاکانە کاریان دەکرد . چەندین نموونە لەبەردەستدان کە وەک بەڵگەنامە ئاماژە بەم بوارە دەکەن، هەر بۆ نموونە : لە نوسراوەکانی وەزارەتی بەرگری ژمارە ( د / 305 / 291 ) لە بەرواری 22 / 7 / 1952 دا هاتووە " محەمەد زیاد ئاغا(***)خەڵکی کۆیەیە کاتی خۆی هاوکاری فتنەی ساڵی 1941ی کردووە پەیوەندی بە (یونس سبعاوی) یەوە هەبووە بەهۆی حەمەد زیاد ئاغاو تاقمەکەی چالاکی شیوعی زیادی کردووە، زیاتریش لە یانەی فەرمانبەرانە، کە بۆتە بنکەی سەرەکیان، زۆر گوێ لە وێستگەی مۆسکۆ ء ئازربیجان دەگرن"( ) دەردەکەوێ کە میری لە هەڵسەنگاندنی بیرو بۆچوونی کاکە زیاد ئاغا بەهەڵە داچووبوو، چونکە ئەو لە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کورد کاری دەکرد، کەچی کاربەدەستانی میری بە شیوعیان لەقەڵەم داوە، دیارە ئەمەش بەهۆی ئەوەبووە کە پارتی لەو سەردەمەدا هەڵگری بیری مارکسی بووە.

پارتی دیموکراتی کورد بەنهێنی لە 26 کانونی دووەمی 1953 دا . کۆنگرەی سێیەمی لە کەرکوک بەست، لەم کۆنگرەدا بڕیاری گۆڕینی ناوی حیزب بۆ ( پارتی دیموکراتی کوردستان _ عێراق ) درا، هەروەها لیژنەی مەرکەزی هەڵبژێردرا کە بریتی بوون لە: ملا مستەفا ( سەرۆک )، میرحاج ئەحمەد، د. جەعفەر کەریم، ئیبراهیم ئەحمەد، نوری شاوەیس، نوری ئەحمەد تەها، عەلی حەمدی، ڕەشید عەبدوالقادر، جەلیل هۆشیار، عەلی عەبدوڵلا (ئەندازیار)، جەلال تالەبانی، عومەرمستەفا (دەبابە)، محەمەد(*) ئەمین مەعروف. پارتی لەم کۆنگرەیەدا ڕێبازێکی نیشتمانی پێشکەوتوخوازانەی چەپی گرتەبەر، هەندێک مادەی

لە بەرژەوەندی جوتیارو ڕەنجدەرانی کوردستان چەسپاند، وەک خەبات کردن لە پێناو چاکسازی ء جەخت کردن لەسەر خۆماڵیکردنء لەناو بردنی هەژارایء بنیاتنانی پیشەسازی قورسء زامن کردنی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد لە چوارچێوەی عێراقدابوء.( )

شایانی باسە ململانێی سیاسی لە نێوان پارتیء شیوعی لە کۆیەدا بەردەوام بوو، ئەوەی پەیوەندی بە پارتیەوە هەبوو لەو سەردەمەدا، ئەوا تێبینی ئەوە دەکرێت کە هەنگاوەکانی لەسەرەخۆبوون، چونکە نەیدەویست قوربانی بە ئەندامء کادیرەکانی خۆی بدات لە پێناوی هەندێک چالاکی لاوازء بێ کەلکء دوور لە کوردایەتی، بەڵام بە پێچەوانەوە حیزبی شیوعی ڕێگەیەکی توندڕەوانەی گرتبووەبەر هەر لە سازدانی خۆپیشاندانی(**)چەکداری ء بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردنەکانی کانوونی دووەمی 1953 ی ئەنجومەنی نوێنەران ( پەرلەمان ) ی عێراقدا، ئەویش لە ڕێگەی کۆکردنەوەی خەڵک ء هێرش کردنە سەر سندوقی هەڵبژاردنەکان لەشاری کۆیە ء شکاندنیان.( ) لەو هەڵبژاردنەدا پارتی دیموکراتی کورد مەسعود محەمەدی وەک نوێنەری خۆی لەشاری کۆیە پاڵاوتبوو. (ئەم کارە بە فەرمی نەبوو چونکە پارتی مۆڵەتی کارکردنی نەبوو). کاربەدەستانی میری بە هەموو توانایەکیانەوە هەوڵیان ئەدا بۆ ئەوەی مەسعود محەمەد لەم هەڵبژاردنەدا دەرنەچێت، هەڵبەت کاریان دەکرد بۆ دەرچوونی پاڵیوراوی خۆیان کە (مەلا حەوێز ئاغا) بوو.( ) لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا مەسعود محەمەد توانی سەرکەوتن بەدەست بێنی، ئەمەش هەڵوێستی خەڵکە دڵسۆزەکەی کۆیە بەرجەستە دەکاتء لە هەمان کاتدا کاریگەری پارتی لەسەر دیدو تێڕوانینی خەڵکی نێوچەکە بەدیار دەخات.( ) مەسعود محەمەد لەم بارەیەوە دەڵێت : " ڕابەرانی ئەم خۆپیشاندانە زیاتر ڕقیان لە لایەنەکە ( پارتی ) بوو نەک حکومەت، ئەگینا لەبەرچی لە هەولێرو سلێمانی هەمان نمایشیان ئەنجام نەدا، چونکە هیچ پاڵیوراوێکی خۆیان نەبوو.( )

توێژەر وای بۆ دەچێ کەوا کۆیە تەنها شارێک بوو لە هەموو باشوری کوردستان کە توانیبێتی لە هەموو خەباتی ئاشکرای کوردی عێراق لە ڕێگەی هەڵبژاردن، دژی ویستی میری نوێنەری سەر بە پارتێکی نوێخواز بگەیەنێتە پەرلەمان، لەکاتێکدا نوێنەرانی نێوچەکانی تری کوردستان نەیان توانی نوێنەری خۆیان بگەیەنێتە پەرلەمان، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە ئازادی لە پرۆسەی هەڵبژاردن دا نەبووە. بەڵام دەرچوونی نوێنەری کۆیە لە ئەنجامی هەوڵء تەقەلایەکی چڕدا بوو، هەرچەندە کۆیە لەوسەردەمەدا هەژاربووە، بەلام کۆڵی نەداوەو خەباتی کردووە، ئەمەش تایبەتمەندی کۆیە نیشان ئەدا کە لە شوێنێکی تر ئەم دیاردەیە بەدی ناکرێت.

ئەندامانی حیزبی شیوعی لە کۆیە بەزۆری خەریکی بەرزکردنەوەی سالا و کۆکردنەوەی مۆری پەنجە بوون ، تا لە 15 / 12 / 1953 بۆ ماوەی ( 24 ) کاتژمێر بڕیاری مانگرتنیاندا، بەمەبەستی کردنەوەی ڕێگەی(*) نێوان کۆیەوڕانیە.( )

سەبارەت بە هۆکارەکانی ململانێی بەردەوامی نێوان پارتیو شیوعی لەکۆیە، ئەوا چەندین دیدو تێڕوانینی جیاواز هەن، هەر بۆ نموونە مەولود ژاکاو پێی وایە کە: ناکۆکیەکان لە ڕواڵەتدا زیاتر لەسەر ئایدیۆلۆجیای چینایەتی بووە، چونکە شیوعی خۆی بەڕابەری کرێکارانء جوتیاران دەزانی، بەلام پارتی خۆی بە پارتێکی جەماوەری دەزانی کە جوتیارء کرێکارو ووردە سەرمایەداری نیشتمان پەروەر لەژێر ئالایدا کۆ دەکردەوەو لەخۆ دەگرت، هەندێ جار ڕادەی ڕکابەری سنوری دەبەزاندو دەبووە مایەی دروستبوونی شەڕو(*)پێکادان.( ) هەرکاتێک شتێکی لەم بابەتانە ڕووی بدایە ئەوا پیاوماقولانی نێو ڕیزەکانی ئەم دوو پارتە بەپەلە هەنگاویان بە ئاراستەی هێورکردنەوەو ئاسایی کردنەوەی ڕەوشەکە دەنا.( )

لەنیسانی 1953 دا ڕاپەرینێکی جوتیاران لە نێوچەی دزەیی لە دژی دەرەبەگەکان سەری هەڵدا، کە (60) نێوچە ء ( 300 ) گوندی گرتەوە لەوانە : قەزای مەخمور، کۆیە. حکومەت وای نیشان ئەدا کە ئەم جوتیارانە ڕاپەریوون لە دژی دابەش کردنی ئامێر بەسەریاندا، بەلام لە ڕاستیدا ناڕەزایی جوتیارەکان لەسەر زەوت کردنی زەویەکانیان بوو لەلایەن دەرەبەگەکانەوە، حیزبی شیوعی سەرکردایەتی ئەم راپەرینەی دەکرد.( ) هەڵبەت (پارتی دیموکراتی کوردستان )یش پشتگیری ئەم ڕاپەڕینەی دەکرد، ئەویش لە ڕێگەی نوێنەرەکەی لە پەرلەمانی عێراق کە مەسعود محەمەد بوو.( )

لەساڵی 1954 دا کونسلی ئەمریکا سەردانی کۆیەی کرد، داوای لە کەسایەتیەکانء پیاو ماقولانی ئەم شارە کردبوو، بۆ دانوسانء گفتءگۆ کردن لەسەر هەندێ مەسەلەی پەیوەست بە ئایندەی کوردەوە . کونسلی ئەمریکا ڕووی پرسیاری ئاراستەی ئامادەبووان کردو ووتی: "ئایا ئێستە کورد چی دەوێ ؟ مەلا حەوێز ئاغا هاتە وەڵام ووتی: کورد هیچی لە عەرەب کەمتر نیە، دەوڵەتی سەربەخۆی دەوێ" . لەڕاستیدا ئەمریکا تەنیا ئەو ڕاپرسیەی لە کۆیە نەکردبوو، بەڵکو لەزۆر نێوچەی تری کوردستان ئەم کارەی ئەنجام دابوو بەمەبەستی بەکارهێنانی دۆزی کورد وەک کارتێکی فشار بەرامبەر حکومەتی عێراق، بۆ ئەوەی بێ دوودڵی بچێتە نێو پەیمانی 1955 ی بەغداد، ئەگینا لەو سەردەمەدا ئەمریکا هیچ بایەخێکی ئەوتۆی بەکێشەی کورد نەئەداو لەبەرنامەیدا نەبوو گوێ بۆ داواکانی گەلی لە کۆیە گوێ بیستی کورد شل بکات . دوای ئەوەی لیژنەی ناوچەی حیزبی شیوعی عێراق داواکاریەکانی شاری کۆیە بوون کە مافی سەربەخۆیی بوو بۆ کورد، بۆیە بەیانێکی نارەزایی دەرکردو هێرشی کردە سەر ئامادەبووانی ئەم کۆبوونەوەیەو ڕای گەیاند کە ( ).ئەوان ڕازی نابن دەوڵەتێکی کوردی لەژێر چاودێری ئەمریکادا دابمەزرێ

کاتێک پەیمانی بەغداد لەساڵی 1955 دا مۆرکرا، هەریەک لە پارتیو شیوعی خۆپیشاندانی جەماوەری یان لە کۆیە دژی ئەم پەیمانە ئیستعماری یە رێکخست.( ) جەماوەری کۆیە ڕووبەڕووی هێزی پۆلیس وەستاو دواتر پۆلیس کەوتە تەقەکردن لە جەماوەری ڕاپەڕیوو، ئەمەش بووە هۆی بریندداربوونی ژمارەیەک لە خۆپیشاندەران، پیاوانی میری دەیانویست بە بریندداری دەسگیریان بکەن، بەڵام جەماوەر توانیان ڕزگاریان بکەن.( ) لەمەش بترازێ خۆپیشاندانی پارتیء شیوعی لە کۆیە لە 1956 دا کە بۆ پشتیوانی کردن لەمیسر سازیان دابوو ژمارەیەک لە ئەندامە چالاکەکانی هەردولا گیران، کە هەندێکیان خەباتگێڕی پارتی بوون لەوانە: عومەر دەبابە،( ) هەروەها مەجید ئاسنگەر کە بە فەرمانێکی کارگێڕی ( ).بۆماوەی ساڵێک بۆ ناوەندی ( ابن الربیعین ) لە موسڵ گوێزرایەوە

لەسەر ئاستی ناوخۆشدا کۆچی دوای شێخ مەحمودی نەمر لە 9 ی تشرینی یەکەمی 1956 دا هەستی مرۆڤی کوردی لە هەموو شوێنێکی کوردستان بە توندی بزواند،( ) هەرچەندە بارودۆخی سلێمانی لەو کاتەدا شڵەژابوو، بەڵام ئەمە ڕێگر نەبوو لەبەشداری کردنی چەندین شاندی کورد لە کەرکوکء هەولێرو کۆیەء نێوچەکانی تر لە پرسەی شێخی نەمردا، تەنانەت شاندێکی هاوبەش لە هەولێرء کۆیە بە دەستپێشخەری پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغداد پێکهات، کە توانیان سەردانی شێخ مەحمود بکەن (لەو کاتەی کەلە نەخۆشخانەی بەغداد) بوو، ئەم شاندە لای شێخ مایەوە تا کۆچی دوایی کردنی، دواتر لەگەڵ تەرمەکەی ( ) .هاتنە سلێمانی و لەء بارودۆخە ناهەموارەدا بەشداری ناشتنیان کرد

لاوانی کۆیە بەردەوام بوون لەدرێژەدان بە خەباتی ڕەوای خۆیان دژی هەموو ئەو پیلانانەی کە حکومەتی عێراق ء دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان کە بەردەوام لەدژی دۆزی ڕەوای کورددا خەریکی نەخشە دانان بوون، ئەوەی پەیوەندی بە (کۆیە) وەبێ، ئەوا هەندێ زانیاری لەسەر ئەو کۆبوونەوە نهێنیەی کە لە چنارۆک ئەنجام درابوو دەخەینە ڕوو، لەو نوسراوەی حکومەتدا هاتبوو: " دوابە دوای هەردوو نوسراوی نهێنیمان ژمارە (94،114) لەبەرواری 23 و 28 / 7 / 1957، هەندێ زانیاریمان بۆ هاتووە کە ئاماژە بە بەستنی کۆبوونەوەیەک دەکات کە لە لەبەرواری 23ی تەمموزی 1957 لەنێوچەی چنارۆک سەر بەقەزای کویسنجق لە لایەن ( 25 ) کەسەوە کە سەر بە پارتی دیموکراتی کوردن ئەنجامدراوە، خوێندکارێکی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لە کۆیسنجق هۆنراوەیەکی بەزمانی کوردی خوێندۆتەوە، دواتر مەجید ئەحمەد ئاسنگەر ( مامۆستا لە دواناوەندی موسڵ ) ووتارێکی پێشکەش کردووە، زیاتر ووتارەکانیان دەربارەی نەمانی حکومەتی پێشوو بووە، هێرشیان کردۆتە سەر حکومەتی ئێستەو پەیمانی بەغداد، باسیان لە ئاستی زانست کردووە لەنێو کوردانء پەیداکردنی پەرتووک بەزمانی کوردی .... دواتر محەمەد سادق وێنەی مەلا مستەفای بارزانی بەسەر ئامادەبووان دابەش کردووە، کە بەجلی سەربازیەوە بووە، چوارچێوەکەی بریتی بووە لەنەخشەو ئاڵای کوردستان، هەریەک لە ئامادەبووان بڕێک پارەیان بەخشیوە کەلە (250) فلس کەمتر نەبووە، بەنیازن کۆبوونەوەیەکی تر سازبکەن کەتیایدا پارێزەر عومەر مستەفا ناسراوبە (دەبابە ) ( ).(... ئامادەبێ

بێگومان بەڵگەنامەی تر زۆرن کە حکومەتی عێراقء کاربەدەستانی بەردەوام چاودێریء بەدواداچوونی ئەندامە چالاکەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆیە، بوون، بۆ

بەدیارخستنی ڕووی ڕاستی ئەم چالاکیانە دەقی بەڵگەنامەیەکی تر دەخەینە ڕوو کە لە 5ی ئاب 1957 دا دەرچووە، لەوێدا هاتووە : " لەئەنجامی لێکۆڵینەوەی نهێنیمانء پەیوەندی کەسێتیماندا، تێبینی ئەوە دەکەین کەوا لەو ڕۆژانەی دوایی ناوی مەلا مستەفای بارزان بۆتە وێردی سەرزمانی بەشێک لەلاوانی پارتی دیموکراتی کورد". ( ).

توێژەر پێی وایە کە مێژووی سیاسی لەم قۆناغەدا بریتی بووە لە مێژووی ململانێی بەردەوام لەنێوان ڕۆلەکانی گەل لەگەڵ دەسەڵاتدارانی حکومەتی کۆنەخواز لەلایەک، ململانێی پارتە نیشتمان و نوێخوازەکانی سەر گۆڕەپانی نێوچەکە کە پارتیء شیوعی بوون لەلایەکی تر، هەر دووپارت ڕۆلی کاریگەریان لەسازدانی خەڵک بەئاراستەی وەدیهێنانی ئامانجە نیشتمانیەکانء نواندنی هەڵوێستی بوێرو دروست لە ئاست ڕووداوە نێوخۆو دەرەکییەکاندا هەبووە. سەنگء قەبارەی شاری کۆیە لە پەنجاکاندا گەیشتە ڕادەیەک کە بنکەی لقی پارتی لە کۆیە بوو کە دەبوایە لە هەولێر بووایە، ئەمەش لەبەر بوونی ژمارەیەکی بەرچاوو خەڵکی کارای کۆیە لەنێو سەرکردایەتی پارتیدا. بەڵام کۆمۆنیستەکان هەرچەندە ڕۆلی چالاکانەیان لەسەر گۆڕەپانی نێوچەکەدا هەبوو کەچی شوێنی شیاوی خۆیان وابەستەی کاری وەرنەگرت لەبزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەماندا، چونکە لەوکاتەدا پەیوەند کراوی حیزبێکی سەرانسەری عێراقی بوون کە خۆیان بەبەشێک لە بزووتنەوەی عەرەبء عێراقیش بە بەشێک لەووڵاتی عەرەب دەزانی، لەهەمان کاتدا شیوعیەکان خۆیان بەدۆستء هاوپەیمانی نەک بەشێک لە بزووتنەوەی گەلی کوردستان دەزانی.

باسی پێنجەم: ڕۆلی ڕۆشنبیرانی کۆیە لە بواری زانستیء کولتوریء کۆمەڵایەتیدا

ژمارەیەک لە خوێندنگە ئاینییەکان لەکۆیە توانیان پارێزگاری لەنەریتی خۆیان لەبواری زانستدا بکەن، ئەمانە بوونە مەڵبەندێکی گرنگ لە پێگەیاندنی دەستەی ڕۆشنبیری کورد، کە گۆشکرابوون بەهەندێ بنەمای فیکریء نەتەوەیی. هەڵبەتە خوێندنگەی فەرمی بەشێکی گرنگ بوو لە بواری پێگەیاندنی ئەو گرووپە ڕۆشنبیرەی کۆیەدا، هەرچەندە بەدەر نەبوو لەکەمءکوڕی، بەڵام بەشداریەکی کاریگەرانەی لە پێشخستنی پرۆسەی خوێندندا لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی پاشایەتی عێراقدا هەبوو. ( ) هەربۆ نموونە لە نێو شاری کۆیە لەساڵی 1957دا ژمارەی ئەو کەسانەی توانای خوێندنەوەیان هەبوو ( 143 ) کەس بوون، ئەوانەی توانای خوێندنء نوسینیان هەبوو ( 1593 ) کەس بوون، ژمارەی دەرچووانی قۆناغی سەرەتاییء هاوتاکانی (220 ) کەس بوون، ژمارەی دەرچووانی ناوەندی بوون، ء دواناوەندی ( 134 ) کەس بوون، هەڵگرانی بڕوانامەی زانکۆ ( 32 ) کەس هەڵگرانی بڕوانامەی دوای بکالۆریۆس ( 5 ) کەس بوونء هەڵگری مۆڵەتی زانستی ئاینی باڵا تەنها یەک کەس بوو. ( )

توێژەر پێی وایە کە بوونی ئەم ژمارە بەرچاوە لە دەرچووانی ناوەندیء دواناوەندیء زانکۆ لەشاری کۆیە لەو سەردەمەدا، پێویستی بە هەڵوەستەیەکی تایبەت هەیە، چونکە بڕی ئەم ژمارە لەچاو قەبارەی شارەکە، ڕووی گەشء پڕشنگداری دەخاتە ڕوو، هەرچەندە ژمارەکە کەمء بەپێی پێویست نەبوو بەڵام بۆ ئەوسەردەمە زۆر بوو گەر بەراوردی بکەین لەگەڵ شارەکانی تر، دیارە خراپی باری ئابووری ڕۆلی لەم بوارەدا هەبووە، چونکە تەنها کوڕی بنەماڵە هەبووەکان لە تونایاندا بوو خوێندنی زانکۆ تەواو بکەن، زۆر بەدەگمەن خوێندکاری هەژار توانیویەتی خوێندن تەواو بکات، ئەگەر ژمارەیەکیش توانیبیتیان، هەڵبەتە بەهۆی ئەو هاوکاریو کۆمەکانەوە بووە کە کەسایەتیە مرۆڤ دۆستء خێرخوازەکانی کۆیە پێشکەشیان کردوون.

ژمارەیەکی بەرچاو لە خوێندکارانی کۆیە توانیان کۆلیژی ماف لەسیەکانء چلەکانی سەدەی بیستەمدا تەواو بکەن، دواتر پارێزەرو ئیداری ناوداریان لێ هەڵکەوتء توانیان ڕۆلێکی کارا لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردا ببینن. لەوانە مەسعود محەمەد، عومەر مستەفا، جەلال حسامەدین نورەڵڵا تالەبانی (مام جەلال)، هەرچەندە ژمارەیەک لەوانە دەرچووی بەشی زانست بوون، بەڵام کۆلیژی مافیان هەڵبژارد، ئەمەش پەیوەست بوو بەکێشەی کۆمەڵء خەڵکەوە، زۆربەیان لە سەنگەری بزاڤی نەتەوەییء نیشتمانیء گەلە چەوساوەکەیان بوونء

لەسەر هەڵوێستی کوردایەتیان ژیانێکی سەختیان بەسەر برد . هەندێکی تر لەو ڕووناکبیرانە لە ڕیزەکانی کۆمەڵەو پارتە سیاسیەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستانء عێراق کاریان دەکرد، لەوانە عەلی عەبدوڵلا کە ئەندازیار بوو، هەر لەنێو خوێندکارە کۆیی‌یەکاندا پزیشکی بەناوبانگی لێ پەیدا بوو، وەک دکتۆر ( ڕەفیق تاهیر چەلەبی) کە خاوەنی هەستێکی بەرزی نەتەوایەتی بوو، لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیا ئاماژە بە ڕۆلی کەسایەتی لەڕووی چالاکیء کاری پارتایەتی‌یەوە کراوە، بەتایبەتی لەنێو پارتی (هیوا )دا.( )

هەردوو هۆنەری شۆرشگێر دڵدارء دلزار(*) و کاریگەری فکری(**)ء سیاسیان لە سنوری کۆیە و دەوروبەرەکەی تێپەڕی کرد.( ) جگە لەوانە هەندێک کەسایەتی تر لەبواری ئەدەبء ڕۆژنامەوانی‌دا کاریان دەکرد، ڕۆلی باشیان لە پێگەیاندنی نەوەی نوێ بەبیری نەتەوایەتی هەبوو، وەک زەکی ئەحمەد هەناری ( 1909 - 1967 ) . لە خوێندنگە ئاینی‌یەکانیشدا ژمارەیەک کەسایەتی ڕوناکبیر بەدیارکەوتن کەسەر بە دەستەی خوارەوەی کۆمەڵگەی کوردەواری بوون، دواتر ئەمانە بوونە کەسایەتی ناودار لەبواری جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەییء کۆمەڵایەتی‌دا، لەوانە: مەلاحەمەدەمین ئەحمەد سوێرەرەیی

(1915-1963) بوو (حەزین) کەنازناوی هۆنراوەیی.( )

لێرەدا دەردەکەوێ کە مەڵبەندی چالاکی ئەو دەستە رۆشنبیرانە بەگشتی لەشاردا بووەو زۆر بەدەگمەن گەیشتبووە لادێکان، چونکە هەلومەرجی ئابوری و ڕۆشنبیری خەڵکی لادێ لەبار نەبوو کە بتوانن لە سایەیدا پەرە بە تواناکانی خۆیان بدەن، ئەگەر کاریگەری بیری چەپیش لەسەر لادێ لاوازبووبێ ئەوا هۆکاری ئاینیش لەم بوارەدا ڕۆلی خۆی هەبووە . لەو ماوەیەدا ئەوانەی نوێنەری کۆیە بوون لە پەرلەمانی عێراقدا، هەموویان خەڵکی شاری کۆیە بوون ء لەهەمان کاتیشدا ببوونە نوێنەری لادێکان بەمە سەنگء ڕۆلی شاری لەسەر حسابی لادێ زیاد کرد .

لەبەر ئەوە کۆیە شاربووە، خەسلەتی شاریش یاسای تایبەتی خۆی هەیە، کە لە گوندی جیا دەکاتەوە، شار بەمانای خوێندەواربوونی دامء دەزگەی هەمەجۆر دێ، بۆیە ئەدەبء هونەر لەم کەشء هەوایەدا نەک دێتە بەرهەم بەڵکو دەگاتە ڕادەی داهێنان، شار بەو واتایە دێ کە هزرو دیاردە ئەدەبیء هونەریەکان سەر هەڵدەدەنء دەکەونە ململانێیء پێشبڕکێ، لەهەر شوێنێکییش ململانێ هەبوو، ئاستی ڕووناکبیری گەشە دەکات، بۆنموونە لە کۆیە لەبەر ئەوەی ماکی ململانێی دژ بە کۆنەخوازی لەپێش حاجی قادرەوە هەبوو، لەبەر ئەوە جۆری ئەدەب لە هۆنراوەی ناوەرۆکی کلاسیکیء غەزەلء پیاهەڵدانی سوفیەت دەرچووە.( )

کۆیە لە کۆنەوە شاری ئەدەبء هونەرو وێژەی کوردی بووە، ژمارەیەک هۆنەری بەناوبانگی تێدا هەڵکەوتووە، لەوانە : راجی، دڵدار، عەونی،دلزار، ووردی، مەلاکەریم مونتەزەری، عەبدولرەزاق بیمار، کەمال غەمبار، زەکی هەناری، سامی عەودال، مەلامحەمەد (دلاوەر)، رۆستەم حەوێزی، کەریم شارەزا، مەجید ئاسنگەر، سەید ئیبراهیم (برژاو)، خالد دلێر، خوشکە فریشتە، عوسمان مستەفا خۆشناو.( )

گەر بەراوردێکی ئاغاو مەلاکانی شاری کۆیەء شارۆچکەکانی دیکەی کوردستان بکەین، زۆر بە ڕاشکاوانە ئەو ڕاستی‌یە دەبینین کە ئاغاو مەلاکانی ئەو شارۆچکانە بەردەوام باسیان لەداهاتء بەروبوومی دانەوێلەو کاری خواپەرستی کردووە، کە بەپێچەوانەوە ئەوانەی کۆیە بەردەوام باسی هونەرو ئەدەبی کوردیان کردووە، زۆربەی مەلاکانیش هۆنراوەکانی حاجی قادری کۆیی‌یان لەبەر کردووەو لەگەڵ هەندێ لەهۆنراوەکانی ( سالم) دا، ئەم کەشء هەوایە کاریگەری زۆری لەسەر شاری کۆیە ءدەوروبەرەکەی هەبوو.( )

لەبواری هونەریشدا ململانێی دیوەخانەکان کە کۆڕی گۆرانیء ئاهەنگء بەزمی شەوانی تێدا ئەنجام ئەدرا، بۆیە دەبینین هونەر گەیشتە ئاستێکی پێشکەوتوو، بەڵام ئەوەی پێوەندی بەحەیرانی لادێ وە بێت ئەوا مەقامء بەستە و ئاوازی شار بواری نەدا حەیران بگاتە نێو شار،( ) دیارە کۆیە خاوەنی سروشتێکی جوانء شاری مەشخەڵانء سروودی ئاگرین و ئاوازی بەسۆز بووە.( ) ئەم شارە کانگەی گۆرانیبێژی ڕەسەنء دەنگ خۆش بوو، بەهەوای سازگاروسروشتە دڵڕفێنەکەیء چیا ڕەنگینەکانی، هونەرمەندی دەنگ خۆشی تیادا

هەڵکەوتووە، لەوانە مەلا ئەسعەد، سێوە، حەمەدەمین عباس، وەستا باقی، دەوێش سمایل،(
) حەنیلە خڕە، پوتێ (پوتە)، مەلا کۆرە، حوسەی عەبە تۆز، ئەحمەد حەمە مەلا، حاجیەیە
( ).گەورە، خەلەف چار چاو، تاهیر تۆفیق، ئەمین عەلی سەمەنی

جگە لەوە هەر لەکۆیە هەندێک لە گازینۆکان بوونە هەواری بەشێکی زۆر لە ئەدیبء
هونەرمەندان، لەوانە: ئەحمەد دلزار، دڵدار، جەلال جۆبار، سامی عەودال، تاهیرحەوێزی،
( ).بەتایبەتی گازینۆی (حەمە گەمحان)

کاتێک کەبەشی کوردی لە وێستگەی بەغدا لە 12 / 2 / 1939 کەوتە کار، هونەرمەند تاهیر
تۆفیق دەستی کردە بڵاوکردنەوەی گۆرانیەکانی، کە بریتی بوون لە (لەگوڵێ لە سورە
گوڵێ، کراس زەردێ) ئەمەش پاڵی بەسەدان خەڵکەوە نا کە ڕوو لەم گازینۆیە بکەن،
( ).بەمە کاریگەری زۆری لەسەر دڵء دەرونی خەڵکی ئەم شارە ئەدەب دۆستە هەبوو

جگە لە هۆنراوە، هونەرو گۆرانیء مەقاماتی ڕەسەنی کوردەواری، مۆسیقاو
گۆرانیەکانی کۆیە لە کوردستاندا دەنگی دابوەوەو، دەکرێ لەگەڵ ئەو بۆچوونانە
دابین کە دەڵێ " گۆرانیەکانی مەڵبەندی کۆیە لە سابڵاغء سەردەشتەوە لەدایک بوون،
بەڵام لە کۆیە لە زاخ دراون "، ئەم بزووتنەوە هونەریە بووە هەوێنی لەدایک بوونی
تیپی مۆسیقای باواجی لە ساڵی 1957 دا، لەسەر دەستی مامۆستا باکوری، کە بە
دووەمین تیپی هونەری لە دوای تیپی مەولەوی لە سلێمانی دادەنرێ، کە توانیویەتی
خزمەتێکی گەورەی هونەرو فۆلکلۆری کوردی بکات و بەدەیان چالاکی لە شارو شارۆچکەکانی
کوردستان ئەنجام بدات.( ) مامۆستا باکوری خولێکی ڕاهێنانی فێربوونی مۆسیقای لەساڵی
1958 دا لەشاری کۆیە کردەوە . سەرەتا تیپەکە لە سەردار ئەحمەد، عەونی عەلی، دواتر
( ).نەشئەت عەبدولرەحمان پێک هاتبوو

شاعیرانی کۆیە خاوەنی کۆمەڵێک سرودی نیشتمانیء نەتەوەین کە بوونەتە وێردی سەر زمانی
خەڵکی کوردستان، لەوانە سرودی (ئەی ڕەقیب) ی دڵدار، سرودی (ئەی شەهیدان ئەی
شەهیدان نامرێ ناوو نیشانتان)ی محەمەد تۆفیق ووردی، سروودی (پێشمەرگەی بە هەڵمەتین
پاڵەوانی میللەتین)ی خالد دلێر، سرودی (داری ئازادی بەخوێن ئاو دەدەین) ی ئەحمەد
دلزار، سرودی (هێزی گەل هێزی خەباتء ڕاپەرین)ی کەریم شارەزا، سرودی (کوردستان چەند
شیرینە)ی جەلال جۆبار و هیتر .... کە دواتر ئەم سرودانە ئاوازیان بۆ دانراو لەلایەن
کەسانی دەنگ خۆشەوە ووتراونء کەوتنە سەر زاری ژمارەیەکی یەکجار زۆری خەڵکی
( ).کوردستان

هۆکاری پەیدا بوونء بەدیارکەوتنی ئەم ژمارە زۆرە لە شاعیرو ئەدیبء هونەرمەندو
سەرکردە لە کۆیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کۆیە گۆڕەپانی ململانێی نێوان هزرەکان بووە،
ململانێی پێشکەوتووخوازو کۆنەخواز، خوێندەوارو نەخوێندەوار، جگە لەوانە هەڵکەوتەی
جوگرافی شارەکە وای کردووە ببێتە سەنتەری پەیوەندی بازرگانی نێوان موکریانء هەولێرو
کەرکوک ء بەرەو خوارتر. کۆیە لە دەقە فۆلکلۆریە کۆنەکاندا هاتووەو لەگەڵ شارەکانی
دیار بەکر و حەلەب بەراوورد کراوە، جگە لەوانە ئەم شارە بنکەی زانستء زانیاری
بووە، دیمەنە جوان و دڵڕفێنەکانیء سروشتە سەرنج ڕاکێشەکەی، هەموو ئەمانە نهێنی
پەیدابوونی ژمارەیەکی زۆر لە شاعیرو هونەرمەندن لە کۆیە.( ) تەنانەت کاتیخۆی حاجی
( ).قادری کۆیی لە زۆربەی هۆنراوەکانیدا ناوی شاری کۆیە دەهێنێ

لە سیەکانی سەدەی بیستەمدا بایەخ بەکاری شانۆگەری لە کۆیە دراوە، زیاتر
چالاکیەکانیان لەنێو قوتابخانەکان ئەنجام ئەدا، کە زۆربەی بابەتەکانی دەربڕی هەستی
نەتەوایەتی ء چەوسانەوەی کورد بوو. بەڵام لە ساڵی 1957 دا شانۆگەریەک پێشکەش کرا لە
کۆیە لەژێر ناوی (شۆڕشگێرێکی ئێران)، تیایدا بۆ یەکەم جار کچێک بەنێوی (خەیریە
عەبدولرەحمان) هاتە سەر شانۆ و ڕۆلی کچە شەهیدێکی بینی، ئەم کارە خاڵێکی وەرچەرخان
بوو و زەمینەی خۆش کرد بۆ کچانی ئەم شارە کە بەشداری کاریگەرانە لە چالاکیەیە
( ) هونەریەکان بکەن،

خەڵکی کۆیە زۆر ئارەزوویان لە گەشتء سەیرانە، سروشتی جوانی کۆیەء دەوروبەریء چیا
ڕەنگینەکانی هەیبەسوڵتانء باواجی بەجارێ سەرەنجی خەڵکی ڕاکێشابوو.( ) جگە لە بوونی
چەند نێوچەیەکی دڵرفێن لەوانە چنارۆک(*)، وەک دانا عەبدولمەجید جەلیزادە لە باوکی

بیستووە، کەوا عوسمان پاشای بابان بۆ ماوەیەک لە چنارۆک نیشتەجێ بووە، تا ئیستە نێوی هەندێ جێگەی ماوە کە ئاماژە بەو ڕاستیە دەکەن وەک (سولی پاشا) کە مەبەستی عوسمان پاشایە، (سولی پیرێژن) مەبەستی دایکی عوسمان پاشایە، (کانی خاتوون) مەبەستی لەو کانیە بووە کە هاوسەری عوسمان پاشا تێدا کاتی پشودانی خۆی بەسەر بردووە.( )

توێژەر پێی وایە کە هەرچەندە ئاستی ئابوری کۆیە لە پەنجاکان خراپ بووە، بەڵام ئەمە ڕێگر نەبووە لەبەردەم بەدیارکەوتنی ژمارەیەکی بەرچاو لە شاعیرو ڕوناکبیر، کە هەمیشە خولیای ڕزگاری کورد بوون. جگە لەوە دیمەنی جوانی ڕازاوەی کۆیە وای کردووە هەستی ناسک بەرەو گوڵزاری شیعرو ئەدەب ببزوێنێت، دیارە سروشت کاریگەری لەسەر لەدایک بوونی هۆنراوەو تەقینەوەی کانی بەهرەو هۆنینەوەی هەیە.

باری ئابوری دانیشتوانی باشوری کوردستان لە چلەکان و پەنجاکاندا زۆر خراپ بوو، ئەمەش بەهۆی ئەو سیاسەتە چەوتە نەخشە بۆ داڕێژراوە بووە کە حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق بەبەردەوامی بەرامبەر خەڵکی کوردستان پەیڕەویان کردووە، هەر بۆ نموونە، کاربەدەستانی میری هەوڵیان داوە کە ئامێری کشتوکاڵی نوێ بە دەست جوتیاری کوردی نەگات. جگەلەوە هانی چینی دەرەبەگیان داوە کە باج و سەرانە لە جوتیاران بستێنن و تەنانەت زەویەکانیشیان زەوت بکەن و بەنێوی خۆیان تۆماری بکەن.( ) هەڵبەتە ئەم سیاسەتە نارەوایە کاریگەری خراپی لەسەر ژیانی چینێکی گەورەی کۆمەڵی کوردەواری جێهێشت، کەدواتر دووچاری هەژاری و دواکەوتن بوونەوە. وێرای ئەمانەش کاربەدەستانی میری بواری خوێندن و تەندروستی و ئاوەدان کردنەوەشیان بۆ هەمان مەبەست فەرامۆش کردبوو کە دواتر شوێنەواری خراپی لێ کەوتەوە.( )

هەڵبەت پەیڕەوکردنی ئەو سیاسەتە نارەوایە بەرامبەر گەلی کوردستان لە چوارچێوەی پیلانێکی داڕێژراوبووە، بێگومان کاریگەری خراپی لەسەر باری ئابوری دانیشتوانەکەی هەبووە. بەڵام وێرای ئەوهەژاریەو نەبوونیەی کە دووچاری بوونەتەوە، هەوڵیان داوەو زیاتر لەجاران کاریان کردووەودرێژەیان بەخەباتی ڕەوای خۆیان داوەو بەشداری کاریگەرانەیان لە بزاقی ڕزگاریخوازی کورد کردووە. ژمارەیەک لە کەسایەتیەکانی کۆیە لەپلەی سەرکردایەتی پارتە سیاسیەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستانی عێراق بوون، ڕۆلی کارایان لە سازکردنی جەماوەر بۆ مانگرتن و خۆپیشاندان بینی.

شایانی باسە لەدوای دروستبونی دەوڵەتی عێراق بە بەردەوامی بەربەرەکانێی کۆیە کراوەو بایەخی پێ نەدراوە، هەربۆیە بووژانەوەی بەخۆوە نەبینیوە، بەڵام شارێکی زیندوو و چرای داهێنان و ڕووناکبیری بووە، هەروا بەسانایی نەچۆتە ژێر رکێفی دەسەڵاتدارانەوە، بۆیە هەمیشە بەچاوی دوژمن سەیری کراوە.( ) چونکە هەمیشە لەبەرەی ئۆپۆزسیۆندا بووە، ئەمەش ئەوەندەی تر ڕق و کینەی لێپرسراوانی زیاد کردووەو خراپ بەسەر کورد شکاوەتەوەو خەڵکەکەی باجەکەی داوە.( )

لەساڵی 1956دا سەعید قەزاز کە وەزیری ناوخۆی عێراق بوو، سەردانی کۆیەی کردبوو، دانیشتوانی ئەم شارە داوایان لێ کردبوو کە زەویان بەسەر دابەش بکات، ئەویش بۆ ئەم مەبەستە ( گردی جولەکان )ی دیاری کرد، خەڵکی کۆیە ناویان لەم گەڕەکە نوێیە نا

)، دواتر نێوەکەی بوو بە (سەرباغ).( ) سەعید قەزاز هەر لەم سەردانەدا (*)(سەعیداوا چاوی بە عومەر دەبابە و عەلی عەبدوللا کەوتبوو، سەبارەت بە سیاسەت و مەسەلەی کوردایەتی دوابوون و دوواجار سەعید(**) قەزاز داوایان لێ دەکات کە ئەگەر ئەوان بەڕاستی کوردایەتی دەکەن با خەڵکی خۆیان و لایەنگرانیان هان بدەن بچن بۆ کەرکوک لەوێ نیشتەجێ بن و ئیش و کاریان بۆ دابین بکەن.( )

توێژەر لەو باوەڕدایە کە لە قسەکانی سەعید قەزازدا ئەو ڕاستیە بەدەردەکەوێ کە ڕژێمی بەغدا نەخشەیەکی داڕێژراوی لەسەر ناردنی هۆزە عەرەبەکان بۆ نێوچەی کەرکوک هەبووە، ئەویش لەڕووی هەست بە کورد بوونیەوە ئەم کارەی بە هەڕەشە لەسەر ئایندەی سیاسی کورد زانیوە، هەربۆیە سەرکردایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی لەم مەترسیانە ئاگادار کردۆتەوەو هانی داون خەڵکی کورد ڕەوانەی ئەم نێوچانە بکەن، بەلای سەعید قەزازەوە ئەوە گرنگ بووە، کە کورد لە زێدی باب و باپیرانیدا وەک هاووڵاتیەکی ئاسایی بژین. جگە لەوانە تێروانینی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق بەدیار

دەخات کە بەبەردەوامی خەریکی جێبەجێ کردنی پرۆسەی بە عەرەب کردن بوون، بەڵام بە ڕووکەشی داوای برایەتی کوردو عەرەبء یەکێتی خاکی عێراقیان کردووە.

لەڕووی پێوەندی کۆمەڵایەتییەوە، ئەوا پێوەندی(*) خەڵکی کۆیە لەگەڵ جولەکەو دیانەکاندا زۆر باش بووە.( ) هەر لەو بارەیەوە جەلال جۆباری شاعیر توانی شانەیەکی ڕێکخستنی پارتی دیموکراتی کورد لەنێو جولەکەکاندا دروست بکات، کە بریتی بوون لە هەریەک لە سدیق لاولاو، عەبدی شەنتۆ، ئیسحاق نیزری کوڕی سەلمان جاتان.( ) توێژەر پێی وایە کە بەشداری کردنی ژمارەیەک لە جولەکەکانی کۆیە لە نێو خەباتی پارتێکی کوردی وەک پارتی دیموکراتی کوردستان، خۆی لەخۆیدا ئاماژەیەکی ڕاستء ڕەوانە لەسەر بڕوابوون بە خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردء خۆبەستنەوەی چارەنوسیانە بە ئایندەی سیاسی گەلی کوردەوە، هەرچەندە ژمارەی جولەکەکانی کە هاتنە نێو ڕێکخستەکانی پارتی بە ژمارە کەم بوون بەڵام دەسپێکێکی باش بوو بۆ فەرامۆش نەکردن و پەراوێز نەکردنی ڕۆلی جولەکەکانی نێو شاری کۆیەدا.

لە ڕاستیدا بوونی جولەکەو دیان لەکۆیە بە درێژایی مێژوو بەدیاردەیەکی شارستانی دەژمێردرێء بەڵگەی چەسپاندنی یاسایە لەکۆیە کە دوورە لە ژیانی دەمارگیری هۆزایەتی، چونکە ژیانی ئەم کەمایەتیە ئاینیانە لەنێو کۆمەڵگەیەکی عەشائری داخراودا ئەستەمە.( ) لە سالانی 1948-1951(*) دا تێکرای جولەکەکانی کۆیە ڕەوانەی ئیسرائیل کران، ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر باری ئابوری کۆیەدا هەبوو، چونکە ئەوانە خاوەنی سەرمایە بوونء جگە لەوەش شارەزاو پسپۆر بوون لەبواری پیشەگەری. بەڵام دیانەکان هەندێکیان لە کۆیە مانەوە و ژمارەیەکی بەرچاویشیان ڕوویان لەکەرکوک ء بەغدا کرد.( )

خەڵکی شاری کۆیە زۆر شانازی بەوە دەکەن کە ( کۆیی ) ین، ئامادەی هەموو هاوکاریەکن لەگەڵ یەکتردا، بەتایبەتی ئەگەر لەکۆیە دوورکەوتنەوە ئەوا دروشمی (کۆیایەتیو خۆیایەتی) بەرجەستە دەکەن، بەڵام لەناو خودی شارەکە زۆر بەکەمی ئەم دروشمە پراکتیک دەکەن. لەم شارەدا چەندین کەسایەتی مرۆڤ دۆستء خێرخوازی لێ هەڵکەوتووە، کە توانیویانە ڕۆلی مرۆڤانەو کوردانەی خۆیان بسەلمێنن، لەوانە: ئەندازیار (ڕەشید عارف سەقا) کە لە سالانی سیەکانء چلەکانی سەدەی بیستەمدا ژمارەیەک کەلوپەلی بۆ خوێندکارانی کۆیە دابین کرد. جگە لەوە لەدوای جەنگی جیهانی دووەمدا کاتێک کە گۆڤاری گەلاوێژ لەبەر کەم دەرامەتی، دەهات لە دەرچوون بوەستێ، ئەم کەسایەتیە کۆمەکی کردووە، بەمەش توانی وابکات کە گۆڤارەکە بەردەوام لە خزمەت کردنی بابەتی ڕۆشنبیریء فەرهەنگء ئەدەبی کوردیدا بێت.( ) ئەو کاتەی ڕەشید عارف سەقا لە یانەی سەرکەوتن کاری دەکرد، ڕۆلێکی بالای لە پێشکەش کردنی یارمەتی دارایی بۆ ئەو خوێندکارە کوردانە بینی کە لە بەغداو دەرەوەی وولات درێژەیان بەخوێندن دەدا.( )

توێژەر لەو باوەڕەدایە کە لەنێو شاری کۆیەء دەوروبەریدا، چەندین کەسایەتی مرۆڤ دۆستء خاوەن هەڵوێست لەدایک بوون، کە توانیان ڕۆلی پۆزەتیڤانەی خۆیان لە هاندانی ڕووناکبیرانی ئەم شارەدا ببینن، لەم پێناوەشدا چی لەتوانایان دابووە پێشکەشیان کردووە، ئەمەش بووە مایەی پەیدابوونی ژمارەیەک پسپۆرو کادیری لێهاتوو کە دواتر ڕۆلی خۆیان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دا بینی.

کۆیە ژمارەیەک بنەماڵەی ناسراو لە خۆ دەگرێ کەماوەیەکی درێژە لەم شارەدا ژیان بەسەر دەبەن لەوانە: حەوێزی، غەفوری، جەلیزادە، تالەبانی(*)، سەیدە بەرزنجیەکان، ێالحیەکان، حوسەینی، حاجی عەبدوللای مسکێن، خەسرەویان، مام یەحیا، حاجی حەمەدی ڕۆمی، حاجی ئاغا مستەفا، حاجیمەلاێالح، چەکمە ڕەق، حەمە رەق، ئەسعەدە سور،( ) شێخان(**)، وحەمە(***) بایزان،( ) جگە لەوانە ژمارەیەک بنەماڵەی بچوکی تر لە کۆیە بوونیان هەیە لەوانە: سورچی، هەورامی، خۆشناو، جاف، بلباس، مەروانی، شێخ بزێنی، ئاکۆ، شێخان نەقشبەندی، بالەکی، مەنتک، هۆرمزیار، مۆریاس، دزەیی، موفتی، سوێسنی، بابان، ڕۆمی، ڕەمک، بێتوشی، ڕۆژبەیانی.( )

دانیشتوانی کۆیەو دەوروبەری بە سەرکەوتنی شۆڕشی 14ی گەلاوێژی 1958 شادومان بوونء بەدەستکەوتێکی خۆیان دەزانیو چاوەنواڕی دەستکەوتی گەورەیان بۆ کورد لێ دەکرد، هەبۆیە خەڵک پێشوازییەکی گەرمیان لێ کرد . بۆ وێنە لەنێو شاری کۆیەدا دووای ڕاگەیاندنی سەرکەوتنی شۆڕشی 14 ی گەلاوێژ ، بووبە شاییء زەماوەندء سەرکردەی

شۆڕشەکەیان کە عەبدولکەریم قاسم بوو بەسەرکردەیەکی لێهاتوو دڵسۆز دەزانی( )، ئەمەش بۆخۆی قۆناغێکی نوێ بوو لە ژیانی کورد، ئیتر دەروازی ئازادی واڵا کرا کە پێشتر دووچاری سیاسەتی چەوسانەوە بوون، کوردیش بەپێی سەنگ قەبارەی خۆی بەشداری سەرکەوتنی ئەم شۆڕشەی کرد( ).

ئەنجام

ئەو ماوە مێژوویەی کە لە دووتۆی ئەم توێژینەوەیەدا باسی لێوە دەکەین، قۆناغێکی مێژوویی گرینگ لە گشت ڕوویەکەوە پێک دەهێنێت کە تیایدا بووژانەوەیەکی چۆنایەتی وفکری و سیاسی کوردانە لەخۆ دەگرێت، لە ئاکامدا توێژەر دەگاتە چەند ئەنجامێک و گرینگترینیان لەم خاڵانەی خوارەوە ئەخرێتە ڕوو:

1. کۆیە یەک لە شارە دێرینەکانی کوردستانە، دیرۆکی پەیدابوونی بۆ زیاتر لە (2500) ساڵ (پ.ز) دەگەڕێتەوە. بەهۆی پێگە جوگرافیە گرینگەکەی هەمیشە ڕووبەڕووی چەندین هێرش و پەلاماری هێزە داگیرکەرە یەک لەدوای یەکەکانی سەردەمە جیاجیاکان بۆتەوە، تەنانەت میرنشینە کوردیەکانیش بە تایبەتی بابان و سۆران شەڕ و ململانێی بەردەوامیان لەسەر دەست بەسەراگرتنی کردووە، بەمەش دووچاری زیانێکی بێشوماری گیانی و ئابوری بۆتەوە، بەڵام سەری دانەواندووە بەرگری کردووە، لە سەرەتای سەدەی هەژدەهەم خاوەنی میرنشینی خۆی بووە و شارەکانی هەولێر و ئاڵتوکۆپری وشەقڵاوە و نێوچەکانی خۆشناو ڕانیە و پشدەر سەر بە ئیدارەی ئەم شارە بوون، ئەمەش ڕۆڵی ئەم شارە و فراوانی سنوری دەسەڵاتی لەو سەردەمەدا بەرجەستە دەکات.

2. بوونی ژمارەیەکی بچوک لە کەمایەتیە ئاینیەکان بە درێژایی مێژوو لەم شارەدا کە جولەکە و دیان (گاور) بوون و کە پەیوەندیان لەگەڵ موسوڵمانانی کۆیەدا زۆر ئاسایی و برایانە بووە، ئەمە بۆخۆی نیشانەی بوونی شارستانیەت و چەسپاندنی یاسا لەم دەڤەرە دەسەلمێنێ، چونکە وەک ڕوونە لای هەمووان ژیانی کەمایەتیە ئاینیەکان لەسایەی کۆمەڵگەیەکی داخراوی عەشائری زۆر ئەستەمە کە تیایدا دەمارگیری هۆزایەتی بەسەر هەست و بیرکردنەوە و ڕەفتاریاندا زاڵە، ئەمەش بەڵگەی نەمانی پەیوەندی هۆزایەتی لەم شارە دەخاتە ڕوو، دیارە لەمێژە دانیشتوانی کۆیە و دەوروبەری ئەم قۆناغەیان بڕیوە و هەنگاویان بەرەو قۆناغێکی پێشکەوتووتر ناوە.

3. کۆیە لەسەدەکانی هەژدە و نۆزدەهەمدا ناوەندێکی بازرگانی گرنگ بووە، لەم شارەوە کاروانە بازرگانیەکان بەرەو سنە و مەهاباد و سابلاخ و تەورێز و موسڵ و تکریت و بەغدا و حەلەب هەنگاوی ناوە، ئەمەش زەمینەی بۆ پەیدابوونی خەڵکی بازرگان و بەرزبوونەوەی ئاستی گوزەرانی خەڵکەکەی خۆشکرد، هەڵبەت شوێنەواری خۆی لەسەر هەست و بیرکردنەوە و ڕەفتار و تەنانەت ئاستی هۆشیاری دانیشتوانەکەی بەدرێژایی مێژوو لەچاو نێوچەکانی تردا جێهێشت، چونکە ڕاستیەکی زانستی سەلمێنراو هەیە کە ئەویش ئەوەیە، خەڵکی بازرگان هۆشیارتر و وریاترن لەخەڵکی جووتیار و شوان.

4. ئەوەی مایەی شانازی دانیشتوانی ئەم شارەو دەوروبەرەکەیەتی ئەوەیە هەردەم لەسەنگەری بەرگری بۆ داکۆکی کردن لەمافە زەوتکراوەکانیان بوون، لەم ڕووەوە سەریان بۆ هیچ داگیرکەرێک دانەواندووەو بواریان نەداوە بە بەردەوامی تیایدا بمێننەوەو ببن بە خاوەنی خاک و دواتر کلتووری خۆیان بسەپێنن، ئەمەش بەهۆی ئەو هەستە نەتەوایەتیەیە پاکەی کە ڕۆڵەکانی بە ناسنامەی خۆیان دانابوو، کە لەهۆنەری گەورەی کورد وچەسپێنەری بیری نەتەوایەتی حاجی قادر سەرچاوەی گرتبوو،هەر ئەمەش بوو وای کرد کە کەسایەتیەکانی ئەم شارە خۆیان لە چەندین کۆمەڵە و یانە و پارتی سیاسی ڕێک بخەن و ڕۆڵی کارا لە

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا ببینن، کە ژمارەیەکی بەرچاویان ئەندامی سەرکردایەتی ئەم پارتانە بوون و بەردەوام خەباتیان لەپێناو دەستەبەرکردنی مافە ڕەوایەکانی کورد لە دژی چوونە پاڵ کردووە و هەوڵی وەدەست هێنانی سەربەخۆیی کوردستانیان داوە و حکومەتی عێراق و شافەیسەڵدا دەنگیان داوە و هەمیشە لەبەرەی ئۆپۆزسیۆندا بوون، لەبەر ئەمە حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق بەچاوی دوژمن سەیریان کردووە و لەبەردەم بووژانەوە و گەشەکردنی بونەتە ڕێگر، هەربۆیە بە بچوکی ماوەتەوە و خەڵکە بوێرەکەی باجەکەیان داوە.

5. لەم شارەدا چەندین کەسایەتی لەدایک بووە کە ناوبانگیان لە هەموو کوردستاندا دەرکردووە، لەوانە حاجی قادری کۆیی کە بە هۆنراوە ئاگرینەکانی هەستی نەتەوایەتی هەموو کوردێکی جولاندووە، هەروەها مەلای گەورەی کۆیە جگە لەوەی پیاوێکی ئایینی کراوە بوو خاوەنی هەستێکی نەتەوایەتی بەرز و چاکسازێکی کۆمەڵایەتی گەورە و دژی هەموو نەریتێکی کۆنەخواز بوو، ئینجا دڵدار کە خاوەنی هۆنراوەی (ئەی ڕەقیب)ە، کەبووە مارشی نەتەوایەتی کورد، هەروەها مەسعود محەمەد کە ئەوکاتەی نوێنەری کۆیە بوو لە پەرلەمانی عێراقدا ڕۆڵیکی کارا و بوێرانەی نواند، بەردەوام داکۆکی لە کێشە ڕەواکانی کورد کردووە، بەمە نوێنەری هەموو کوردی باشووری کوردستان بووە.

6. کەسایەتیە ناودارەکانی ئەم شارە هەمیشە دەست پێشخەرو ڕێچکە شکێن بوون لەبوارە جیاجیاکانی ژیاندا، بۆ وێنە کاتێک مەلای گەورە دادوەری دادگەی کۆیە بوو لەساڵی (1919) بڕیاری داوە زمانی کوردی لە نوسینەوەی کاروباری دادگەدا بەکاربهێنرێت، کە ئەمە بۆخۆی بە سەروەریەکی نیشتیمانی و نەتەوەیی دەژمێردرێت، تاکە دەزگەبوو لە کوردوستاندا ئەم هەنگاوەی ناوە،جگە لەوە مامۆستایانی کۆیە لەساڵانی (1924و1936و1941) بڕیاریاندا زمانی کوردی لە پڕۆسەی خوێندندا بەکاربهێنن، هەرچەندە تووشی چەندین گیروگرفت بوون بەڵام هەر لەسەر هەڵوێستی کوردانەی خۆیان سوربوون.

7. دانیشتوانی ئەم شارە ڕۆڵێکی شکۆدارانەی بەرچاویان لە هاوکاری کردنی کۆماری کوردستاندا هەبوو، چ لەڕێگەی پێشکەشکردنی کۆمەکی دارایی یان بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی ژمارەیەک لە کەسایەتیەکانی، ئەمەش بەڵگەی کاریگەری ئەو ئاراستە فکری و نەتەوەییەیە کە بەرهەمی مێژووە، بۆ وێنە کاتێک کۆماری دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد ڕاگەیەنرا، ژمارەیەک لە خەباتگێڕانی ئەم شارە دایانە پاڵ کۆمار و بەشداری ڕاستەوخۆیان کرد لەوانە : کاپتن بەکر عەبدولکەریم حەوێزی و مستەفا خۆشناو کەتووانیان ڕۆڵی کارا ببینن و داستانی بەرگری بێ وێنە لەپارێزگاری کردن لە ئاڵاو کۆمار تۆماربکەن، کە ئەمە بۆخۆی جێگەی شانازی هەموو مرۆڤێکی کوردپەروەرە، جگە لەمەش مامۆستا محەمەد تۆفیق ووردی توانی ڕۆڵی باڵا لە بواری پەروەردە و خوێندندا ببینێ و لەو مامۆستایانەبوو کە وخوێندنی بەزمانی لەساڵی (1942)ەوە قوتابخانەیەکی ئێوارانی لە مەهاباد کردەوە کوردی بۆ یەکەم جار بە لاوەکانی ئەم شارە ئاشناکرد.

لیستی سەرچاوەکان

یەکەم / سەرچاوە کوردیەکان:

1. ئارچی ڕوزفلت : کۆمارە کوردیەکەی مەهاباد، وەرگێڕانی:ئەکرەم قەرەداغی، چاپ و ئۆفسێتی دەزگای سەردەم، سلێمانی، 2002.

2. ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی: شاری سلێمانی (1918-1932)، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسیە، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانست، سلێمانی، 2002.

3. الواقدی: ووڵاتگیری ڕەشەخاکی عێراق، وەرگێڕانی: مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، چاپی دووەم، وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، 2005.

4. ئەحمەد باوەڕ: جولەکەکانی کوردستان، چاپی یەکەم، سەنتەری چاپ و پەخشی تەما، سلێمانی، 2002.

5. ئەحمەد خواجە: چیم دی، بەرگی دووەم، چاپخانەی کاروان، سلێمانی، 1969.

6. ئەحمەد دلزار: پاشکۆی بیرەوەریەکانم، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 1998.

7. ئەژی: چەند بابەتێک دەربارەی مێژووی کورد، کۆمپیوتەرو چاپی ڕوناکبیری، سلێمانی، 2002.

8. باسیل نیکیتین: کوردو کوردستان، وەرگێڕانی: خالد حیسامی، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 1997.

9. بەکر عەبدولکەریم حەوێزی: گەشتێک بە کۆماری مەهاباد دا، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، 2001.

10. د.جاسم توفیق خۆشناو: مەسەلەی کوردو یاسای نێودەوڵەتان، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی،2002.

11. جەزا توفیق تالب: بایەخی جیۆپۆلتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی یەکەم، چاپخانەی دلێر، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، 1999.

12. جەعفەر عەلی ڕەسول: ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 2004.

13. جەلیل گادانی: 50 ساڵ خەبات (کورتە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران)، بەشی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان، بێ شوێنی چاپ، بێ مێژوو.

14. د.جەمال نەبەز: گۆڤاری نیشتمان (تەموزی 1943 - مایسی 1944) زمانحاڵی کۆمەڵەی (ژێکاف) ئیدۆلۆژیای هوردە بورژوای ناسیۆنالیستی لە کوردستاندا، بنکەی چاپەمەنی ئازادی: بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی بۆ زانست و هونەر، سوید، 1985.

15. د.جەمال نەبەز: بیری نەتەوەی کورد - نەبیری (قەومیەت)ی ڕۆژهەڵات، نەبیری (ناسیۆنالیزم)ی ڕۆژئاوایە، سوید، 1984.

16. حامید گەوهەری: کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دار ئاراس للنشر، هەولێر، 2004.

17. خالد دلێر: ستەم کردن لە حاجی قادر تاوانە، چاپخانەو ئۆفسێتی سەفوەت، سلێمانی، 1998.

18. خالد دلێر: چەند ووشەیەک بۆ مێژوو (کۆمەڵێک ووتار) چاپی یەکەم، سلێمانی، 2003.

19. دیڤید ماکداول: مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێڕانی: ئەبوبەکر خۆشناو، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، 2002.

20. دیڤید ماکداول: مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێڕانی: ئەبوبەکر خۆشناو، بەرگی دووەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، 2003.

21. مەلا ڕەئوف سەلیم ئاغا حوێزی: کوردستان و ئاینی ئیسلام، چاپی یەکەم، بەغداد، 1970.

22. ڕەفیق حیلمی: یاداشت، بەرگی یەکەم، چاپی مەعارف، بەغداد، 1956.

23. سەردار میران و کەریم شارەزا: دیوانی حاجی قادری کۆیی، پێداچونەوەی: مەسعود محەمەد، بەغداد، 1986.

24. سەعدوڵڵا شێخانی: کورتەیەک لە مێژووی هەندێک ناودارانی هۆزی شێخان، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، هەولێر، 2000.

25. سەلام ناوخۆش: هۆکارەکانی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقی عەرەبەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ژیان، کوردستان، 2000.

26. شاسوار هەرشەمی: مێژووی ئارامیەکان لە کوردستان، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 1999.

27. شێرزاد عبدالرحمن: دڵدار شیعرو هەڵوێست، وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەغداد، 1986.

28. د . کەمال مەزهەر ئەحمەد : چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد، ئامادەکردنی : عەبدولڵا زەنگەنە، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2001 .

29. ێالح محمدامین: کوردو عەجەم، مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران، چاپی یەکەم، بەغداد، 1992.

30. گاهر احمد حوێزی: مێژووی کۆیە، بەرگی یەکەم، چاپخانەی الوفاْ، بەغداد، 1962.

31. گاهر احمد حوێزی: مێژووی کۆیە، بەرگی دووەم، چاپخانەی نمیر، بەغداد، 1984.

32. د.عبدلرحمان قاسملو: چل ساڵ خەبات لە پێناو ئازادی (کورتەیەک لە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران)، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، بێ شوێنی چاپ، 1988.

33. عبد الخالق علاْ الدین: دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، مگبعە ێفاق عربیە، بغداد، 1985.

34. عبدالخالق علاْ الدین: مەلای گەورە زاناو ئەدیب و شاعیر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 1994.

35. عبد العزیز یاملکی: کوردستان و ڕاپەڕینەکانی کورد، وەرگێڕانی: شێرزاد کەریم، ئامادەکردنی: ێدیق ێالح، چاپی یەکەم، سلێمانی، 1999.

36. عبد الکریم المدرس: بنەماڵەی زانیاران، چاپخانەی شەفیق، بەغداد، 1984.

37. عەبدولقادر ێالح : شۆڕشی 14ی تەمموزی 1958 لە عێراق، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، 2005 .

38. د. عەبدولڵا عەلیاوەیی: کوردستان لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە تاجەنگی یەکەمی جیهانی، لێکۆڵینەوەیەکە لە بواری مێژوویی و سیاسی دا، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، 2004.

39. د.عەبدولڵا غەفور: فەرهەنگی جوگرافی کوردستان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2002.

40. د.عەزیز شەمزینی: جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان، وەرگێڕانی: فەرید ئەسەسەرد، چاپی سێیەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، 1998.

41. عەلائەدین سەجادی: مێژووی ڕاپەڕینی کورد، سەرپەرشتی لە چاپدانی: محەمەد حەمە باقی، چاپی دووەم، چاپخانەی ئێران، سەرفراز، 1375 هەتاوی.

42. عەلی سەیدو گورانی: لە عەمانەوە بۆ ئامێدی، وەرگێڕانی: تالیب بەرزنجی، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی، 2000.

43. عوسمان مستەفا خۆشناو: دیوانی مەرگ و لەدایک بوونەوەیەکی نوێ، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 1999.

44. عومەر حەمەدەمین نوردەینی: سیستەمی نوێ ی جیهان و دۆزی کورد، کوردستانی عێراق وەک نمونە، لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری و سیاسییە، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، 2003.

45. فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کوردمان، چاپی یەکەم، سلێمانی،2003.

46. فاتح ڕەسول: لەکاروانێکی دورودرێژدا (کورتەی خەبات و ئەزمونیپەنجا ساڵ)، چاپی یەکەم، ستۆکهۆلم، 1997.

47. د.فاچل حسین: کێشەی ویلایەتی موسڵ، وەرگێڕانی: محەمەد شاکەلی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خاک، سلێمانی، 1999.

48. فەرهاد عەونی: دیوانی عەونی، چاپی یەکەم، هەولێر، 1997.

49. کاکەمەم بۆتانی: کاکی کاکان، مرۆڤ و ڕوناکبیروشۆڕشگێر، خەباتی ساڵانی (1924 - 1961)، بەرگی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، 1998.

50. کامران مەنتک: کوردستان لەنێوان ململانێی نێو دەوڵەتان و ناوچەییدا، (1890 - 1932)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2000.

51. د.کاوس قەفتان: ووتاری مێژوویی، چاپخانەیئۆفسێتی سەرکەوتن، سلێمانی، 2001.

52. مەلا محەمەد عەلیاوەیی: ژیانی فەقێیاتی لە کوردستان دا لەسەدەی 13و14ی کۆچی دا، ئامادەکردن و ڕێکخستنی: د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2003.

53. کەریم شارەزا: کۆیەو شاعیرانی: چاپخانەی النجوم، بەغداد، 1961.

54. محەمەد ئەمین زەکی: خلاێەیەکی تاریخی کوردو کوردستان، بەرگی یەکەم و دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2000.

55. مەلا محەمەدی کۆیی: دیاری مەلا محەمەدی کۆیی، چاپی سێیەم، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، 1958.

56. م. رسول هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خواروی کوردستان، بەرگی یەکەم، لەندەن، 1990.

57. مەحمودی مەلا عززەت: بازنەکانی ململانێی ئاسایشی نەتەوەیی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی داناز، سلێمانی، 1998.

58. مەحمودی مەلا عززەت: جەمهوریەتی کوردستان، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسیە، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2003.

59. مەسعود محەمەد: حاجی قادری کۆیی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، 1972.

60. مەسعود محەمەد: حاجی قادری کۆیی، بەرگی سێیەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد،1976.

61. مەسعود محەمەد: حەماغای گەورە، مگبعە سومر، بەغداد، 1986.

62. مەسعود محەمەد: گەشتی ژیانم، چاپی یەکەم، ستۆکهۆلم، 1992.

63. میر بەسری: ناودارانی کورد، وەرگێڕانی: عبد الخالق علاْ الدین، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2002.

64. میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: حقائق و بەسەرهاتی شێخ مەحمود لە پەنای ئیستقلالی کوردا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، 2003.

65. نادر ئینتسار: ئیتنۆ نەتەوایەتی کوردی، وەرگێڕانی: عەتا قەرەداغی، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، 2004.

66. نەوشیروان مستەفا ئەمین: کوردستانی عێراق سەردەمی قەلەم و موراجەعات 1923 - 1931، چاپی یەکەم، ئۆفسێتی دەزگای سەردەم، سلێمانی، 1999.

67. د.وەلید حمدی: کوردو کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، وەرگێڕانی: محەمەد نوری تۆفیق، چاپی دووەم، چاپخانەو ئۆفسێتی هەواڵ، سلێمانی، 1999.

68. د.یاسین سەردەشتی: کوردستانی ئێران، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد 1939 - 1979، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2003.

دووەم / سەرچاوە عەرەبییەکان:

69. د.ابراهیم خلیل احمد: تگور التعلیم الوگنی فی العراق 1869 - 1932، گ1، البێرە، 1982.

70. ڕحمد دلزار: لمحات من تڕریخ الحزب الشیوعی العراقی، منشورات گریق الشعب، بدون مکان الگبع، 2002.

71. ڕحمد رفیق البرقاوی: العلاقات السیاسیە بین العراق و بریگانیا (1922-1932)، بغداد،1980.

72. د.ڕحمد سوسە: مفێل تڕریخ العرب والیهود فی التڕریخ، وزارە الپقافە و الاعلام، دار الرشید للنشر، بغداد، 1981.

73. د.إسماعیل شکر رسول: ڕربیل، دراسە تڕریخیە فی دورها الفکری و السیاسی (1939 - 1958)، گ1، مرکز شهاب للکومبیوتر و الگباعە، ڕربیل، 2003.

74. ڕ.م. منتشاشفیلی: العراق فی سنوات الڕنتداب البریگانی، ترجمە: د.هاشم ێالح التکریتی، مگبعە جامعە بغداد، بغداد، 1978.

75. اورخان محمد علی: السلگان عبد الحمید الپانی، مگبعە الخلود، العراق، 1987.

76. ڕی.ڕم.هاملتون: گریق فی کردستان، ترجمه: جرجیس فتح الله، مگبعه دار الجاحڤ، بغداد، 1973.

77. بلەچ شیرکو: القچیه الکردیه، مگبعه السعاده، مێر، 1930.

78. جلال الگالبانی: کردستان و الحرکه القومیه الکردیه، گ2، دار الگلیعه، بیروت، 1971.

79. جلال الگالبانی: حول القچیه الکردیه فی العراق، محاچره ڕلقیت یوم 1988/10/5، من معهد (ڕبیلا) بمدرید، دار ڕرارات للپقافه و النشر، 1996.

80. جلیلی جلیل وێخرون: الحرکه الکردیه فی العێر الحدیپ، ترجمه: عبد حاجی، مگبعه الرازی، بیروت، 1992.

81. جمال بابان: ڕێول المدن والمواقع العراقیه، ج1، مگبعه الاجیال، بغداد، 1989.

82. جورج روود: العراق القدیم، ترجمه: حسین علوان، وزاره الپقافه والاعلام، بغداد، 1984.

83. د.حامد محمود عیسی: المسڕله الکردیه فی الشرق الڕوسگ من بدایتها حتی سنه 1991، مگبعه ڕگلس، القاهره، 1992.

84. حبیب محمد کریم: تڕریخ الحزب الدیموقراگی الکردستانی العراق (1946 – 1993)، مگبعه خەبات، دهوک، 1998.

85. حسین حوزنی موکریانی: موجز تڕریخ ڕمراء سوران، ترجمه: محمد ملا عبدالکریم، بغداد، 1935.

86. حنا بگاگو: العراق، الکتاب الاول، الگبقات الڕجتماعیه والحرکات الپوریه من العهد العپمانی حتی قیام الجمهوریه، ترجمه: منیف الرزاز، بیروت، 1990.

87. د.خالد یونس خالد: الزعیم الوگنی الکردستانی جلال الگالبانی، قائد و فکر وعێر، منشورات مکتب الفکر والتوعیه فی الاتحاد الوگنی الکردستانی، بدون مکان النشر، 2005.

88. دبلیو .ێر . هی: سنتان فی کردستان (1918 – 1920)، ترجمه: فؤاد جمیل، الجزء الاول والپانی، گ1، مگبعه الجاحڤ، بغداد، 1972.

89. رسول الکرکوکلی: دوحه الوزراء فی تڕریخ بغداد الزوراء، ترجمه : موسی کاڤم نورس، بیروت، 1963، ێ253.

90. زبیر بلال اسماعیل: ڕربیل فی ڕدوارها التڕریخیه، مگبعه النعمان، النجف الاشرف، 1970.

91. زبیر بلال اسماعیل: تڕریخ ڕربیل، مگبعه الپقافه، ڕربیل، 1988.

92. ستیفن همسلی لونکریک: ڕربعه قرون من تڕریخ العراق الحدیپ، ترجمه: جعفر خیاگ، گ4، بغداد، 1968.

93. سروه اسعد ێابر: کوردستان من بدایه الحرب العالمیه الاولی الی نهایه مشکله الموێل (1914-1926)، دراسه تڕریخیه سیاسیه، مگبعه وزاره التربیه، مؤسسه موکریانی للگباعه والنشر، گ1، اربیل، 2001.

94. سی . جی ڕدموندز: کرد، ترک، عرب، ترجمه: جرجیس فتح الله، مگبعه التایمس، بغداد، 1971.

95. شاكر خێباك: العراق الشمالی، دراسه لنواحیه الگبیعیه و البشریه، گ1، بغداد، 1972.

96. شاكر خێباك: الكرد والمسڕله الكردیه، منشورات الپقافه الجدیده، بغداد، 1959.

97. د. شیركو فتح الله عمر: الحزب الدیموقراگی الكردستانی وحركه التحرر القومی الكوردیه فی العراق (1946 – 1975)، گ1، مگبعه رون، السلیمانیه، 2004.

98. ێادق احمد السودانی: النشاگ الێهیونی فی العراق، بغداد، 1986.

99. ێدیق الدملوجی: إماره بهدینان الكردیه ڕو إماره العمادیه، گ2، مگبعه وزاره التربیه، ڕربیل، 1999.

100. ێلاح الخرسان: ێفحات من تڕریخ الحركه الشیوعیه فی العراق، بیروت، 1993.

101. ێلاح الخرسان: التیارات السیاسیه فی كردستان العراق، 1946-2001، گ1، مؤسسه ڕربیلا، بیروت، 2001.

102. السید گاهر السید اسماعیل البرزنجی: بلده كویسنجق وتوابعها دینیاً و علمیاً (1920 – 1950)، بدون مكان النشر، بدون تڕریخ.

103. گه باقر و فؤاد سفر: المرشد الی مواگن الاپار و الحچاره، الرحله الرابعه، بغداد، 1965.

104. عارف العارف: سجل الخلود، ڕسماء الشهداء الڕین ڕستشهدوا فی معارك فلسگین (1947 – 1952)، چ6، منشورات المكتبه المێریه، ێیدا (بیروت)، 1958.

105. د. عامر سلیمان و ڕحمد مالك الغیان: محاچرات من تڕریخ القدیم، مدیریه مگبعه جامعه الموێل، الموێل، 1987.

106. عباس عزاوی: ڕربیل فی مختلف العێور، اللواء و المدینه، مراجعه: علی القرداغی، بغداد، 2001.

107. عباس عزاوی: تڕریخ العراق بین إحتلالین، چ2، بغداد، 1949.

108. عبدالرزاق الحسنی: العراق قدیماً وحدیپاً، گ1، لبنان (ێیدا)، 1958.

109. عبدالرزاق الحسنی: تڕریخ الوزارات العراقیه، الاجزاء الپالپه و الخامسه و السابعه و العاشره، الگبعه الرابعه، دار الكتب، بیروت، 1974.

110. عبدالرزاق الحسنی: تڕریخ العراق السیاسی الحدیپ، چ3، گ2، ێیدا (لبنان)، 1957.

111. عبدالستار گاهر شریف: الجمعیات و المنقمات و الاحزاب الكردیه فی نێف قرن (1908 – 1958)، گ1، توزیع شركه المعرفه للنشر والتوزیع المحدوده، بغداد، 1989.

112. عبدالعزیز سلیمان نوار: تڕریخ العراق الحدیپ، القاهره، 1968.

113. عبدالكریم محمد المدرس: علماؤنا فی خدمه العلم والدین، اعداد: محمد علی القرداغی، گ1، دار الحریه للگباعه، بغداد، 1983.

114. د.عپمان علی: دراسات فی الحركه الكردیه المعاێره، (1833– 1946)، تقدیم: الڕستاژ الدكتور محمد هماوندی، مگبعه الپقافه، ڕربیل، 2003.

115. د.عزيز الحاج: القچيه الكرديه فى العشرينات، بغداد، 1985.

116. عزيز حسن عزيز البارزانى: الحركه القوميه الكرديه التحريه فى كردستان العراق (1939 - 1945)، گ1، مگبعه وزاره التربيه، ڕربيل، 2002.

117. علاء عبدالامير الرهيمى: المعارچه البرلمانيه فى العراق فى عهد الملك فيڵل الاول، دراسه تحليليه، كليه الآداب، جامعه الكوفه، 1996.

118. علاء موسى كاڤم نورس: حكم الممالک فى العراق، بغداد، 1975.

119. د.على الوردى: لمحات إجتماعيه من تڕريخ العراق الحديپ (1914-1918)، ج4، بغداد، 1974.

120. على حيدر سليمان: تڕريخ المدنيه الاوربيه الحديپه، گ2، مگبعه دنكور الحديپ، بغداد، 1933.

121. غسان العگيه: العراق منشره الدوله (1908 - 1921)، ترجمه: عگا عبدالوهاب، لندن، 1988.

122. د.فؤاد حمه خورشيد: القچيه الكرديه فى المؤتمرات الدوليه، گ1، مگبعه وزاره الپقافه، مؤسسه موكريان للگباعه والنشر، ڕربيل، 2001.

123. فيليب ايرلند: العراق دراسه فى تگوره السياسى، ترجمه: جعفر خياگ، گ1، دار الكشاف للنشر، بيروت (لبنان)، 1949.

124. د . كاڤم حبيب : لمحات من نچال حركه التحرر الوگنى للشعب الكردى فى كردستان العراق، گ 2، مگبعه وزاره التربيه، اربيل، 2005.

125. د.كاوس قفگان: الانتفاچات البارزانيه، گ2، مگبعه وزاره التربيه، دار ێراس للگباعه والنشر، ڕربيل، 2003.

126. د.كاوس قفگان: الحركه القوميه التحرريه الكرديه فى كردستان العراق (1958 - 1964)، گ1، السليمانيه، 2004.

127. كلوديوس جيمس ريج: رحله ريج الى العراق عام 1820، ترجمه: بهاء الدين نورى، ج1، بغداد، 1951.

128. د.كمال مڤهراحمد: كركوك وتوابعها حكم التڕريخ و الچمير، دراسه وپائقيه عن القچيه الكرديه فى العراق، ج1، مگبعه رينوين، بدون مكان النشر، بدون تڕريخ.

129. د.كمال مڤهراحمد: كردستان فى سنوات الحرب العالميه الاولى، ترجمه: محمد ملا عبدالكريم، گبع دار ێفاق عربيه، بغداد، 1984.

130. د.كمال مڤهراحمد: دراسات فى تڕريخ ايران الحديپ والمعاێر، مگبعه ڕركان، بغداد، 1978.

131. محسن عبدالحميد: النورس الرائد الاسلامى الكبير، مگبعه الزهراء، بغداد، 1985.

132. محمد ڕمين زكى: تڕريخ الدول والامارات الكرديه، ترجمه: محمد على عونى، القاهره، 1945.

133. محمد امين زكى: مشاهير الكرد وكردستان فى العهد الاسلامى، راجعه و نقحه و ڕچاف إليه: الاستاڤ محمد على عونى، مگبعه السعاده، مێر، 1947.

134. محمد توفيق وردى: مدينه كويسنجق و المێلح الاجتماعى ابراهيم ێابر ولى، مگبعه الڕمه، بغداد، 1972.

135. محمد مقفر الڕدهمى: المجلس التڕسيسى العراقى، دراسه تڕريخيه سياسيه، مگبعه السعدون، بغداد، 1976.

136. محمد هادى الدفترى و عبدالله حسن: العراق الشمالى، چ1، مگبعه شفيق، بغداد، 1975.

137. د.متى عقراوى: العراق الحديپ، ترجمه : د. مجيد خدورى، چ1، گ1، مگبعه العهد، بغداد، 1963.

138. مسعود البارزانى: البارزانى والحركه التحرريه الكرديه، پوره بارزان (1945-1958)، كردستان، 1987.

139. م.س لازاريف: المسڕله الكرديه (1917 - 1923)، ترجمه: عبد حاجى، گ1، دار الرازى، بيروت، 1991.

140. د.مكرم جمال گالبانى: حزب هيوا، مركز خاك للنشر و الاعلام، السليمانيه، 2002.

141. منژر الموێلى: الحياه السياسيه و الحزبيه فى كوردستان، (رۆيه عربيه للقچيه الكرديه) لندن - قبرێ، 1973.

142. مجموعه من المۆرخين : العراق فى التڕريخ، دار الحريه للگباعه، بغداد، 1983 .

143. ميجرسون: رحله متنكر الى بلاد مابين النهرين و كردستان، ترجمه: فۆاد جميل، گ1، مگبعه الجمهوريه، بغداد، 1970.

144. هنرى فوستر: تكوين العراق الحديپ، ترجمه: عبدالمسيح جويده، چ1، گ1، مگبعه الشعب، بغداد، 1938.

سێ يەم / ياداشتەكان بە زمانى عەرەبى ( بڵاوكراونەتەوە) :

145. مختارات من مژكرات ێالح الحيدرى، گ2، مگبعه رنج، سليمانى، 2004.

146. مژكرات كامل الجادرجى و تڕريخ الحزب الوگنى الديموقراگى، دار الگليعه للگباعه و النشر، بيروت، 1970.

چوارەم / سەرچاوە ئینگلیزی یەکان :

147. borhanedin a. yassin: vision or reality؟ the kurd in the policy of great powers 1941 - 1947 lund university press ،sweden ،1995.

148. fuad tahir: abrief history of kurdistan ،kardistan ،2002.

149. w. eagleton: (j ،r) the kurd republic of 1946 ،oxford university press ، london ،1963.

پێنجەم / سەرچاوە ئەلیکترۆنیەکان:

/ ا- ئینتەرنێت

150. htt: ll www.google.com hakim nadim 5@mail.com8/5/2003.

ب- کەناڵە ئاسمانیەکان:

151. کوردسات: تێکستی کوردسات، شەمەە کاتژمێر 12.5، 2004/7/17.

شەشەم / تێزە زانکۆیییەکان (بڵاونەکراونەتەوە):

ا/ بەزمانی کوردی:

152. ابراهیم احمد شوانی: دیوانی مخلس (باغی لاوان)، بەراوردو لێکۆڵینەوە، بڕوانامەی ماستەر، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، 1989.

ب/ بەزمانی عەرەبی:

153. ڕزهار هاشم شیت: علاقە بلاد ێشور مع بلاد الاناچول خلال النێف الپانی والاول ق.م، رسالە ماجستیر، کلیە الاداب، جامعە الموێل، 1996.

154. جواد فقی علی الجوم حیدری: محمد عبدالله الجلی وجهوده العلمیە، رسالە ماجستیر، کلیە الاداب، جامعە بغداد،1990.

155. شیبان پابت الراوی: ێشور نائر بال الپانی، رسالە ماجستیر، کلیە الاداب، جامعە بغداد، 1986.

156. فائزە حسین عباس: التگور السیاسی والفکری للحرکە القومیە الکردیە فی ایران (1939 - 1979)، رسالە ماجستیر، کلیە العلوم السیاسیە، جامعە بغداد، 1955.

157. فاروق علی عمر: الێحافە الکردیە فی العراق، البدایات (1924 - 1939)، رسالە ماجستیر، کلیەالاداب، جامعە بغداد، 1999.

158. هاشم یاسین حمدامین الحداد: ڕگلس الموارد الگبیعیە لمحافڤە ڕربیل، دراسە جغرافیە کاربوغرافیە، رسالە ماجستیر، کلیە الاداب، جامعە ێلاح الدین، ڕربیل، 2000.

159. شکری محمود ندیم : احوال العراق من مرحلە المشروگیە الپانیە، رسالە دکتورا غیر منشورە مقدمە الی کلیە الاداب جامعە بغداد، 1985 .

حەوتەم / گۆڤارەکان :

ا / بەزمانی کوردی :

160. ئازاد عەبدولواحێد و مەحمود زامدار: چاوپێکەوتن لەگەڵ (کەریم شارەزا)ی نوسەرو لێکۆڵ، ڕامان (گۆڤار)، ژمارە (89)، هەولێر، ساڵی نۆیەم، 2004.

161. باوکی ئاسۆ: بیرەوەریەکانم، هەولێر (گۆڤار)، ژمارە (8)، ئەدیلاند (ئوستراليا)، ساڵی دەیەم، شوبات، 2000.

162. باوکی سەرهەنگ: دڵدار، ڕزگاری (گۆڤار)، ژمارە (14 - 15)، 1970.

163. حاجی محی الدین ئەسعەد: لاپەڕە گرینگ و باس نەکراوەکانی مێژووی کۆیە، ڕۆشنبیری نوێ (گۆڤار)، ژمارە (108)، 1985.

164. حسین ڕەشوان: حاجی قادری کۆیی مامۆستاو ڕابەری نەتەوەی کورد، کاروان (گۆڤار)، ژمارە (7)، 1983.

165. حوزنی موکریانی: شاری کۆیە لە ساڵی 1935 دا، ئامادەکردنی: د.کوردستان موکریانی، ڕۆشنبیری نوێ (گۆڤار)، ژمارە (124)، 1989.

166. دانا جەلیزادە: نەجیبە خانی جەلیزادە، کۆسار (گۆڤار)، ژمارە (2-3)، چاپخانەی زاموا، سلێمانی، 2002.

167. شوێنەوارناسێک: ئاگری پەرستگای زەردەشتی سپی لە قەڵای شیلە، هەزارمێرد (گۆڤار)، ژمارە (8)، ساڵی دووەم، 1999.

168. ێلاح شێخ شرف: کۆ لە ئاوێنەی مێژووی کوردەواریدا، کۆسار (گۆڤار)، ژمارە (2 - 3)، چاپخانەی زاموا، سلێمانی، 2002.

169. گاهراحمد حویزی: مێژووی کۆیە، هیوا (گۆڤار)، ژمارە (7)، کانونی دووەم 1958.

170. عەلائەدین سوجادی: مامۆستا مەلا محمدی کۆیی، گەلاوێژ (گۆڤار)، ژمارە (11)، ساڵی پێنجەم، بەغداد، 1942.

171. عەزیز مەلا ڕەش: فەقێیەتی لە دەشتی هەولێر، ڕۆشنبیری نوێ (گۆڤار)، ژمارە (110)، 1986.

172. عوسمان مام یەحیا: بەشێکی شاراوە لە مێژووی کۆیە، هەولێر (گۆڤار)، ژمارە (4)، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، 1999.

173. فازیل کەریم ئەحمەد و مامۆستا جەعفەر: حاجی قادری کۆیی پرۆسەی وێستەرنیزەیشن، نوڤین (گۆڤار)، ژمارە (2) مەکتەبی بیرو هۆشیاری، سلێمانی، 2004.

174. فیێل دباغ: چەند زانیاریەکی دەگمەن دەربارەی ویلایەتی موسڵ، هەولێر (گۆڤار)، ژمارە (4)، هەولێر، 1999.

175. کەریم شارەزا: کۆیەو کاروانی ئاوازو گۆرانی، ڕۆشنبیری نوێ (گۆڤار)، ژمارە (80)، مایس،1980

176. کەیوان ئازاد ئەنوەر: ڕۆلی کورد لە بزووتنەوەی ڕەشید عالی گەیلانیدا، هەزارمێرد (گۆڤار)، ژمارە (13)، سلێمانی، 2000.

177. گەلاوێژ (گۆڤار): خۆیبوون، ژمارە (1)، ساڵی حەوتەم، 1946.

178. مەجید ئاسنگەر: سەنگی ڕاپەڕین، هەتاو (گۆڤار)، ژمارە (166)، هەولێر، ساڵی شەشەم، دووشەممە 30 ی تشرینی دووەم 1959.

179. مەحمود زامدار: لە حوجرەو دیوەخانەوە بۆ ئینتەرنێت، رامان (گۆڤار)، ژمارە (88)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، 2004.

180. مەوجود سامان: دلزار لە دیمانەیەکی تایبەتیدا، هەرێم (گۆڤار)، ژمارە (307)، هەولێر، 2004.

181. هەتاو (گۆڤار): بەبۆنەی بیرەوەری یادی چواردە ساڵەی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، ژمارە (173)، هەولێر، ساڵی شەشەم، سێشەممە 15ی مارت1960.

ب/ بەزمانی عەرەبی :

182. كريم شارەزا: لمحه عن تڕريخ كويسنجق و ڕنحائها، زاگروس (مجله)، العددان (الڕول والپالپ)، ڕربيل، 1997.

183. كريم شارەزا: القچيه الكرديه وسياسه بريگانيا تجاهها فى النێف الاول من القرن العشرين، گولان العربى (مجله)، العدد (32)، السنه الپالپه، 25 كانون الپانى، 1999.

184. مغديد حاجى: ێفحات من حياه الملا محمد الكويى، القسم الاول، المجمع العلمى العراقى - الهيئه الكرديه - (مجله)، العدد (12)، بغداد، 1985.

هەشتەم / ڕۆژنامەکان بە (زمانی کوردی:

185. ئارام ێالح: لە یادی پەنجاو چوارەمین ساڵڕۆژی وەفاتی مەلای گەورەدا، ڕۆژنامەی (هامون)، ژمارە (4)، کۆیە، 1997.

186. ئیبراهیم پاڵانی: هاویندەهەواری چنارۆک، مێژووی دێرینی و داخوازیەکانی ئەمڕۆ، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ، ژمارە (2778) ساڵی یانزەهەم، دووشەممە، 2002/6/10.

187. جمیل عیسی کریم: مەربێن قەدیشە، (شێخ محەمەدی دێرێ) ی گوندی هەرمۆتە، ڕۆژنامەی (هامون)، ژمارە (17)، کۆیە، 1999.

188. جەواد حەمەد بەگ: کچە شانۆکار خەیریەیە عەبدولڕەحمان یەکەمین کچ بوو شانۆی پیرۆز کرد، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (2852)، سێ شەممە 2002/9/3.

189. دلشاد مام ڕەزا: ئاورێک لە مێژووی کۆیە، ڕۆژنامەی (هامون)، ژمارە (14)، کۆیە، 1998.

190. ڕەهبەر سەید برایم: گوڵە یەکەمەکانی کۆیە لە ناو گوڵدانی مێژوودا، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (2595)، یەک شەممە، ساڵیدەیەم، 2001/10/28.

191. ڕەهبەر سەید برایم: کۆیەو مەشخەڵانی سرود، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (2596)، ساڵی دەیەم، 29 /2001/10.

192. ڕەهبەر سەید برایم: کۆیایەتی و کوردایەتی، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (2680)، ساڵی دەیەم، دووشەممە 2001/11/12.

193. ڕەهبەر سەید برایم: سایەی هەیبە سوڵتان و ئاڵای کۆماری مەهاباد، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (2623)، ساڵیدەیەم 2001/11/19.

194. ڕەهبەر سەید برایم: خاچ و چلە زەیتونی دیانان لە کۆیەو هەرمۆتە، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (2649)، ساڵیدەیەم، 2002/1/3.

195. ڕەهبەر سەید برایم: هێشووەک لە ڕەزو گوڵستانی کۆیە، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (2668)، ساڵییانزەهەم 2002/1/27.

196. ڕەهبەر سەید برایم: سێ ئەستێرەی کەسک لە ئاسمانی هەیبە سوڵتان، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (2675)، ساڵی یانزەهەم 2002/2/4.

197. ڕەهبەر سەید برایم: تەق تەق بووکی مێژوو و خۆشی دەم زێ، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (2680)، یەک شەممە ساڵی یانزەهەم 2002/2/10.

198. ڕەهبەر سەید برایم: پریشکی ئاگری ئەنفال لە کۆیە، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (2689)، ساڵی یانزەهەم، 2002/2/20.

199. ژین (ڕۆژنامە): ڕۆژنامەی الپورە داوای توانەوەی کورد ئەکا، ژمارە (1596)، سلێمانی، ساڵی سی وشەشەمین، 1961.

200. د.س.ع. شەمزینی: کاریگەری شۆڕشی ئوکتۆبەر، ڕۆژنامەی (خەبات)، ژمارە (97)، 13ی تشرینی دووەم 1959.

201. ێالح کلێسەیی: لە ئەرشیفی دادگاوە، ڕۆژنامەی (هامون)، ژمارە (3)، کۆیە، 1997.

202. ێالح کلێسەیی: لە ئەرشیفی دادگاوە، ڕۆژنامەی (هامون)، ژمارە (7)، کۆیە، 1998.

203. عەبدولمەجید شێخ نوری جەلیزادە: ئاوڕێک لێرەوە، ئامادەکردنی: حاجی ڕێمان، ڕۆژنامەی (هامون)، ژمارە (4)، کۆیە، 1997.

204. کوردستانی نوێ: مام جلال مێژووخەبات، ژمارە (3639)، ساڵی چواردەم، پێنج شەممە، 2005/4/7.

205. کەمال نوری معروف: شوێنەواری کۆیە، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (3250)، سلێمانی، ساڵی دوانزەهەم، 2003.

206. مام هەژار: ئاینی جولەکە، ڕۆژنامەی (هامون)، ژمارە (36)، کۆیە، 2001.

207. مام هەژار: ئەوکاتەی چایخانە بەشێک لە مێژووی شار دەنووسێتەوە، ڕۆژنامەی (هامون)، ژمارە (40)، کۆیە، ساڵی چوارەم، 2002.

208. محەمەد حاجی عەلی: دوو شاری مێژوویی، ڕۆژنامەی (هامون)، ژمارە (2)، کۆیە، 1997.

209. هەژار: تیشکێک بۆ سەر کۆیەو تیپی مۆسیقای باواجی، ڕۆژنامەی (هامون)، ژمارە (20)، کۆیە، کانونی دووەم، 2000.

210. هەژیری: مامۆستا سەردار ئەحمەد، ڕۆژنامەی (هامون)، ژمارە (1)، 21ی ئابی 1997.

211. ووردی: قەڵای ئاوەگرد، ڕۆژنامەی (ژین)، ژمارە (1588)، سلێمانی، ساڵی سی و شەشەم، 1961.

نۆیەم / دەستنوس:

212. کەریم زەند: جوگرافیای کوردستان، 1958، دەستنوس.

دەیەم / چاوپێکەوتنەکان :

213. چاوپێکەوتنی تویژەر لەگەڵ ئاراس عەبدولخالق عەبدولحەمید لە 2004/11/15 لەکۆیە.

214. چاوپێکەوتنی تویژەر لەگەڵ ئازاد عەلی تۆفیق لە 2 /4 / 2004 لە کۆیە .

215. چاوپێکەوتنی تویژەر لەگەڵ ئاکۆ ڕەفیق فەرەج لە 2005/3/3 لە کۆیە.

216. چاوپێکەوتنی تویژەر لەگەڵ ئەحمەد خدر ئەحمەد لە 2005/1/21 لە هەولێر.

217. چاوپێکەوتنی تویژەر لەگەڵ ئەحمەد مستەفا محەمەد (ئەحمەد دلزار) لە 2004/8/12 لە هەولێر.

218. چاوپێکەوتنی تویژەر لەگەڵ پێشڕەوی سید برایمی (حاکم پێشڕەو) لە 2004/8/20 لە کۆیە.

219. چاوپێکەوتنی تویژەر لەگەڵ تۆفیق فەرەج سەعید لە 2005/3/3 لە کۆیە.

220. چاوپێکەوتنی تویژەر لەگەڵ جەلال سەعید عەبدوڵڵا (جەلال جۆبار) لە 2004/11/17 لە کۆیە.

221. چاوپێکەوتنی تویژەر لەگەڵ جەلیل گادانی لە 2005/3/2 لە کۆیە.

222. چاوپێکەوتنی تویژەر لەگەڵ جەنگی بورهان نوری (شێخ جەنگی تالەبانی) لە 2004/11/18 لە کۆیە.

223. چاوپێکەوتنی تویژەر لەگەڵ جەواد حەمەد بەگ لە 2004/8/15 لە کۆیە.

224. چاوپێکەوتنی تویژەر لەگەڵ خەدیجە مستەفا محەمەد (خوشکە فریشتە) لە 2004/8/12 لە هەولێر.

225. چاوپێکەوتنی تویژەر لەگەڵ دڵشاد عەلی تۆفیق ( مەلا دڵشاد ) لە 2/ 4 / 2005 لە کۆیە .

226. چاوپێکەوتنی تویژەر لەگەڵ ڕافدە عەبدوڵڵا عەبدولسەمەد (پسپۆڕی مێژووی کۆن و شوێنەوار) لە2005/3/3 لە سلێمانی.

227. چاوپێکەوتنی تویژەر لەگەڵ ێلاح شێخ شەرەف لە 2004/11/17 لە کۆیە.

228. چاوپێکەوتنی تویژەر لەگەڵ عەبدولڵا عیزولڵا نوری (کاکە سور تالەبانی) لە 2004/3/16 لە کۆیە.

229. چاوپێکەوتنی تویژەر لەگەڵ عەبدولڵا فەتاح عەبدولڵا لە 2004/9/29 لە کۆیە.

230. چاوپێکەوتنی تویژەر لەگەڵ عەبدولخالق محەمەد عەلی لە 2004/8/30 لە کۆیە.

231. چاوپێکەوتنی تویژەر لەگەڵ عەبدولڵای حەسەن زادە لە 2005/3/2 لە کۆیە.

232. چاوپێکەوتنی تویژەر لەگەڵ عەبدولسەمەد محێدین حەمەد لە 2004/11/19 لە کۆیە.

233. چاوپێکەوتنی تویژەر لەگەڵ عەلی مەعروف محەمەد لە 2004/8/18 لە کۆیە.

234. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ فەرەیدون محەمەد مستەفا لە 2004/8/26 لە کۆیە.

235. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ فەیسەل گلوب جاسم لە 2004/8/12 لە تەق تەق.

236. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ د.کاوس قەفتان لە 2005/3/1 لە سلێمانی.

237. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ د.کەمال عەلی محەمەد لە 2005/3/3 لە سلێمانی.

238. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ کەریم مستەفا محەمەد (کەریم شارەزا) لە 2004/8/12 لە هەولێر.

239. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ محسن عەزیز عەبدوڵڵا (محسن ئاغا) لە 2004/11/17 لە کۆیە.

240. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ معتێم عەبدولمەجید موفتی لە 2004/11/19 لە کۆیە.

241. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ مەجید ئەحمەد ئەمین (مەجید ئاسنگەر) لە 2004/8/14 لە هەولێر.

242. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ مەولود حسین مەولود (مەولود ژاکاو) لە 2004/8/25 لە کۆیە.

243. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ مەلا قادر باپیر عەبدوڵڵا (مەلا قادر دەربەندی) لە 2004/11/15 لە کۆیە.

244. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ نەوزاد کاکەڕەش سەعدون لە 2005/3/20 لە تەق تەق.

245. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ نورەدین سابیر مراد لە 2 / 4 / 2005 لە کۆیە .

246. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ هیمداد مەجید عەلی (حاکم هیمداد) لە 2004/12/8 لە کۆیە.

یانزەهەم / بەڵگەنامەکان :

ا/ بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکان بە (زمانی عەرەبی) :

247. ملفات وزاره الداخليه، وزاره الداخليه، رقم الاچباره: 110/41، العنوان: الجمعيات و النوادى، الموچوع: حزب رزكارى كورد، 1946.

248. ملفات وزاره الداخليه، وزاره الداخليه، رقم الاچباره: بلا، عنوان الملف: حركات الشمال، 1950- 1959.

249. ملفات وزاره الداخليه، وزاره الداخليه، رقم الاچباره: 26/41، العنوان: الجمعيات و النوادى، الموچوع: حزب البارتى الديمقراگى الكردى، 1958.

250. ب/ بەڵگەنامە بڵاوکراوەکان بە (زمانی عەرەبی) :

251. (( الجمهوريه العراقيه. وزاره الداخليه، مديريه النفوس العامه، المجموعه الاحێائيه لتسجيل عام 1957)) لوائى الموێل و ڕربيل، مگبعه الارشاد، بغداد، بدون تڕريخ.

252. الحكومه العراقيه. محاچر مجلس النواب (الخامس عشر و العشرين و الخامس و العشرين) لسنه 1953، الدوره الاتخابيه الپالپه عشر، مگبعه الحكومه، بغداد، 1953.

253. موسوعه سريه خاێه بالحزب الشيوعی العراقی، الجدول العاشر، مگبوعات الحكومه العراقيه، بغداد، 1949.

254. مديريه المساحه العسكريه، (1438 - n j - )خارگه گوبوغرافيه محافڤه ڕربيل، بغداد، 1979، بمقياس (1: 250.000).

255. عێبه الڕمم، مسڕله الحدود بين تركيا والعراق، بغداد، 1967.</span>